بزاڤ 12

ساڵێك بوو كورد ئازاد نەژیا

(عولـــــه)

(ع. م. أ)

چاپی دووەم

هەولێر ـــــ 2000

وێنەی نووسەر

پەیڤێک

کتێبی (ساڵێك بوو کورد ئازاد ئەژیا)ی نووسەر (عولە) کە بە پیتەکانی (ع. م. ا) بەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە، بە یەکێك لەو کتێبە دانسقەو دەگمەنانە دەدژمێردرێت کە راستگۆیانەو دوور لە شێواندنی رووداوە مێژوویی‌یەکان سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە هەموو رووداوە گەرمەکانی و بە بەشداری کاریگەرانەی جەنەراڵ (مستەفا بارزانی نەمر)و هەڤاڵانی و پاشان شەڕە گرنگەکانی بارزانی‌یە قارەمانەکان دەگێڕێتەوە.

نووسەری کتێب کە شاهید عەیانێکی زیندووی ئەو سەردەمەو رووداوەکان بووە، هەر لە (دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان) تا (گەلی گادەر و ژیانی بارزانی‌یەکان) بە ووردی باسیان دەکات....باس کردنی (بیرەوەری و یاداشت، نووسینی مێژوو)ن، بۆ ئەمڕۆش بابەتێکی مێژوویی‌یە لەچاو هەندێك لەو کتێبانەی کە لافی نووسین و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییانە لێ دەدەن،

بە بایەخترو دەوڵەمەندترەبە تایبەتیش ئەوانەی دەربارەی ئەو سەردەمەو بە نەفەسی چەواشەیی و شێواندنی (ڕۆڵی قارەمانانەی بارزانی نەمرو بارزانی یەکان) لە بەرگری کردن و پشتگیری کردنی (کۆماری میللی کوردستان) نووسراونەتەوە ئەم کتێبە ئەوانی چەواشە وەلاوە دەنێ و خۆشی شوێنی شیاوو مەعقولی خۆی لە نێو کتێبخانەکان و لە نێو باسی توێژەرو لێکۆڵەرەوانی مێژوو دەکاتەوە.

خوێنەری بەڕێز: ناسینی نووسەری بەڕێزی کتێبەکە دوای ئەو نووسینە هات کە لە ژمارە (248)ی گۆڤاری (هەرێم)دا بڵاوم کردبووەوە، بە هۆی بەڕێز (شێخ محەمەد شێخ عەلی سەرکان)یەوە بوو وەك دەڵێن من لە ئاسمانان لە دوای دەگەڕام، کەچی ئێوارەیەك لە ئێواران لە بارەگای بزاڤ بە دیداری گەیشتم...کاك (عولە-ع.م.ا) وێرای تەمەن. مرۆڤێکی وریاو ئەزموندارە، جگە لەم کتێبەش چەند بەرهەمو چاپکراوی دیکەشی هەیە، ئەم کتێبەشی بە ڕەزامەندی و ئاگاداری و ڕۆژانەش بە پێداچوونەوەی خۆی بە چاپ گەیانراوەتەوە،

بە هیوایین کتێبی (ساڵێك بوو کورد ئازاد ئەژیا) کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردیمان بگرێت و (بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخوان)یش توانیبێتی خزمەتێکی بچووکی ڕۆشنبیری کوردیمان بکات...

محەمەد خدر مەولوود

هەولێر: 2000/6/10

بسم الله الرحمن الرحيم

ئاوڕدانەوەیەك لە رابردووی نزیك

لە دوای بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەو وولاتانەی نەتەوەی کوردی تیا ئەژیا بە توندی بەسترابوونەوە بە ئینگلیزو فەڕانسەوە کە بەرەی زاڵ بوون لە جەنگدا ئینگلیزەکان لە فەڕانسەییەکان دەست ڕۆیشتووتر بوون پیاوانی کاربەدەستو دەوڵەتی لە ئێرانو عێراقدا بەزۆری نۆکەرو پەروەردەی بەردەستی ئینگلیزەکان بوون، شای ئێران (رەزا شا) بە کودەتایەکی سەربازیو بە پشتیوانی ئینگلیزەکان تووانیبووی دەستەلات لە قاجارییەکانی بەر لە خۆی، زەوت کاو خۆی داسەپێنێ بەسەر ئێراندا، پاشان لە رۆژی 1925/12/12 زاییندا لە پەرلەمانی ئێرانیدا بە شای ئێران هەلبژێردرا و تاجی شاهانەی کرایە سەر هەر ئینگلیزەکان بۆ عێراقیش (فەیسەل) کە فەڕانسەییەکان لە سوریە لە مەلیکایەتیان خستبوو، بە مەلیك بەسەر خەڵکی عێراقدا ساغیان کردەوە.

دوای ئەوەی شۆڕشی سالی 1930ی زایینی لە عێراق لە ئینگلیزی گەیاند کە ناتووانن راستەوخۆ، خۆیان وولاتی عێراق بەرن بەڕێوە، هاتن (فەیسەلیان) بەناوی (فەیسەل

سالێك بوو کورد..

یەکەم)ەوە کرد بە مەلیکی عێراق، ئەو (فەیسەل)ەی کوڕی شەریفی مەککە بوو لەگەڵ ئینگلیز ڕێک کەوتبوو بە پشتیوانی ئەوان پەلاماری سوپای عوسمانییەکانیان دابوو، ئیتر بەو جۆرە عێراق لە لایەن نۆکەرانی وەک (نووری سەعید)ەوە بۆ بەرژەوەندی ئینگلیز لەکاردا بوون.

لە ساڵی 1932 زایینی حزبی نازی بە ڕابەری هیتلەر لە ئەڵمانیادا هاتە سەر کارو خۆیان بەسەر گەلی ئەڵماندا داسەپاند، پاشانیش کەوتنە پەلهاویشتن بە ئەوروپادا.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بە تایبەتی لە عێراق وئێران و تورکیادا وورده وورده دۆست و لایەنگر بۆ بیروباوەڕی نازیەتی وەک نەخۆشی پەتایەک تەشەنەی کرد کەوا زۆر خەڵکیان فریو ئەدا گەلێک چالاکی سیاسی و سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویدا، لە آی مانگی مایسی ساڵی1941ی زاییندا کودەتایەکی سەربازی وەک بەرپوو بە رووی دەستەڵاتی ئینگلیزدا تەقیەوە، نازیەکانی ئەو سەردەمەی عێراق دەولەتێکیان بە سەرۆکایەتی (رەشید عالی گەیلانی)پێکەوە نا کە سەرۆک وەزیرانی ئەو وەزارەتە بوو کە دامەزرابوو، شەریف شەرەف لە جیاتی مەلیک (فەیسەل دووهەم) کرابووە (وەصی) تاکو (فەیسەلی دووهەم) گەورە دەبێ، بەڵام ئەو نازیانە هەر زۆر زوو وەک بەفرەکەی بەهار تاوانەوە و ئاشبەتاڵیان لێ کرەوو بەرەو ئێران و تورکیا هاڵهاتن، جارێکی تر عێراق گەڕایەوە باوەشی ئینگلیزەکانەوە.

دەوڵـەتی تورکیـاش کـە سـەریان لـە نازیەتیئـەخورا، لـە ئـەنجامی جـەنگی دووهـەمی جیـهانی دڵنیـا نـەبوون، بۆیـە تـاکو نزیـك برانـەوەی بـەنگ، وەك بێلایـەن خۆیـان ئـەنواند.

دەوڵـەتی ((رەزا شـا))ش لـە ئـێران پـەیوەندی خـۆی لەگـەڵ ئـەلمانیای هیتلـەریدا بـەهێز کردبـوو، چـەك و کەرەسـەی جـەنگی لـە ئەڵمانـەکان ئـەکڕیو تـەواوێك لـە ئـەلمانیا نزیـك بـوو بـووەوە، بۆیـە ئینگلیزەکـان و شـورەوی ((کـە بـەرەی سـوێنخواران بـوون لـە دژی ئـازیتی و فاشسـتیێتی، لـە رۆژی 1941/8/25ی زایینـیدا بـە سـوپاوە رژانـە خـاکی ئێرانـەوەو سەرانسـەری ئێرانیـان داگـیر کـرد، ((رەزا شـا))لـە رۆژی 25ی ئـابی 1941ی زایینـدا دەسـتی لـەکار کێشـایەوە پاشـان بـە گورجـی لـە ئـێران دوور خرابـووە.

ئـێران لـە رۆژی 1942/9/9ی زایینـدا بانگـەوازی جـەنگی لـە دژ ئـەڵمانیای هیتلـەری دەرکـرد

بـەو جـۆرە سـەرووی ئـێران، واتـە کوردسـتانی، ژووروی ئـێرانو ئازربایجـانی ئـێرانی کەوتنـە ژێـر دەسـتەڵاتی سـوپای سـووری شـورەویەوە.

شـورەوی، لـە رووی شـارەزاییەوە، کەوتنـە چاپۆشـی لـە خـەڵکی و تـاکو رادەیـەك هـاندانیش بـۆ ئـەوەی ئەگـەر جموجۆڵێـك هـەبێ لـەناو خـەڵکی کـوردو ئـازەریدا بکەونـە خۆبـان بـێ ئـەوەی وەك جـاری جـاران کەسـێك دەسـتیان بـۆ بـەرێ و راوەدوویـان بنـێ لـە سـاڵی 1942ی زایینـدا کۆمەڵـەی ((ژ.ك))کەوتـە خـۆیو گورجوگۆلایـەکی زۆریـان نوانـد لـەناو کوردانـی ئـێرانو عـێراقدا

بیرەباوەڕی کوردایەتیان لەناو خەڵك بڵاو دەکردەوە، لە ساڵی 1945ی زاییندا حزبی دیموکراتی کوردستان کەوتە جموجۆڵی سیاسییەوە کە پاشان لە ڕۆژی 1946/1/22 زایینیدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردا کۆماری میللی کوردستان دامەزراو ((قازی محەمەد)) کرا بە پێشەواو سەرەك کۆماری ئەو دەوڵەتە کوردییەو مەهاباد کرا بە پایتەختەو ئاڵای کورد هەڵکرا، دوای کەمتر لە ساڵێك لە ڕۆژی 1946/12/12ی زایینیدا ئەو کۆمارە ساوایە بەبێ بەرگری لە خۆی ڕوخا.

لە ڕۆژی 1942/12/1زایینیدا (ڕوزەفەڵت)سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی ئەمریکا ، ستالین ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی شوورەوی، چەرچڵ سەرەك وەزیرانی ئەو کاتەی ئینگلیز (ئەوانە بەرەیەك بوون لە دژی نازیێتیو فاشستییێتی) بە سێ قۆڵی لە تاران کۆ بوونەوە، بڕیاریاندا سەروەری (سیادە)و سەربەخۆیی تەواوی خاکی ئێران بپارێزن. ڕۆژی 1945/3/3 زایینیان دانا کە ئەبێ لەو ڕۆژەدا سوپای خۆیان کە داگیرکەرانی ئێران بوون لە ئێران دەرچن سوپای سووری شورەوی لە ڕۆژی 1941/5/9 لە خاکی ئێران چووە دەرەوە ئیتر پاراستی کۆماری میللی کوردستانو مانەوەی کەوتە ئەستۆی نەتەوەی کورد خۆی.

لەو سەردەمەدا وەزارەتی ئێران بە سەرۆکایەتی (قەوام ئەلسەڵتەنە)دامەزرابوو کە نۆکەرێکی ئەڵقە لەگوێی ئینگلیزەکان بوو، پەروەردەی بەردەستی ئەوان بوو، ئەویش هات لەسەر شێوەی حزبی دیموکراتی کوردستان و فرقەی

دیموکراتی ئازربایجان، حزبێکی دروست کرد، ناویشی لێ نا (حزبی دیموکراتی ئێران) بە بڵاو کردنەوە بڵاوی کردەوەو جاڕی دا کە نیازی وایە سەرانسەری ئێران بە شێوەیەکی دیموکراتیانە بەڕێت بەڕێوە و پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ وولاتی شورەوی کە دراوسێی ئێرانە ببەستێ و ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی سەرووی ئێران بدات بە شورەوی بۆ دەرهێنانی نەوت و ئەو نەوتەش بۆ سوودی شورەوی و ئێران بخرێتە کار بەرەیەکی سیاسیشی لەتەک حزبی تودەی ئێراندا کردەوە، و چوو بۆ سەردان لە (ستالین) لە شورەوی و بە گەرمی پەیماننامەیەکی لەگەڵ شورەوی مۆر کرد،بە گوێرەی ئەو پەیمانە مافی دەرهێنانی نەوتی ژووروی ئێران درا بوو بە دەوڵەتی شورەوی، ئیتر بەو جۆرە رێگای لە رەگوڕیشە بەدەر هێنانی دامو دەزگای ئەو جووتە کۆمارە واتە کۆماری میللی کوردستان و کۆماری دیموکراتی ئازربایجانی ساز کرد، ئەو جووتە کۆمارە ساوایەی کە لە چاو دەوڵەتی ئەوسای ئێران دا کە بە گەرمی ئینگلیز و ئەمەریکا پشتیوانیان لێ دەکرد، لە رووی توانای چەک و کەرەسەی جەنگیەوە ئێران خاوەنی تانک و تۆپ و فڕۆکە بوو، چەک و کەرەسەی جەنگی ئەو دوو کۆمارە لە بەراورد کردندا بە چەک و جبەخانەی ئێران ئەوەلەوە ئەچوو کوردو ئازەری بە بەردەقانی (قۆچەقانێ)و دارلاستیک شەڕ ئەکەن.

(قەوام ئەلسەڵتەنە)کە وەکو رێویەکی فێڵبازو بە بیانۆی دروستکردنی پەرلەمانەوە بۆ سەلماندنی پەیماننامەی نێوان

خۆیو شورەوی لە ژێر پەردەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەو پەرلەمانەدا سوپای ئێرانی خستە کار، بۆ داگیر کردنەوەی خاکی کوردستانو ئازربایجان. لە ژێر بیانوی ئەوەی ئەبێ هەلبژاردن لە سەرانسەری ئێراندا دەست پێ بکا، هەلبژاردنێك کە چارەنووسی گەلانی ئێراندابێن ئەکا لەو پەرلەمانەداکە لە لایەن هەموو ئێرانیەکەوە ئەبێ بەبێ جیاوازی، دەوڵەتی تاران کەوتە هەڕەشە لەوانەی ڕێگە بە سوپای ئێران ئەگرن کە مەبەستی لە کوردو ئازەری بوو تاکو ئەو دوو نەتەوەیە ئەوێرن ببنە کۆسپو بەرهەلستی لە رووی سوپای ئێراندا، سوپای ئێرانو دەولەتی ئازربایجانی ئێران، لە (ئەفلان کۆ) بە رووی یەکتردا تەقینەوە، سوپای ئازربایجان خۆی نەگرتوو هەر ئەو شەڕە بوو بووە هۆی روخانو هەرەسهێنانی کۆماری ئازربایجان. رۆژێك دوای رووخانی ئازربایجان، لە رۆژی 1946/12/12ی زایینیدا کۆماری میللی کوردستانیش روخا، تۆڵەی بەرەو دوایان لەکوردو ئازەری کردەوە، دەوڵەتی شورەویش زەقەی چاوی ئەهات، مەگەر بە تسە بۆڵە بۆڵێکیان لێ هاتبێ ئەگینا هیچ!

پاشانیش لە رۆژی 1947/10/23ی زایینیدا پەرلەمانی ئێرانی ئەو رێکەوتننامەیەی نێوان (قەوام ئالسەڵتەنە)و شورەوی یان سووكو ئاسان هەڵوەشاندەوەو نوێنەرانی ئێرانی رازی نەبوون نەوتی خۆیان بدەن بە شورەوی ئەو جۆرە ریسەکە بوەوە خوری سەر لە نوێ سەرانسەری ئێران گەڕایەوە باوەشی

ئینگلیز، ئەمجارە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ئەمریکاش لە خەڵکی قوت بوونەوە، و داوای پشکی خۆیان ئەکرد لە تالآن کردنی ئێراندا دەوڵەتی شاهنشاهیش کرایە پاسەوانی بەرژەوەندی ئەم دوو دەوڵەتە ئیستعماریە نۆکەرانی ئینگلیز لە پەرلەمانی ئێرانیدا بە دەم بادانو رنگەنەدان بە شورەوی مافی هەبێ لە دەرهێنانی نەوتی ئێراندا بوو بوونە دڵسۆزترینو نیشتمان پەروەرترین کەسانێك لە لای خەڵکی ئێران، قوام السەلتەنە، کە گەورەترین خزمەتێکی بە ئینگلیزو ئەمەریکا کرد، ئەویش لە وەزارەت داوای لێبوردنی کرد، و خۆی خستە لاوە. ئێران سەر لەنوێ کرایەوە بە بەندیخانەیەکی گەورە بۆ چەوساندنەوەی گەلانی بێبەش لە هەموو مافێکی مرۆڤایەتی.

هەر لەو سەردەمەدا کە تازە کورد ببووە خاوەنی خۆیو لە ژێر ئالآی شەکاوەی خۆیدا ژیانی بەسەر ئەبرد((من)) نووسەری ئەم یاداشتە لە تەك دوو هەڤاڵی کوردی گەرمێن بیروباوەری کوردایەتی پاڵی پێوە نابووین روو بکەینە مەهاباد، قیبلەی هیواو ئاواتی کوردو پایتەختی کۆماری میللی کوردستان بۆ ئەوەی ئەرکێ کە هەستمان پێ کردبوو ئەنجامی بدەین، ئێستاش بە ئەرکی خۆمی ئەزانم کە بیرەوەریەکانم ئەوەی لە نزیکەوە بەچاوی خۆم دیومە یان بەشداریم تیا کردووە، بە نووسین بیانخەمە بەرچاوی هاوزمانانی کوردم، ئەو کوردەی کە تاکو ئێستاش هەر گرفتاری دەستی چەپەڵ ئەو داگیرکەرانەیە کە هەر وەك ئەو سەردەمە کوردستانی

خۆشەویستمان هەر پارچەو داگیرکراوەو کوردی لایەک بە دزیەوە نەبێ ناتوانا روو لە لایەکی تری وڵاتە داگیرکراوەکەی بکا، هەیشە کورد کەوتۆتە بەر شاڵاوی لەناوبردن و قڕ کردن لە هەموو لایەکەوە راوەدومان ئەنێن، تا وای لێهاتووە ئەتوولنێن لە کوردستاندا بحەوێینەوە، ئەوەتا بە هەزاران ئاوارە و دەربەدەری وڵاتان کراوین، کەچی هەتا ئێستاش هیچمان بە هیچ نەکردووە، دوژمنانی داگیرکەریش هەر لە یەکترمان تیژ دەکەن، تاکو ئەوەی بە خۆیان نەکراوەو ناکرێ، خۆمان بە خۆمانی بکەین.

دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان

رۆژی 1946/1/22ی زایینی رۆژێکی گرنگی مێژوویییە لە مێژووی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد دا، ئەو رۆژە پیرۆزەیە کە گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژوودا توانیویەتی کۆمارێک بەناوی کۆماری میللی کوردستان لەسەر بەشێك لە خاکی خۆی لە کوردستانی ژووروی ئێراندا، دامەزرێنێ ئەو رووداوە گرنگە لەو سەردەمەدا هەموو کوردەواری هێنابووە هەژان، شاری سابلاغ (مەهاباد) کرا بە پایتەختی ئەو کۆمارە ساوایە، بۆیە مەهاباد ببووە قیبلەگای هەست و ئاواتی دێرینەی هەزاران هەزار کوردی دڵسۆز و خوێن گەرم، لەو سەردەمەداو لە هەموو بەشەکانی تری کوردستانی داگیرکراودا.

دوای نیوەڕۆی رۆژێکی بەهاری ساڵی 1946ی زایینی بوو من، نووسەری ئەم یرەوەریانە ((عولە))لەتەك دوو رۆڵەی تری کوردی گەرمێندا رووما‌ن کردبووە شاری مەهاباد، پایتەختی کۆماری میللی کوردستان ئەو دووانە یەکێکیان بەناوی (حەمە) ئەوەکەی تریان بەناوی ((عەبە))دوا نیوەڕۆی ئەو رۆژە خۆشە بەهاریە تازە لە پردی سوورنەپەڕینەوە، ئەرو

دەشتی قەراغ شاری مەهاباد کە وەك فەرشێکی رەنگینی دەستی سروشت رازانبویەوە، پڕ بوو لە خەڵك بۆ سەیران‌و گەڕان دەستە دەستە و پۆلْ پۆلْ رژابوونە ئەو ناوە ئەوە خەریکی شایی‌و سەیران‌و پیاسە کردن بوون، کەمێك دوور لە ئێمە چوار لاوی کورد بە دووربین روویان لە ئێمە کردبوو، کە بە کاودخۆ ملی رێگامان گرتووە بەرەو مەهاباد، هەر جارەی یەکێکیان دووربینەکەی ئەنووسبان بە چاویەوەو سەرنجی لای ئێمەی ئەدا، وەك هەستیان کردبێ کە ئێمە کەسانێکی تازەین روومان کردۆتە مەهاباد بۆیە بە پەلە بوون کە لێیان نزیك ببینەوە، ئەوانیش هێدی هێدی کەوتنە خۆیان بەرەو لای ئێمە بە دامێنی رێگەکەدا شۆڕ بوونەوە، کە بە تەواوی گەیشتینە یەك زۆر بە گەرمی پێشەوازیان لێ کردین، یەکێکیان کە ناوی دانش بوو لەوەو پێش یەکترمان ئەناسی بەوەی خەڵکی یەك گەڕەك بووین لە سلێمانی دەستی کردە گەردەنم و تێر تێر یەکتریمان ماچ کرد، بەڵام ئەوانی ترمان نەئەبوو ئەگەر چی پاشان لەگەڵ ئەوانیشدا بوینە دۆست‌و ئاشنا.

کاك (دانش) یارمەتی لەوان خواست تاکو لەگەڵماندا بێت‌و خۆی بکاتە چاوساغی ئێمە لە رێگە بە منی ووت: ((ئەگەر لێیان پرسیت کێ ئەناسی، ناوی من بێنە)) دوو نامەمان پێ بوو یەکێکیان بۆ (حاجی بابە شێخ) سەرۆك وەزیرانی حکومەتی میللی کوردستان. نامەکەی تریان بۆ سەرۆکی شارەوانی شاری مەهاباد، نامەکان هیچ گرنگیەکی

سیاسـیان نـەبوو تـەنیا ناسـیاوانی ئـەو دووانـە دابوویانـە دەستمان بـە (کـاك دانـش)م ووت: کـە ئەمانـەوێت ئـەو دوو نامەیـە بدەیـن بـە خاوەنـەکانیانو شـوێنو جێگایـان نـازانین؟

(کـاك دانـش) ئێمـەی گـەیاند بـە مـاڵی (حـاجی بابـە شـێخ) کـە کـەوتبووە سـەر ئـەو خیابانـەی ئێمـەی ئەگـەیاندە چوارچـرای مـەهاباد ماڵەکـەی باڵەخانەیـەك بـوو تەنـها پێشـمەرگەیەك بـە چەکـەوە لەبـەر دەرگاکـەدا راوەسـتابوو ئـەویش بـە ئاسـانی رێگـەی دایـن بچینـە خزمـەتی (حـاجی بابـە شـێخ) لەسـەر دەسـتووری ئـەو سـەردەمە ئەبوایـە دەسـتی مـاچ بکـەین ئێمـەش دەسـتمان مـاچ کـردو لـە دیوەخانـە بچکۆلەکـەیدا دانیشـتینو لـەو چایـەی بـەناوی گـوڵاو دروسـت کرابـوو چامـان خـواردەوە، لەگـەڵماندا کەوتـە گفتوگـۆ لـەجیاتی ئێمـە کاکـە (حەمـە)کـە لـە تەمـەندا لـە ئێمـە گـەورەتر بـوو ئـەو لـە بـاتی ئێمـەش وەڵامـی پرسـیارەکانی ئەدایـەوە بـەوەی (حـاجی بابـە شـێخ)عـەرەبی (فصحـەی) ئـەزانی لەگـەڵ کاکـە (حەمـە)دا گـەلێکی ئاخـافتن کـرد، پاشـان بـە ئامۆژگـاری بـە ئێمـەی ووت کـە ئـەبێ بچـین بـۆ بارەگـای حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانو تێـی گـەیاندین کـە لـەوێ گفتوگۆمـان لەگـەڵ ئەکـەن، نابـێ پێمـان ناخۆش بـێ، چوونکـە مەبەسـت ئەوەیـە کـە پیـاو خـراپ نـەتوانێ لـەناوماندا هێلانـە بکـا، رازو نیـازی ئـێرە بـۆ دوژمنـان بەرنـەوە.

هـەر کـاك (دانـش) چاوسـاغمان بـوو بـۆ بارەگـای حـزبو دەوڵـەت، بارەگـای حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە لـە هـەمان کـاتدا بارەگـای کۆمـاری میللـی کوردسـتانیش بـوو، ئێمـەیان بـردە

ژوورێکــی خنجیلانــه لەســەر ســەندەلی لەگــەڵ ژمارەیــەک کــوردی مــەهابادی دانیشــتین زۆر بــە گــەرمی بــەخێر هاتنیــان لێ کردیــن، پاشـان لێیـان پرسـین کـە کـێ ئەناسـین کاکـە (حەمـە) کـە (عریـف) بـوو لـە سـوپای عـێراقدا لـەوەو پێـش کـاک (عـزت عبدالعزیـن)ی ئەناسـی بـەوەی ئەفسـەری بـوو لـە عـێراق، وەتـی: مـن کـاک عـزت عبدالعزیـز ئەناسـم منیـش ووتم: (دانـش ئەناسـم))زۆری نـەخایاند (عـزت عبدالعزیـن)و (دانـش) پـەیدا بـوون، و لێمـان هاتنـە ژوورەوە و سـڵاویان کـردو دانیشـتن ئێمـە لەسـەر دەسـتووری خۆمـان بـەخێر هاتنمان لێکـردن، کـەچی کەسـیان خۆیـان لـە ئێمـە نەگـەیاند!!

واتـە کــە مــن بــە (دانــش)م ووت: (کــاک دانــش بــەخێر بێیـت)وەڵامـی نەدامـەوە خـۆی لـە مـن گێـل کـردو وای پیشـان نـەدا کـە مـن ئەناسـێ !! هـەروەها کـاک ((عـزت عبدالعزیـن) بەرانبـەر بـە کاکـە (حەمـە) تومـەز ئـەوە جـۆرە پەرلەیەکـە دانـراوە بـۆ (دانـش)و (کـاک عـزت عبدالعزیـن) تـاکو ئێمـە بشـەلەژێنن، ئـەوە بـوو کـاک (دانـش) کـە وەرامـی منـی نەدایـەوە بـە گورجـی یـەکێك لەوانـەی ئێمـەی ئـەدواند رووی کـردە مـن و ووتـی:

((دیـارە تـۆ کـەس ناناسـی !؟)) پاشـان دەسـتی درێـژ کـرد بـۆ کـاک (دانـش) ووتـی: ((ئـەوە کـە تـۆ بـە کـاک دانشـی نـاو ئەبـەی خـەڵکی مـەهابادە ئێمـە لـەمێژە ئەیناسـین نـاوی مـام دەمزەیـە)) لـەوەڵامدا ووتم: ((ئـەوە کـاک دانشـی خـەڵکی سـلێمانیەو زۆر بـە باشـی یـەکتر ئەناسـین)) دوای ئـەو چاوپێکەوتنە یەکە بـانگ کراینـە ژوورێکـی تـر، لەبـەر دەمـماندا، قورئـانێکی پـیرۆز، ئاڵایـەکی کـوردو وێنـەی

چـەند کەلـەمێردێکی کـورد، کـە لـە شۆڕشـەکانی کـورددا لـەوەو پێش گیـانی پـاکی خۆیـان کردبـووە قوربـانی لـە ڕێگـەی ئـازادی و سـەرفرازی کـورـدا وەکـو ((شـێخ سـەعیدی پـیران)) و ((دکتـۆر فوئـاد)) کـە تورکـە کەمالیـەکان بـۆ چاوترسـاندنی کـورد، لـە تورکیـا لـە سـێدارەیان دابـوون، هـەر یـەکێ لـە ئێمـە بـەو جـۆرە سـوێند درایـن کـە خۆمـانو هەڤاڵـەکانمان بـە نیـازی ناپـاکی ڕوومـان نەکردۆتـە کوردستانی ئـازاد.

پاشـان مـنو کاکـە (عەبـە) کـە هاوتەمـەن بوویـن درایـنـە دەسـت کـاک (دانـش)و بـۆ هـەر یـەکێکمان شـەش تمـەن درا بـە کـاک (دانـش) بـۆ خـەرجیمانو پێمـان وترـا کـە ڕۆژی دوای ئـەبێ سـەر لـە بارەگـای حـزب بدەینـەوەو چاومـان بـە هـەمان کـەس بکەوێتـەوە، ئـەو کەسـەی پارەکـەی بـۆ دایـن بـە کـاک (دانـش)، کـاک (دانـش) چەند مانگێ بـەر لـە ئێمـە گەیشـتبووە مـەهاباد شـارەزایی هـەبوو لەگـەڵ خـەڵکی مـەهاباد دا، ئێمـەی بـردە چـەند ماڵـە کوردێکـی خـەڵکی سـلێمانی کـە دەسـتی شـاراوەی ڕۆژگـار لـە مـەهابادی گیرسـانبوونەوە، زۆر ڕوویـان دایـنێ و ئامۆژگاریـان کردیـن کـە پـەیوەندیان لەگـەڵدا بـەهێزتر بکـەین، پیشـانیاندا کـە ئامـادەن یارمـەتیمان بـدەنو گیروگرفتـەکانی خۆمـان بـۆ چارەسـەر بکـەنو لامـان لێ بکەنـەوە، شـەو بـۆ نووسـتن لـە ژوورێکـدا کـە دانـشو هەڤاڵێکی تـر بـە نـاوی (ووردی) بـە یەکـەوە ئـەژیان.

ئـەو شـەوەمان لای ئـەوان ڕۆژ کـردەوە بـەیانی زوو لەگـەڵ کـاك (دانـش) چوویـن لـە چاخانەیـەك ناشـتامان کـرد پاشـان مـنو

کاکە (عەبە) رووماان کردە بارەگاای دەوڵەتی میللی کوردستان لەگەڵ هەمان پیاوێك کە دوێنێ کە تومەنەکانی رۆژی پێشووتر دابوینی دانیشتین، ووتی: ((ئێوە خۆتان حەزتان لە چیە کە بۆتان بکەین؟))

ئێمەش کە هەردووکمان لە سلێمانی خوێندکاری پۆلی یەکەمی ناوەندی بووین و هێشتا خوێندنمان تەواو نەکردبوو داوامان لێکرد رێگەمان بدات کە خوێندن تەواو بکەین و بخوێنین، ئەویش زۆر بە ئاسانی بەو پەڕی ئاسانیەوە بە دڵسۆزی ئێمەی نارد، بۆ فێرگەیەکی ناوەندی لە پۆلی یەکەم لە شاری مەهاباد هەر لەهەمان رۆژدا بۆ هەر یەکێکمان دەستێ جلی شاگردانی فێرگەییان بۆ کڕین و بووینەوە بە شاگرد بە نیازی خوێندن.

بەرانبەر بارەگاای حزب و دەوڵەت بالاخانەیەك هەبوو، لەو بالاخانەیەدا ژوورێکیان بۆ نووستن و ژیانمان تەرخان کرد، هەرچی پێداویستی ژیانی ئەو سەردەمە بوو هەموویان بۆ ساز کردین. بۆ نان خواردنی سێ ژەمەش بەرەو رووی کانگاای هێزی بارزانییەکانیان کردینەوە، کە لەوێ سێ ژەمە نان و خواردن و شیو لێنان دروست ئەکرا، نیتر ئەمانتووانی سێ ژەمە بچین و پشکی خۆمان لە چێشت و خواردن وەرگرین.

ئێوارەی ئەو رۆژەی ئێمەیان نارد بۆ فێرگەو تازە جێگاای نووستنمان دەست کەوتبوو، هەمان کابرا لەتەك کاك (دانش) دا بوون، بە مێوانمان لەو قەندو چایەی وەرمان گرتبوو چامان بۆ لێنان و بەیەکەوە چامان خواردەوە، پاشان بۆمان

نەرکەوت ئەو پیاوە ناوی (مەنافی کەریمی)ەو لەو سەردەمەدا وەزیری (فەرھەنگ بوو)بۆیە ھەتا ھەتایە بێ فێزیو دڵسۆزی ئەو جۆرە کەسانە لە یادگاردا رەش نابێتەوەو ھەر وەك خۆی زیندووە، رووخۆشیو بێفێزی کوردی مەھاباد سەخاوەتو رەوشت بەرزیو خێرخوازی‌یان نموونەیەکە لە دڵ پاکیو رێز لێنان لەناو کورداندا، بەڵام بۆ خوێندن نەمانتووانی بەردەوام بین چوونکە خوێندنی ناوەندی هێشتا بە فارسی بوو، ئێمەش لەبەر ئەو هۆیە گەڕاینەوە لای وەزیری فەرھەنگمانو پێمان راگەیاند کە ئێمە لە سلێمانی تاکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی‌یمان بە کوردی خوێندوە، ئێستا ماوەیەکمان ئەوێ تاکو فێری زمانی فارسی ئەبین، ئەویش پیاوانە ووتی:((جا چی لەوە چاکتر ئەبێ ئێوە ئەنێرین نووسینی کوردی فێری شاگردانی فێرگەکان بکەن)) بەو جۆرە لە فێرگەی (گەلاوێژ) کە یەکەم فێرگەیەك بوو بە درێژەوە بەر لە دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان مامۆستایانی کورد دەرسی کوردیان بە خەڵکی کورد لەو فێرگەیەدا وتۆتەوەو ئیتر لەو فێرگەیەدا نووسینو خوێندنی زمانی کوردیمان فێری نەوجەوانانی مەھابادی ئەکرد.

قاچاخچیەکانی ئەو سەردەمە

هەر لەو سەردەمەدا هێندێ لە قاچاخچیەکانی کوردی عێراق ئەم دیوو ئەو دیووی کوردستانیان ئەکرد، ئەو قاچاخچیانە ئەو سنوورەی دەست کردی داگیرکەران بوو ئەیان شکانوو بەو جۆرە نانی خۆیان بەدەست ئەهانی، جگە لەوەی ئەو سنوور شکاندنە خۆی لە خۆیدا چاو قایمیەکی زۆری ئەویست بەوەی ئیشەکەیان یاسا شکاندنی داگیرکەران بوو، ئەگەر پێیان بزانرابوایە بە توندی سزا ئەدران، ئەوانە لەو ڕۆژانەدا دەوری پۆستەچیان ئەبینی بۆ کەسانی وەکو ئێمە، چوونکە لە ڕێگەی ئەوانەوە نامەمان بۆ ئەهاتو نامەمان بۆ کەس و کارمان ئەنارد، جگە لەوە لەگەڕانەوەیاندا بۆ کوردستانی عێراق هەواڵی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی ئێرانیان ئەدا بە گوێی خەڵکداو جار جارە گۆڤارو ڕۆژنامەو پەرتوکێ کە تازە دەرچووە لەگەڵ خۆیاندا ئەیان بردەوە، ئەکەوتنە بەر دەستی لاوانی کوردی عێراق ، منیش بەو قاچاخچیانەدا نامەم بۆ کەس و کارم ناردو کتێب و پەرتووک و

گۆڤـاری کـوردی ئـەو کاتـەی عـێراق کـە لای بـرادەران دەسـت ئەکەوت خۆشم کاتی خۆی کەلێك لەو چاپەمەنیانەم لە ماڵەوە لە سلێمانی بەجێ هێشتبوو، داوای ئـەو چاپەمەنیانـەم کردبـوو کاریـان راسـت بـێ لـە گەڕانـەوەدا لەگـەڵ خۆیـان هێنایـان کـەڵێنێکی گـەورەیان پـڕ کردبـووەوە بـەلای کوردەکـانی ئێرانـەوە جێگـاو رێـزی تایبـەتیان هـەبوو، چوونکـە کـەم هـەبوو لـە خوێنـەرانی ئـەو سـەردەمە چاویـان بـە پـەرتووك و کتێـب و گۆڤـاری کوردی، بەر لـە کۆمـاری کوردسـتان کـەوتبێ، بۆیـە ئـەڵێم لـە رادە بـەدەر کـەڵك لـەو چاپەمەنیانـە وەرگـیرا، هـەر ئـەو قاچاخچیانـە نامەیـەکیان بۆ (حـاجی بابـە شـێخ) هێنـابوو زۆر بـە پـەرۆش بـوون بیدەنـە دەسـتی.

کۆڕێك بە بۆنەی بە کوردی خوێندن

لە فێرگەی (گەلاوێژ)کە یەکەم فێرگە بوو بەر لە دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان بە کوردی تیایدا دەرس بە خەڵك وترا بووەوە بۆیە بەو بۆنەیەوە، ژمارەیەکی زۆر لە گەورە پیاوان بانگ کرابوون ، منیش ئەو دەفتەرەی کە ئیمزای بانگ کراوەکانی تیا کۆ ئەکرایەوە لەگەڵ خۆمم برد تاکو (حاجی بابە شێخ) ببینمو ئیمزای وەرگرم بەوەی ئەویش یەکێك بوو لە بانگ کراوەکان، هەروەها ئەو قاچاخچییەی نامەکەی بۆ (حاجی بابە شێخ) هێنابوو لەگەڵ خۆمم بردو ئەمانزانی تەشریفی بردووە سەر لەو کرێکارانە بدا کە زێرابێك لێ ئەدەن بۆ ئاوەڕۆی گەرکێك لە گەڕەکەکانی شاری مەهاباد، ئێمەش کە پرسی بوومان پێیان وتبووین چووە بۆ ئەوێ رووومان کردە ئەو شوێنە دۆزیمانەوە، چوو بوو دەستنوێژ بشوا کە گەڕایەوە سلاومان لێ کردو نامەکەمان دایە دەستی ئەویش کردیەوە، پاشان لەسەر ئەو گلەی لە زێرابەکە کرێکارەکان دەریان دابوو، تەختاییەك هەبوو چوو لەوێ گلەکە ووشك بوو دانیشتو لە نامەکە وورد بوەوە، بەلام بەوەی نامەکە لەسەر شێوەی کوردی

ئاڵای شەکاوەی کورد !

لەسەر هەموو داموو دەزگاکانی کۆماری میللی کوردستان ئاڵای رەنگاو رەنگی کورد هەڵکرابوو، خەڵکی کە زۆر تامەزرۆو پەرۆشی شەکاندنەوەی ئاڵای کورد بوون، بەزۆری ئاڵاکان لەلایەن خەڵکەوە بە گەورەیی و بە پانی دروست ئەکران تاکو هەر لە دوورەوە بزانرێت کە ئەوە ئاڵای کوردە، نەك ئاڵای پێشوو ئاڵاکە لە سێ پارچە دروست ئەکرا پارچەی سەرەوە سوورو پارچەی ناوەراست سپی، پارچەی خوارەوە کەسك واتە (سەوز) بوونی ئەو ئالاّ هەڵکراوانە گیانێکی تازەی ئەکرد بە بەر خەڵکدا لە ناوەراستی پارچە سپیەکەدا رۆژێك بە رەنگی زەرد تیشکی پەخشان ئەکرد بە هەموو لایەکدا.

سوپای سووری شورەوی

دوای دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستانیش هێشتا سوپای سووری شورەوی مابوو بەلاّم کەمو زۆر دوور بوون لە خراپەو دەست درێژی، تاکو خەڵکەش بە چاوی داگیرکەرەوە

سەیریان نەدەکردن، پاشان لە رۆژی 1946/5/9زایینی لە کۆماری میللی کوردستان چوونە دەرەوە، لەو رۆژەدا لە هەموو لایەکدا کرا بە شایی و بە هەڵپەرکێ و سەربازەکان لەناو ماشێنەکانیادا کە سوار ببوون بۆ گەرانەوە بەرەو شوورەوی بە دەست وایان پیشان ئەدا هەر لەگەڵماندا ئەمێنن هەتاکو پاش گەرانەوەشیان بۆ وولآتی خۆیان.

نزیك بوونەوەمان لە بارزانییەکان:

ووردە ووردە پەیوەندیمان لەگەڵ بارزانییەکاندا بە هێز بوو کەوتینە سەر ئەوەی بەر لە پشوی هاوین بچینە رێزی پێشمەرگەی بارزانییەکانەوە، چوونکە لامان رەوا نەبوو لە ماوەی پشوودانی هاویندا کە ئەبێ دانیشین و هیچ نەکەین لەگەڵ ئەوەشدا موچەو مانگانە وەرگرین بۆیە ئەفسەرە کوردەکان ئەوانەی بەشداری شەرەکانی شۆرشی بارزانییان کردبوو، لە سوپای عێراق هەڵهاتبوون ئێمەیان هان ئەدا بچینە رێزیانەوەو قەولیان پێدابووین بمانکەن بە ئەفسەرو ناوی ئێمەو ژمارەیەکی وەك ئێمەیان دابوو بەو لیژنەیەی پێك هاتبوو لە وەزارەتی (جەنگ)بۆ دابەش کردنی پلەو پایەی بچووك بۆ ئێمە مانان تاکو ئەو کارانەی بە بارزانییەکان ئەدەکرا بدرێت بە ئێمە چوونکە بارزانییەکان بەشی هەرە زۆریان خوێندەوار نەبوون.

هەر بلێین ئەم شیعرە ئەهلی کۆمسارو گەرمەسێر
هەر بژی ئاڵای کوردو پێشەوای زانایی کورد
چەند زەمانێکە ئەسیرو ژێر چەپۆکەی عالەمن
سەرکزو بێ قیمەتی بەر چاوی زادەی ئادەمن
دیلی زیندانی نەزانین مەستی بادەی ماتەمن
بانگ کەنە یەکتر هەمووتان چوونکە ئەمڕۆ بێ خەمن
هەر بژی ئاڵای کوردو پێشەوای زانایی کورد
قەت لە بیرت نەرنەچێ کوردە زڕەی زنجیری پێت
تۆ تەماشاکە لە دەس بێگانەکان چی هاتە ڕێت
کوانێ بابی گۆڕ غەریبو مامەکەی بێ شوێنو جێت
کوردە تۆ چۆن دڵبرینی شل کە بۆ ئەم شیعرە گوێت
هەر بژی ئاڵای کوردو پێشەوای زانایی کورد
نەوبەتە باراشت لێکە ناشی کێتی کەوتە گەڕ
شێر نەترساوە لە بەزمو شۆڕشی مەیدانی شەڕ
گوێ نەدەی هەرگیز بە هاشەو هوشەیی ئەربابی زەڕ
هەڵگرە ئەم دەستە شیعرەو دابنێ سەد سەرلێ تەڕ
هەر بژی ئاڵای کوردو پێشەوای زانایی کورد
خانەقین مژدەی ئەدا ئەمڕۆ بە دیاریەکرو هەرات
پێچەوانەی دەوری پێشوو ڕۆژ لە شیمالۆ هەڵات
سەیری تیشکی کە چلۆن ڕووناکی خستە سەر وڵات
ئەم وتارە بیری دڵ بێ چاکە بۆ ڕێگەی نەجات
هەر بژی ئاڵای کوردو پێشەوای زانایی کورد

شیعرەکەو خوێندنەوەی جێگای ڕەزامەندی وپەسند کردنی کوێگرەکان بوو بە تایبەتی (پێشەوا)و (بارزانی) بۆیە لای ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی مەهابادیدا پیاسەمان ئەکرد، بە چوارچرای مەهاباد و شەقامەکاندا لە پشتەوە گوێم لە دەنگێ بوو بانگی ئەکردم لێم نزیک بووەوە ووتی:

وەرە لەگەڵم لە بارەگای حزب تۆیان دەوێ کە چووم بۆ بارەگای حزب لەوێ ووتیان (پێشەوا) خەڵاتی کردووی بەرانبەر ئەو شیعرەی خوێندوتەوە، ئیتر (60) تومەن پوڵیان دامێ و بۆ بەیانی ڕۆژی ئاییندە لەگەڵ هەمان کابرای کە بانگی کردم بۆ بارەگا، چووینە بازاڕ دەستێ ڕانکوچۆغەو جووتێ پێڵاویان بۆ کڕیم.

دروشمی کۆماری میللی کوردستان

رۆژێـك لـه خوێندنگـەی (گـەلاوێژ) لـه یـەکێ لەپۆلـەکاندا لەسـەر تەختـە رەشـەکەدا (دروشمـی) کۆمـاری میللـی کوردسـتانم کێشـابوو خـەریك بـووم دەربـارەی ئـەو دروشمـە قسـەم بـۆ شـاگردەکانم ئـەکرد کاتێکمـان بـەخۆ زانـی پێشـەوا خـۆی کـرد بـە ژووری پۆلەکـەدا منالـە شـاگردەکان (قوتابیـەکان) لەبـەری هەلسـان دوای دانیشـتنەوە پێشـەوا داوای لێکـردم کـە لەسـەر قسـەکانم بـڕۆم و درێـژە بـدەم بـە دەرسـەکە، منیـش ئەمـەم دەربـارەی دروشمەکـە ووت:

((ئەمـە دروشمـی کۆمـاری میللـی کوردسـتانە پێـك هـاتووە لـە گوڵـە گـەنمێك و گوڵـە جۆیـەك لـە خـوارەوە لاسـکەکانیان لـە یـەکیان داوە رۆژێـك تیشـکی پـەخش کـردوە و خامەیـەکی (قەڵـەم) نـووك داتاشـراوو لـەناو رۆژەکـەدا دانـراوە، دوو گوڵـە گـەنم و جۆکـە نیشـانەی ئـەوە ئـەدەن کـە لەمـەولا خەڵـەو دەغـڵ و دانمـان کـە بەرهـەمی جوتیـارو وەرزێرەکانمانـە تـالأن نـاکرێ، وەك جـاران بێگانـە نایبـات بـۆ خـۆی، رۆژەکـە ئـەوە ئەگەیـەنێ کـە رۆژی ئـازادی کـورد هەڵـهاتووە و خـاکی کوردسـتانمان روونـاك ئـەکاتوە، خامەکـە، ئـەوە ئەگەیـەنێ ئـەمجارە نەتـەوەی کـورد لـە رێگـەی زانین و زانیاریـەوە بـە ئاوات و چارەنووسـی خـۆی گەیشـتووە)).

سروودە نیشتمانیەکان

گەلێ سروودی نیشتمانی لە فێرگەکاندا فێری شاگردانی کورد ئەکران، لەوانە:

نیشتمانمان رەنگینە بەهەشتی سەر زەمینە
خاکم وەکو ئالأکەم رەنگ سوورو سپی و شینە
ئەوتم هەیە لە باکۆ هەروەك دەوتەکەی شنۆ
بۆ دوژمنان بۆتە سۆ هەر بژی ئەم زەمانە
لە سایەی پێشەوادا زۆر بە ئازاو بە مەردی
ئەیپارێزن ئەم خاکە بێچووە شێرانی کوردی

ئاڵای شەکاوەی کورد !

لەسەر هەموو دامو دەزگاکانی کۆماری میللی کوردستان ئاڵای رەنگاو رەنگی کورد هەڵکرابوو، خەڵکی کە زۆر تامەزرۆو پەرۆشی شەکاندنەوەی ئاڵای کورد بوون، بەزۆری ئاڵاکان لەلایەن خەڵکەوە بە گەورەیی‌و بە پانی دروست ئەکران تاکو هەر لە دوورەوە بزانرێت کە ئەوە ئاڵای کوردە، ئەک ئاڵای پێشوو ئاڵاکە لە سێ پارچە دروست ئەکرا پارچەی سەرەوە سوورو پارچەی ناوەڕاست سپی، پارچەی خوارەوە کەسك واتە (سەوز) بوونی ئەو ئاڵا هەڵکراوانە گیانێکی تازەی ئەکرد بە بەر خەڵکدا لە ناوەڕاستی پارچە سپیەکەدا رۆژێك بە رەنگی زەرد تیشکی پەخشان ئەکرد بە هەموو لایەکدا.

سوپای سووری شورەوی

دوای دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستانیش هێشتا سوپای سووری شورەوی مابوو بەڵام کەمو زۆر دوور بوون لە خراپەو دەست درێژی، تاکو خەڵکەکەش بە چاوی داگیرکەرەوە

سەیریان نەدەکردن، پاشان لە رۆژی 1946/5/9زایینی لە کۆماری میللی کوردستان چوونە دەرەوە، لەو رۆژەدا لە هەموو لایەکدا کرا بە شایی و بە هەڵپەرکێ و سەربازەکان لەناو ماشێنەکانیادا کە سوار ببوون بۆ گەرانەوە بەرەو شورەوی بە دەست وایان پیشان ئەدا هەر لەگەڵماندا ئەمێنن هەتاکو پاش گەرانەوەشیان بۆ وولاتی خۆیان.

نزیک بوونەوەمان لە بارزانییەکان:

وورە وورە پەیوەندیمان لەگەڵ بارزانییەکاندا بە هێز بوو کەوتینە سەر ئەوەی بەر لە پشوی هاوین بچینە رێزی پێشمەرگەی بارزانییەکانەوە، چوونکە لامان رەوا نەبوو لە ماوەی پشوودانی هاویندا کە ئەبێ دانیشین و هیچ نەکەین لەگەڵ ئەوەشدا موچەو مانگانە وەرگرین بۆیە ئەفسەرە کوردەکان ئەوانەی بەشداری شەرەکانی شۆرشی بارزانییان کردبوو، لە سوپای عێراق هەڵهاتبوون ئێمەیان هان ئەدا بچینە رێزیانەوەو قەولیان پێدابووین بمانکەن بە ئەفسەرو ناوی ئێمەو ژمارەیەکی وەک ئێمەیان دابوو بەو لیژنەیەی پێک هاتبوو لە وەزارەتی (جەنگ)بۆ دابەش کردنی پلەو پایەی بچووک بۆ ئێمە مانان تاکو ئەو کارانەی بە بارزانییەکان نەدەکرا بدرێت بە ئێمە چوونکە بارزانییەکان بەشی هەرە زۆریان خوێندەوار نەبوون.

نەخۆشی گرانەتا

نەخۆشـــیەکی کوشـــندە لـــەناو بارزانی‌یـــەکاندا بـــڵاو بیـووەوە ئـەو نەخۆشـیەش رەشـە گرانـەتا بـوو کـە بـە زۆری لـە چڵکنـــی‌و پیســـیەوە تەشـــەنە ئـــەکاو بـــڵاو ئەبێتـــەوە، بارزانی‌یـەکانیش کـە تـازە لـە عـێراق راونـرا بـوون و تێکشـکابوون بـەو پـەڕی هـەژاری‌و نـەبوونی ژیانیـان بەسـەر ئـەبردو توانـای کرینـی سـابوون‌و چوونـە حـەمام‌و جێ‌و شـوێنی خاوێنیـان نـەبوو، بـە زۆری بـە کۆمـەڵ و نزیـک بـە یـەکتری ئـەژیان پیاوەکانیـان لـە مزگەوتـەکاندا یـەک بـە تەنیشـت یەکـەوە دەنووسـتن خـواردن‌و خواردنـەوەیان کۆڵـە مـەرگی بـوو، بۆیـە ئـەو نەخۆشـیە ژمارەیـەکی لێ کوشـتن ، منیـش کـە تێکـەڵیم لەگـەڵیان زۆر بـوو تووشـی ئـەو نەخۆشیە هـاتم و بـرام بـۆ نەخۆشـخانە لـە شـاری مـەهاباد کوڕێکـی خـەڵکی سـلێمانی کـە ناسـیاوم بـوو لـە نەخۆشـخانە بەهـەمان نەخۆشـی کـەوتبوو کـە زانـی منیـان هێنـاوە زۆری لـەخۆی کردبـوو هـاتبوو دڵخۆشـی منـی ئەدایـەوە کـەچی ئـەو دامـاوە هـەر ئـەو رۆژە دەمـەو ئێـوارە کۆچـی دوایـی کـرد، ئیـتر منیـش دەسـتم لـە خـۆم

ساڵێک بوو کەهد..

شت بەڵام کە رۆژ تەواو نەبێ؟ ئەوا ئەمر کە دڵخۆشی منی ئەدایەوە مردو منیش کە خۆم دانابوو گیان دەرناکەم چاك بوومەوەو داوام کرد لە نەخۆشخانە مەرەخەس بکرێمو مەرەخەسیشیان کردم بە گورجی چوومەلای سەرتاشی بە گوێزان لووس سەرمی تاشی تاکو رزگار ببم لە دەست ئەو ئەسپێ تەنکانەی دابوویە سەرم، کەچی جارێکی تریش برامەوە بۆ هەمان نەخۆشخانە و دیسان چەند رۆژێکی تریشی تێدا مامەوە، هەر لە نەخۆشخانە کەتبووم (کاك ووردی)کە ناوی منی دیبوو کراوم بە (نەفسەس) هاتە سەردانمو هەواڵی پێدام منیش کە ئەمجارەیان چاك بوومەوە داوای دەرچوونم کرد گەرماوێکی (حەمام)ێکی گەڵ هەبوو بەرانبەر بە نەخۆشخانەکە چووم لەوێ خۆم شتو گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ئەو گەرماوە هەموو رۆژ هەبوو خۆشتن بە خۆرایی بوو.

کێشەی قاراوا:

قاروا گوندێکە نزیک بەشاری سەقز شاری سەقز بە دەستی ئێرانەوە بوو ئێرانیەکان بە هۆی خەفیەوە واتە (جاسوس) زانیبوویان ژمارەیەک بارزانی لە گوندی قارلوا نەخۆشن تووشی گرانەتا هاتوون، کەسیان ئاگایان لەخۆیان نیە، چوونکە بە راستی ئەونەخۆشیە کە خۆشبم ئەوەندەم چێشتووە پیاو وەکو شێتی لێ دێ بەوەی پلەی گەرما لە لەشدا زۆر بەرز دەبێتەوە پیاو چاوی رەشکەو پێشکە دەکا لەبەر خۆیەوە ئەکەوێتە ورێنە، تارمایی دێتە بەرچاوی و ئەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانە بێ ئەوەی خۆی باش دەرک بە خۆی بکا، لەبەر خۆیەوە قسە ئەکا، دیارە دەوڵەتی ئێرانیش بە دەرفەتی ئەزانێ دەست بوەشێنێ شتێک بە شتێ بکاو وورە بکاتەوە بە گیانی سوپا شەقو شەرەکەیدا کە لەوەو پێشیش لە شەڕی مامەشادا چاویان شکێنرابوو.

بەرزانییەکانی گوندی قاراوا بە زۆری لە مزگەوتی ئەو دێیەدا بە کۆمەڵ بەیەکەوە ئەژیان بەشی زۆریان بەو گرانەتایە لە پەلوپۆ کەوتبوون ئێرانیەکان بە گەرمەوە پەلاماری ئەو ناوچەیان دا، بەرگری ئەو پاڵەو نە بارزانیانە نەبرایە ئێران بە شەوو رۆژێک ئەگەیشتنە بوکانو بە دەیان گوندی ئەو هەرێمەیان ئەگرتەوەو کۆماری میللی کوردستان ئەکەوتە مەترسیو روخاندنو لەناو چوون ، بەڵام کاتێك بەرزانیەکانی گوندی قاراوا هەست ئەکەن

کە هێزی ئێران ئەو بەرزاییانەیان گرتووە کە ئەوپەڕی بەسەر قارلوادا بەرەو گوندی سەروچاوە و سەرا . ئێرانیەکان وایان دانابوو بەرزائی ییە نەخۆشەکان بەبێ دەست کردنەوە بە گرتن ئەگیرێن کەچی بە پێچەوانەوە هەر ئەو بەرزانیە نەخۆشانە وەك شێرو پڵنگ لێیان راپەڕین و بێ ئەوەی سڵ لە مردن بکەنەوە یان حیسابێك بۆ ئەو هێزە پڕ لە چەکانەی دوژمن بکەن کە لەسەر لووتکەی بەرزاییەکانیان گرتووەو جێگای خۆیان ساز کردوە و بە باشی ئەینوانی بەسەر گوندی قاراوادا بە جۆرێك ئەیانتووانی هەر کەسێك بەرەو ئەوان بەگردەکەدا هەڵگەڕێ بە یەك گوللە ساردی بکەنەوە، و بیکوژن بەلام شێرو پڵنگەکانی سەرسەختی کورد کە بە گورجی و لەناکاو لەبەر دەمیاندا قووت بوونەوەو پاش شەڕێکی مێژوویی کە هەرگیز وێنەی نەبووە تاکو ئەو کاتە نەك هەر توانیان سوپای ئێران راو نێن و هەڵ بڕن، بەڵکو دوای کوشتارێکی گەورەو ژمارەیەکی زۆریشیان لە ئەفسەرو دەرەجەدارو سەربازی ئێرانیان بە دیل گرت، بووە مایەی روخانی گیانی وورە لەناو سوپای شاهنشاهیدا بە دیل گیراوەکان بە چەند ماشێنی سەربازی هێنران بۆ مەهاباد و بە خیابانەکانی شاردا گێرایانن تاکو نەتەوەی کورد بە چاوی خۆیان بیان بینن چەکو کەرەسەیەکی جەنگی زۆریشیان لێگیرا، لەو شەڕەدا پاڵەوانێکی راستەقینەی بارزانی بەناوی (خۆشەوی خەلیل) لە پێناوی سەرفرازی کوردا گیانی خۆی بەخشی وچووە رێزی شەهیدەکانی بەر لەخۆی کوردەوە.

ناشتنی تەرمی شەهید خۆشەوی:

کــە تەرمەکـــەی شـــەهید (خۆشـــەوی) گەیشـــتە مـــەهاباد هەرچی خـەڵکی مـەهاباد بـوو هـەمووی دوای تـەرمی ئـەو پاڵەوانـە کەوتبوو، لەبەر دەمـی ئـەو حەشـاماتەوە پێشـەوا(قـازی محەمـەد)و (مـەلا مسـتەفا)هـەروەها هـەزارانی تـر فرمێسـکیان بـۆ رشـت بـەڵام لـە هـەمووان زیـاتر (مـەلا مسـتەفا) بـوو کـە زۆری خـۆش دەویسـت ئـەیان ووت باوکیشـی لـە شۆڕشـی بـارزان دا کـە یـەکێ بـووە لـە هەڵکـەوتووانی ئـەو سـەردەمە هـەر لـە پێنـاوی کـوردا لـە دژی دوژمنـانی کـورد لـە کـاتی شـەڕدا لـە عـێراق شـەهید بـووە، لاپـەڕەکانی رۆژنامـەی کوردسـتان لـەو رۆژانـەدا زۆریـان لەسـەر ئەنووسـی گیـانی ووڕەو ئازایـەتی خـەڵکی ئـەووروژاندو هیـوا و ئـاواتی خـەڵکی پتـەو ئـەکرد ئـەو رووداوانـە بوونـە هـۆی جموڵێکـی زۆر لـەناو گـەل کـورد دا.

چوونی بارزانی بۆ کۆڕی شەڕ:

(مەلا مستەفا) کە پلەی ژەنەرالی درابوویە، دوای ئەو بەیەک دادانەدا لەگەڵ ئێراندا رووی کرده ناوچەی شەڕەکە، ئێمەش ئەوەمان بە دەرفەت زانی تاکو خۆمان بگەیەنینە لای پێشمەرگە بارزانییەکانی ناوچەی شەڕەکە، من و (عەبە)ی برادەرم لەتەک بارزانییەکان سواری دووماشێنی گەورە بووین، (مەلا مستەفا) لەناو جێبێک دابوو، لەپێشمانەوە بە ڕێگای (میاندواو)دا گەیشتینە بۆکان، ژمارەیەک بریندارى بارزانی لە قەڵاکەی بۆکان بوون، (مەلا مستەفا)چووە سەردانیان و گوێی لە قسەکانیان ئەگرت، پاشان هەر بە سواری ئەو ماشێنە سەربازیانەی سواریان بووبووین ڕوومان کردە سەرا، لە ڕێگە (مەلا مستەفا) دابەزیو چوو بۆ سەر ئاوێك لەو ناوە دەستوێژی شت و دوای نوێژ کردن کەوتینەوە ڕێگا.

زۆری نەخایاند گەیشتینە سەرا(حەمە ڕەشید خانی بانەیی)کە کرابووە وەکیلی بارزانی پلەی (ژەنەراڵ)یشیان دابوویە نوێنەری (مەلا مستەفا) بوو بەسەر بارزانییەکانەوە هات بە پیر (مەلا مستەفا)وە نانی ئێوارەمان لەسەرا خوارد، چێشت و گۆشتێکی زۆر خرایە بەردەمی مێوانەکان، بانییەکانی

خزمی (حەمە رەشیدخان)هەمویان کەوتنە خزمەت کردنی (مەلا مستەفا)و ئێمە کە مێوانی ئەو بووین (حەمە رەشیدخان) بە دەستی خۆی سینی لەبەر دەمی (مەلا مستەفا)دا دائەنا.

رۆژی دوایی (مەلا مستەفا) رووی کردە گوندی قاراواو ئێمەش لەگەڵیا بووین لەوێ (نوری ئەحەی تەها) کرابوو بە ئامر لکی یەکی هێزی بارزانی‌یەکان، من و (عەبە)لەلای (نوری) ماینەوە پاشان من هەر لە گوندی قاراوا کرام بە ئەفسەری ئازوخەی لکی یەکەمی هێزی بارزانی‌یەکان.

ناپاکی حەمەڕەشید خان

(حەمە رەشید خانی بانەیی) کە دەرەبەگێکی کوردی (بانە)یەو رایکردبوو، بۆ عێراق و لەوێ وەك دەست بەسەر لە کەرکوك دائەنرێت و پاشان هەر ئینگلیزەکان هانی ئەدەن، هەڵبێت و رووبکاتە کوردستانی ئێران بۆ دەست وەشاندن ئەویش پاکانە بۆ خۆی ئەکاو بەوەی ناوی دەرکردبوو، بە ئازایەتی بۆ ئەوەی خۆی لە خراپە رزگار بکا دەرفەتیان دابوویەو کردبوویان بە ژەنەراڵی فەخری و جێگری (مەلا مستەفا)بەسەر بارزانی‌یەکانەوە.

سەرا کە گوندێکی گەورەی ئەو هەرێمە بوو خاوەنەکەی دەرەبەگێکی هەڵهاتوو بوو،پەنای بردبووە بەر ئێران و چووبووە ناو ئەوانەوە، حەمە رەشید خان بە راست و چەپدا لەسەر خێرو بەرەکەتی ئەو گوندەو چەندان گوندی ئەو ناوە دەلەوەڕا، کەچی ئەو دەگبەتە، لە ژێرەوە هەر ناپاک بوو، پەیوەندی بە دەوڵەتی ئێرانەوە هەبوو کاتێک کە بەرزانییەکان، پێیان زانی و کەوتنە خۆیان بۆ گرتنی خۆیو خزم و دەست و پەیوەندەکانی بۆی دەرچوون خۆیان گەیاندەوە عێراق دوای ئەو (مستەفا خۆشناو) جێگری (مەلا مستەفا) بوو بەسەر بارزانییەکانەوە.

هێزەکانی بارزانییەکان:

لە دوای ناپاکی و هەڵهاتنی(حەمە رەشیدخانی) بانەیی و گەڕانەوەی بۆ عێراق (مستەفا خۆشناو) کرا بە جێگرو فەرماندە بەسەر بارزانییەکانەوە کەکرابوو بە چوار (لق) هەر لقێک نزیکەی هەزار کەس ئەبوو، (مستەفا خۆشناو) کرابوو بە (ئامر هێز) واتە (ئامر لیوا) کانگای هێز واتە (مقر)لە گوندی (سەرا بوو پێشمەرگەیەکی کورد خەڵکی ناوچەی هەولێری

کوردستانی عێراق کە ناوی (ئەحمەد ئیسماعیل) بوو کرابوو بە لێپرسراوی ئازوخەی هێزی بارزانییەکان ئێمەی کە تازە کرابووینە ئەفسەری ئازوخەی (لقی)یەك، هەموو جارێك لە گوندی قاراواوە چەند گوندرێژێکمان لە خەڵکی قاراوا بە بێگار وەر ئەگرت، هەروەها بە نۆرە هەر لە خەڵکی هەمان گوند چەند کەسێك دیسان بە بێگار ئەمان بردن یارمەتی بارکردن‌و هێنانەوەی ئازوخەیان خرابووە ئەستۆ(ئەحمەد ئیسماعیل) پلەی (ستارشی لێتنان بوو)واتە سێ ئەستێرەی بچووکی درابوویە بەڵام من‌و ئەو کەسانەی وەك من کرابوونە ئەفسەری ئازوخە لە لقەکاندا پلەی (مەلاچی لێتنانیان)پێدرابوو واتە هەر یەکێ لە ئێمە ئەیتووانی ئەستێرەیەك بخاتە سەر شانی من لەگەڵ ئەوانەی بە بێگار هاتبوون خەریکی بەستنەوەی بارەکان بووین، (مستەفا خۆشناو) منی بانگ کردو بە یەکەوە دانیشتین، هەندێ قسەی هەڵەق‌و مەلەقی بۆ کردم قسەکان هەمووی پلار بوون، لە پلەو پایەی (مەلا مستەفا)ی کەم ئەکردەوە بەوەی ئەویش ئەتوونێت وەك (مەلا مستەفا)و لەو زیاتر بنێرێت لە عێراقەوە هەزارانی بۆ بێت هەر وەکو ئەو قسانەی لەگەڵ من کرد دیارە لەگەڵ کەسانی تریشدا کردبووی، چەند کەسانێکی بەداوی خۆی خستبوو، هەر ئەو کردەوانەی ئەو کەیشتە ئەوەی بەسەر هێزی بارزانییەکانەوە نەمێنێ‌و لا بچێ.

پلەو پایەکانی سوپایی (سەربازی):

ناوی ئەو پلەو پایانەی ئەدرا بە ئەفسەرەکانی ناو هێزی بارزانییەکان هەروەها بە ئەفسەرانی تری پێشمەرگەی کورد ناوی ئەو پلەو پایانە رووسی بوون، بچووکترین پلە پێی ئەوترا (مەلاچی لێتان) کە بە هی وەك نێمە ئەم پلەیان دابووینێ لەسەرو ئەو پلەیەوە پێی ئەوترا (لێتنان) لەسەروی ئەوانەوە پێی ئەوترا (ستارشی لێتنان) گەورەتر لەو پلەیە پێی ئەوترا (کاپیتان)ئەو پلانە ئەستێرەکانی بچکۆلە دوای ئەو پلانە پێی ئەوترا(مایور)هەلگری ئەم پلەیە ئەیتووانی ئەستێرەیەکی گەورە لەسەر شان دانێت بەرزتر لەو پلەیە پلەی (پۆلکۆنیك)بوو، کە خاوەنی ئەو پلەیە دوو ئەستێرەی گەورەی لەسەر شان دائەنا لەو پلەیەش گەورەتر پلەی (پۆلْ پۆلْ کۆنیك)بوو کە خاوەنی ئەو پلەیەیە سێ ئەستێرەی گەورەی هەلئەگرت، دوای ئەم هەموو پلانە پلەی ژەنەرالی بوو کە درابوو بە هەندێك بەلأم پلەی زۆری ئەو ژەنەرالأنەی کە هەمان بوو لێیان خەسار بوو، تەنیا (مستەفا بارزانی)شایەنی ئەو پلە بەرزە بوو ئەگەرچی ئەویش لەزانستگەکانی ئەفسەریدا ئەیخوێندبوو

هـەروەهاش مەشـقی سـەربازی نـەکردبوو، بـەڵام تـاکو بڵێیـت وورپـاو ئـازاو زیـرەك‌و دڵسـۆزو پـاك، سەرسـەخت بێفـیزو دڵنـەرم بەخشـندەو زۆر سـەرکەوتوو بـوو، لـە کاروبـاری بـەرێوەبردنی ئیـش‌و کـاری سـەربازیدا لـە تـەك هـەر ئەفسـەرێکی گـەورەدا بارزانیـەك بـاوەڕ پێکراوێکـی (مـەلا مسـتەفا) هـەبوو، ئـەوانیش پلـەی گـەورەی ئەفسـەریان پێدرابـوو، لەوانـە هـەر لـە لقـی یـەکدا (میرزاغـا)ولتـە (مـیرزا ئاغـا) کـە کرابـووە (کـەپیتان) هـەروەها (محەمـەدەمین میرخـان) ئـەویش دیسـان کرابـوو بـە (کاپیتـان) ئـەو دووانـە خوێندەواریشـیان نـەبوو، بـەڵام تـاکو خـوا حـەز بکـا ئـازاو دڵـێرو نـەترس بـوون میرزاغـا پاشـان لـە لایـەن مـەلا مسـتەفا بارزانی‌یـەوە بۆ گـەورەترین ئـەرکێکی سـەربازی دەسـت نیشـان کـرا بەوپـەڕی چـاو قایمیـەوە ئـەنجامی دا ئـەو دووانـە لـە چوونەکـەی مـەلا مسـتەفاو بارزانی‌یـەکاندا بـۆ شـووروەوی بەشـداریان کـرد لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو هـەموو پلـەو پایانـەدا درابـوو بـە خـەڵکی لەگـەڵ ئەوەشـدا کـەم هـەبوو جل‌وبـەرگی ئەفسـەری لەبـەر کردبـێ ، ئـەو پلانـە لـە لایـەن لیژنەیکـەوە کـە لـە وەزارەتـی جـەنگ دامـەزرا بـوو پەسـند ئـەکران‌و پاشـان بـە خاوەنـەکانیان راتەگەیـەنرا وەزیـری جـەنگی کۆمـاری میللـی کوردسـتان (محەمـەد حوسـەین- سـەیفی قـازی) بـوو ئەبوایـە ئـەوو (مـەلا مسـتەفا) ئیمزایـان بکردایـە کـە ئەوانـە ئەفسـەری کۆمـاری میللـی کوردسـتان ئەناسـرێن ، ئـەو کاتـەی مـن کرابـووم بـە ئەفسـەر گرفتـاری نەخۆشـی گرانـەتا بـووم، لـە خەسـتەخانەی مـەهاباد لـە جێگـادا کـەوتبووم کـاك (ووردی)

هاتـــه لام و هـــه‌واڵی ئـــه‌وه‌ی دامـــێ کـــه منیـــش چووه‌ته‌ـــه ڕیـــزی نه‌فسـه‌رانی ئـه‌و سـه‌رده‌مه‌ی کـوردوه.

بـه‌وه‌ی ئێمـه دوور لــه مــه‌هاباد و لــه شــارو ناوچــه‌و هه‌رێمــه‌کانی تــری کوردســـتاندا ئــه‌ژیاین کـــه‌متر لـــه ڕووداوه‌کـــانی تـــری نـــاو کوردســـتان ئاگـــادار بووین یـــان هیـــچ نـــه‌بێ لـــه‌و ڕووداوانـــه وه‌ك هه‌یـه‌و هـه‌بوون ئاگـادار نـه‌بووین بۆیـه منیـش لـه‌و بیره‌وه‌ریانـه‌مدا خـۆم ئـه‌پارێزم کـه ده‌ربـاره‌ی زۆر کاره‌سـاتی گرنـگ هـه‌ن خۆمیـان لـه قـه‌ره نـه‌ده‌م ئـه‌ویش له‌بـه‌ر ئـه‌وه‌ی دوور بوویـن له‌وشـوێنانه وای بـه چاك ئـه‌زانم کـه ئاوڕیـان لێ نه‌ده‌مـه‌وه و نه‌یانهێنمـه نـاو نـاوان.

په‌یوه‌ندی به ئازربایجانی ئێرانه‌وه:

پــــه‌یوه‌ندی هێزه‌کـــانی بارزانی‌یـــه‌کان بـــه ئازربایجـــانی ئێرانــه‌وه زۆر بــه‌تین بـوو هــه‌رچی ئازوخــه‌و جل‌وبــه‌رگی ســه‌ربازی‌و چــه‌ك‌و که‌ره‌ســه‌ی جــه‌نگی بـوو هــه‌مووی لــه ئازربایجــانی ئێرانــه‌وه ئه‌گه‌یشـته ده‌سـتی بارزانی‌یـه‌کان لـه میـاندواو هـه‌روه‌ها لـه عـه‌لی ئابـادو تـه‌قی ئابـاد نزیـك بـه میـاندواو کـه دوو گونـد بـوون تورکـی ئازه‌ریـان تیـا ئـه‌ژیا، لـه‌و گوندانـه‌دا شـوێن‌و ئـه‌نبار هـه‌بوون

ئازوخەی بارزانی‌یەکانی تێـ ـ ـەکرایەوەو پاشان بە ماشێن ئەگوێزرایەوە بۆ (سەرا)و شوێنەکانی تر مووچەو مانگانەی پێشمەرگە نەبوو، جار جارە پولّ‌و پارەیەکی زۆر کەم دابەش ئەکرا بەسەر بارزانی‌یەکاندا لەبەر کەمی جێگای هیچی نەئەگرت، بەلاّم لە رووی ئازوخەوە خۆمان بە برسی هەروەها بە رووت دانەنابوو، هەر سەربازێکی بارزانی چەند پەتووی هەبوو، هەر یەکێك پالّتۆیەکیشی ئرابووی بە رۆژێکیان سەر لە بەیانی چەند تانکی بچووك بچووك هەریەکەی بە گەورەیی جێبێك ئەبوو، بە دەست سەربازە ئازەری‌یەکانەوە بوون، لەو ناوچەیەی ئێمەدا سەریان هەلّداو چەند ماتۆرسیکلی سەربازی ئازەری‌یەکان کە لەو ناوەدا هەر فڕکە فڕکی هاتووچۆیان بوو، بە زۆری وامان بیر ئەکردەوە کە هێرش بردنێك دەست پێ ئەکا بۆ گرتنی شاری سەقزو شارانی تری ئەو ناوچەیە، وەکو بانەو سەردەشت کە هێشتا خەلّکی ئەو شارانە لە ژێر چەنگالّی ئێراندا ئەیان نالاّند، هێندێك ئەفسەری ئازەری هەر لە گوندی قارلوادا لە تەك ئێمەدا ئەژیان ئەو کاتەی ئامیر لقی یەك کاك (محەمەد صالح ژاژلەیی) بوو کە ئەویش هەر خەلّکی سلێمانی بوو ئەفسەری سوپای عێراق بوو هەلّهاتبوو خۆی گەیاندبووە ئێران‌و هاتبووە ناو هێزی بارزانی‌یەکانەوە گاز کرابوو بۆ کۆبونەوەیەك لە کانگای هێزی بارزانی‌یەکان لە گوندی سەرا بە گەرانەوەی ژمارەیەك لە ئێمەی کۆ کردەوە دیار بوو هەوالّی پەلامار دانی هێزی ئێرانی ئەزانی، ئەویش بە ئێمەی راگەیاند

کە ئەبێ بە فرەمانی (ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی) لە ناوچەی خۆمان پاشەکشە بکەین واتە لە جیاتی هێرش بردن ئەبێ بکشێینەوە هەر ئەو پێی ڕاگەیاندین لقی یەك کرژەتە پاشەنگی هێزەکانی بارزانییەکان دلوای لە ئێمە کرد هەر کەسێکمان چی بە چاك ئەزانێ دەربارەی ئەو ئازوخانەی هەمانە رای خۆی دەربڕێت، بە قسەی کاك (محەمەد صالح) بوایە، ئەبوایە بەجێی بهێڵین بەڵام من زۆر بەو ئازوخانەوە هیلاك بووبووم، لام ڕەوا نەبوو وا بە ئاسانی بەجێیان بهێڵین بۆیە ووتم تکایە ڕێگە لەمن مەگرن با هەر وەکو جاران چەند گوێدرێژێك بە بێگار بگرم و چەند کەسێکی خەڵکی قارلوا بە بێگار بەرم کە ئەوان یارمەتیمان بدەن لە بەستنەوەی بارەکاندا تاکو ئەوەندەی بۆمان ئەچێت لەگەڵ خۆماندا بیبەین ئەو شتانەی کە گواستنەوەی ئاسان نیە وەکو ئەو گەنمە زۆرەی هەمان بوو، بە دزیەوە بیدەین بەو هەژارو ڕەش و ڕووتانەی لە گوندەکەدا هەبوون و لەوەو پێش یارمەتیان داوین، ئیتر هەر چۆنێك بوو ڕێگەم درایە چۆنم ئەوێ بکەومە خۆم، هێندێ تووتن و دەفتەری سیغار پێچانەوەو سابوون و جل و بەرگ هەبوون دابەشم کرد بەسەر بارزانییەکاندا، تاکو هەر یەکە بەشی خۆی هەڵگرێ گەنمەکەشمان بە دزیەوە بەخشیەوە بەسەر ماڵە هەژارەکانی ناو گوندەکە، ئەوەکەی تری هەر وەکو جاران چەند گوێدرێژێکمان هێناو بارمان کرد، پێش دەرچوونمان لە گوندی قاراوا بەرەو پشتەوە پێچەوانەی رابردوو بەلای لادێیەکانەوە سەیر بوو، بۆیە

ناچار بووین ئەو پاشەکشەییەی خۆمان لای ئەوان بەوە داپۆشین کە گوایە بەیانی زوو بارزانییەکان هێرش ئەبەنە سەر شاری سەقز، ئێمەش ئەچین لە پشتەوە چێشت و خواردەمەنی یان بۆ ئەم ئەکەین تاکو لە گەرمەی هێرشەکەیاندا برسی نەمێننەوە، کە هەواڵی تێکچوونی کۆماری ئازربایجانمان بە ئازەرییەکان راگەیاند دەستیان کرد بە گریان، چوونکە ئەیانزانی گەڕانەوەیان بۆ باوەشی رژێمی شاهنشاهی چی ئەگەیەنێ، کە بەلای کەمیەوە ئەگەر ئەکوژرێن ئەبێ هەتا ئەو رژێمە بژی جارێکی تر خۆیان و گەلی ئازەری بە دیل و ژێر چەپۆکی ئەو رژێمە گەردەن کەچ بژین.

پاشەکشەو کشانەوە:

پاش دابەش کردنی ئەو ئازوخەیەی برنجی ئاسان ئەبوو گوێندرێژێکمان بارو کردو لە نیوە شەودا بەرو سەرا کەوتینە ئاژەوتن، لەناو باری گوێندرێژەکانمان دوو سندووق تانک شکێن بۆمی تانک شکێن هەبوو، بارەکانی تریشمان برنج و ڕۆن و قەندو جل وبەرگو شتی تر بوون، زۆری نەخایاند گەیشتینە نزیک سەرا، من چووم بۆ بارەگای هێزی بارزانی یەکان، لە سەرا کە حەمەد ئاغای مێرگەسۆری و محەمەد قودسی لەوێ بوون، لەوانم پرسی کەوا ئێمە ئەبێ چی بکەین، ووتیان بەرەو بۆکان بکەونە ڕێ، گەڕامەوە لای کەروبارەکانمان و کەوتینە ڕێگا بەرەو شاری بۆکان، بەر لەوەی بگەینە بۆکان چەند قاچاخچیەکی خەڵکی پێنجوێنمان کەوتە بەر چاو لێمان پرسین حاڵی بۆکان چۆنە، ووتیان ئێوە روو مەکەنە بۆکان چوونکە روتتان ئەکەنەوە ووتیان ئێمەش قاچاخچی خەڵکی پێنجوینی عێراقین، عەشایری دەوروبەری بۆکان ڕژاونەتە بۆکانەوەو ئێمەیان رووت کردۆتەوە، ئەوەکا ئێوەش رووت بکەنەوە رووەمەکەنە بۆکان، ووتمان ئێمە هێزی بارزانین چەند

هەزار چەکداری بارزانی وان لە دواوە ئەگەر ئەزانن کێ ئێوەی رووت کردۆتەوە وەرن لەگەڵماندا بەڵکو بتووانین بۆتان وەرگرینەوە چوونکە ئەوانە ناوێرن رێگا لە ئێمە بگرن بەڵام ئەیانوێرا لە تەکاماندا بگەڕێنەوە، هەتاکو ئەو شوێنەی لووتو بزووت بە پێنجوینی یەکان گەیشتین تورکە سەربازە تازەریەکان ئەوانەی لە قاراوا لە نزیکمانەوە ئەژیان ئەوانەمان هەر لەگەڵ دا بوون، پاشان ئەوانیش لە ئێمە دابڕانو بەلایەکی تردا بەرەو چارەنووسی رەشی خۆیان ملی رێگایان گرتوو لە ئێمە جیا بوونەوە ئێمەش کە هەموومان چەکدار بووین، چەکەکانمان بە دەستەوە گرتو خۆمان کرد بە شاری بۆکاندا شارەکە کشو مات بوو دوکانو بازاڕ داخرابوون ماڵەکان دەرگایان لەسەر خۆ داخستبوو ئەوانیش دیسان چاوەڕێی چارەنووسی رەشی خۆیان ئەکرد کە ئەبێ دوژمنی داگیرکەر چۆنیان لەگەڵ بجوولێتەوە، چۆنیان لەگەڵ رەفتار ئەکا؟ ئەو دوژمنەی چەند ساڵێك بوو چارەی بەد فەساڵی لە گۆڕێدا نەبوو کە هەر یەکە هێشتا شتی زۆری لە کردەوە پیسەکانی دوژمنی لە یادا مابوو، لە شاری بۆکان بەرەو ئەو پردەی لە دەرەوەی شار دروست کرابوو ملمان ناو پەڕینەوە تازە رۆژ هەڵات بوو گوێدرێژەکان پێویستیان بە پشوودانێك هەبوو هەروەها ئێمەش بۆ ئەوەی هەم پشوو بدەین هەم ناشتا بکەین بارەکانمان لە گوێدرێژەکان کردەوەو خۆشمان دەستمان کرد بە نان خواردنی بەیانی هێنەمان زانی فڕۆکەی ئێران بە ئاسماندا کەوتنە گەڕانو

بەیاننامە بڵاو کردنەوە بەڵام فڕۆکە تەقەو دەستڕێژی نەدەکرد پاشان گوندڕێژەکانمان بار کردەوەو بەرەو مەهاباد کەوتینە ئاژاوتن بۆ ئێوارە لامان دایە گوندێک علی ئاغا ناوێک کە ڕێشێکی سپی بەر دابووەوە پێشەوازی لە خەڵکەکە کرد، واتە لە بارزانی‌یەکان کە هەتا ئەمەات ژمارەیان زۆرتر ئەبوو هەمووومان بە چەکەوە دوای نان خواردن بۆ نووستن دابەش کراین بەسەر مزگەوت و هێندێ ماڵدا بەڵام هەر ئەو ئێوارەیە هێشتا بە تەواوی ڕۆژ تاریک نەبوو بوو، کە چەند تەقەیەک کرا سوارێک بە تیژی خەریکی هەڵهاتن بوو توانی خۆی قووتار بکا و هەڵهات ئەو سوارە نەگبەتە، تفەنگێکی فڕاندبوو دیارە دەستی دابووە پیاو خراپی لەو بازاڕ شێوایەدا. شەومان لەو گوندە ڕۆژ کردەوە بەیانی زوو بەرەو مەهاباد کەوتینە ڕۆیشتن، ئاسمان وورده وورده کڕێوەی ئەکرد و بەفر ئەباری ئەوە بۆ یەکەم جار بوو بەفرمان لێ بباری بە درێژایی ڕۆژ بە ڕێگەوە بووین، بۆ ئێوارە لە گوندێکی سەرڕێدا لاماندا، شەوێکیشمان لەوێ بردە سەر ڕۆژی دوای بەر لە نیوەڕۆ گەیشتینە شاری مەهاباد بەڵام شار ئەو شارە خۆشەی جاران نەبوو پێشان لە ساو سێبەری کۆماری میللی کوردستاندا خەڵکی مەهاباد هەموو ڕووخۆش ئازادانە خەریکی کارو کاسبەتی خۆیان بوون، کەچی ئێستا خەڵکەکە چوونەتەوە قاوغ و قەپێلکی خۆیانەوە، هەموو کش و مات بازاڕ و دوکانەکان هەموو داخرابوون کەس لە ماڵ دەرنەدەچوو ، تاکە تاکەیەک نەبێ لە

پەناوە ناناوایەك یان كەبابچیەك دووكانەكەی كردۆتەوە ئیتر كەسانی تر بە سەركزی چوونەتەوە ماڵو خزاونەتەوە كۆڵانەكانی خۆیانەوەو بە دڵە كوتێوە چاوە چاوی چارەنووسی رەشی خۆیان ئەكرد، كە ئەبێ دوژمنی داگیركەر جارێكی تر چۆن تۆڵەیان لێ بستێنێ ئەو دوژمنەی كردەوەو رەفتاری پێشوویان وەك تاپۆیەك (شەبەح) بە بەرچاوی خەیاڵیاندا ئەهات كە كەس چاوەروانی چاكەی لە دوژمنی نەئەكرد ئەیانزانی كە بە وێنەی نێچیر ئەكەونە چنگی دڕندانەی دوژمنی داگیركەر هەر چۆنێك بوو ئێمە دوكانێكی كەبابچیمان دۆزیەوە لەوێ نانمان خوارد ئەو چەند لادێیە كە بە بێگار لە گوندی قارلواوە هێنابوومان تاكو مەهاباد لەگەڵماندا مابوونەوە بەڵام كە حاڵو ئەحواڵی مەهابادیان بە چاوی خۆیان دی، بە ناوی نان خواردنەوە دەرفەتیان هانیو گەڕانەوە بەڵام ئەو داماوانە گوندرێژەكانیشیان بەجێ هێشت، ئیتر ئێمە بە ناچاری خۆمان بارەكانمان لە گوندرێژەكان بەستەوەو بووین بە خاوەنیان تاكو شاری نەغەدە.

وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ئێران:

لە گوندێک لە گوندەکانی نێوان مەهاباد و نەغەدەدا، شێخ ئەحمەدی بارزانی برا گەورەی مەلا مستەفا ژمارەیەک لە گەورە پیاوانی ئەو رۆژەی بارزانییەکان کۆ ئەکاتەوەو پاش لێکدانەوەی باری رۆژ بڕیار ئەدەن لەگەڵ دەوڵەتی شاهنشاهیدا بکەونە گفتوگۆ بۆ ئەم نیازە وەفدێک بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی پێک هات و رووییان کردە تاران ئیتر بارزانییەکان تا گەڕانەوەی ئەو وەفدە لە شاری نەغەدەو شاری شنۆ و دەشتی تەرگەوەڕو مەرگەوەڕو گوندەکانی ئەم ناوچەو هەرێمە کوردەواریەدا بڵاو بوونەوە کاروباری بارزانییەکان لەلایەن شێخ ئەحمەدی برا گەورەی مەلا مستەفاوە ئەبرا بەڕێوە لە نەغەدەو گوندەکاندا نوێنەری ئەو هەبوو هەر گیروگرفتێک بهاتایەتە پێشەوە ئەوان چارەیان بۆ ئەدۆزیەوە، لەو ماوەیەدا لەسەر هەر بەرزاییەک قوللە بەرانبەر سوپای ئێران دروست کرا هەر کەسێک بە رێگاکان تێپەر بوایە و نەناسرایە تاکو نەیانزانیایە کێیەو بۆ کوێ ئەچێ نەیدەتوانی هات و چۆ بکات بە تایبەتی ئەگەر چەکدار بوایە: بۆ ژیان و گوزەرانی بارزانییەکانی شارو دێهاتەکانیش رێکوپێکیەک

هەبوو لە شارێكی وەكو نەغەدە هەر چەند بارزانی‌یەك هەفتەی یەك دووجار گۆشتیان وەرئەگرت، هەروەها نانیش لە چەند نانەواخانەیەكی نەغەدە ئەدرا بە بارزانی‌یەكان، لەبەر ئەوەی شەكر كەم بوو چای دیشلەمە بە نوقڵ ئەخورایەوە، ئەو پێویستیانەی ژیان دابەش ئەكرا، بەسەر بارزانی‌یەكاندا بە خۆڕایی لەگەڵ ئەوەشدا برسێتی روو لە پەرەسەندن بوو بارزانی‌یەكان زۆر رقیان لەوانە بوو كە بە دزیەوە ئەچوون خواردنەوەیان ئەكڕی لەوماڵە جوولەكانەی شەرابیان دروست ئەكرد هەر لەوێش ئەتووانرا شەراب خۆر دانیشێ و شەراب بخواتەوە، رۆژێكیان خەبەر دار بوو بە بارزانی‌یەكان بەوەی لە یەكێك لەو ماڵانە هەندێ سەرخۆش هەیە بارزانی‌یەك بە چەكەوە نێردرا كە بچێت هەر سەرخۆشێك لەوێ بیانگرێ و بیانبات سزا بدرێن، منیش بە دوای ئەو بارزانی‌یەی دانرابوو تاكو ئەم كارە جێبەجێ بكات رۆیشتم زۆری نەخایاند خۆی كرد بە یەكێ لەو ماڵانەدا كوڕێك بەناوی (سیدا) خەڵكی لای رەواندوزی عێراق بوو ئەو بوو بە داوەوەو هەر لە ژووری خواردنەوەكەدا دایە بەر شەقان و پاشان دایە پێش خۆی و گەیاندیە سەر قەڵاتی نەغەدە (حەمەد ئاغای مێرگەسووری) كوڕەی دایە بەر دەمانچەو برینداری كرد بەڵام سەیدا خۆی هاویشتە پاڵ سلێمان بەگ ناوێك، كە ئەویش ئاغایەكی كوردی عێراق بوو لەبەر خاتری ئەو نەبووایە نەیانكوشت، ئەم رووداوە رووداوێكی ترم بیر ئەخاتەوە كە كاتی خۆی لە قاراوای لای سەقز روویدا رۆژێك

جەلال امین کە بەگ پلەی مایۆری درابوویەو کرابوو بە ئامێری لقێك لە گوندی سەرچاوەدا دائەنیشت، بە میوانداری هاتبووە بۆ لای ئێمە مێوان بوو لای ئامێری لقی یەکەم کاك محەمەد صالحی ژاژڵەیی ئاغای قاراوا ناوی عبداللە ئاغا بوو، لە فەیزوللاّ بەگیەکانی دەوروبەری شاری سەقز بوو ئەو(عبداللە ئاغا)یە جەلال امین بەگی بۆ مێوانداری بانگ کردبوو، لەوێ ئارەقی خواردبووەوە کە لە ماڵی ئاغا دەرئەچن لەگەڵ برادەرێکیا کە سەرخۆش ئەبن و رۆیشتن و قسەکردنیان بارزانی یەکان ووریا ئەکاتەوە کە ئەوانە سەرخۆشن، کاتێك هەموو بارزانی یەکان زانیان ئەوانە سەرخۆشن بە نیازی کوشتنیانن ئەوانیش بە پەلە پرۆزێ خۆیان کرد بە بارەگای لقی یەکەمدا کە باڵەخانەیەکی بچووك بوو، بارزانی یەکان ئابلوقەی شوێنەکەیان داو تاکو نەیەڵن دەرچن و خۆیان دەرباز کەن، کاك جەلال امین بەگ داوای لە من کرد کە فریای کەوم و بچم خەبەر بدەم بە بارەگای هێز لە (سەرا) منیش بۆ ئەوەی کارەساتێکی خوێناوی روونەدا، خۆم دزیەوەو بە پێ بەلاّم بە گورجی و بە راکردن خۆم گەیاندە بارەگای هێز هێشتا (مستەفا خۆشناو) لەوێ مابوو بەوم ووت، تاکو فریا کەوی بەلاّم ئەو ووتی: من چیم پێ ئەکرێ با (حەمەد ئاغای مێرگەسووری) لە نوێژ بێتەوە بەڵکو ئەو چارەسەرێکیان بکات کە (حەمەدئاغا) لە نوێژ بۆوەو زانی بۆچی هاتووم کاتی نان خواردنی ئێوارە بوو بە گورجی نان خوراو بە سواری جێبێك زوو گەیشتە قاراوا منیش لەگەڵیا

گەڕامەوە، تاكو هاتنی حەمەدئاغا بارزانی‌یەكان لە دەوروی باڵەخانەكە دوور نەكەوتبوونەوەو كاك محەممەد صالح ژاژڵەیی هەر ناوبژی ئەكردو لە بارزانی‌یەكان ئەپاڕایەوە كە وازیا لێ بێنن، بەڵام كە حەمەدئاغایان دی بە گورجی ناچار بوون وازیان لێ هێنان هەروەها هەر لە قارلوا هێشتا من تازە بووم لەناو بارزانی‌یەكاندا ڕۆژێكیان هاوین بوو ڕۆژەكەی زۆر گەرم بوو بە دەرپێیەكی دڕیژی كوردی‌یەوە بەسەر رووتی چووم بۆ مزگەوتی گوندەكە، كە گەڕامەوە بارزانی‌یەكان ناردیان بە دوامدا میرزاغا كە كرابوو بە سەرچل و لەبەر ئازایەتی پلەی (كاپیتان)یان دابوویە وتی: جارێكی تر ئەگەر بەسەری رووتی و بە تونی دەرپێی كوردی دڕێژ بچێت بۆ مزگەوت یان بەناو گوندا بسوڕێیتەوە ئەتكوژین، ئەو ڕووداوانەو گەلێكی تر ئەوە ئەگەیەنن كە بارزانی‌یەكان زۆر دەربەست بە ئابڕووی خۆیان بوون هەرگیز نەیان ئەتوانی چاوپۆشی لە كەسێك بكەن لەكەی بە بارزانی‌یەكانەوە ئەدا، لەناو كوردەواریدا لە هەموو لایەكدا پەیڕەوی لێ ئەكرێ هەروەها لەكاتی كۆماری میللی كوردستانیشدا تریاك كێشان قەدەغە بوو بەڵام هەركە كۆماری میللی كوردستان و ئازربایجان نەما تریاك كێشان وەكو جارانی لێهاتەوە لە نەغەدە بە چاوی خۆم دیومە لە هەجمە تریاكیی‌یەكان لوولەی تریاكی بە دەستەوە گرتوەو وتویە: (زیندەباد شاهنشاه)ئەمەشیان بۆیە ئەكرد چوونكە ئەیانزانی لەساو سێبەری ئەو جۆرە ڕژێمە بۆگەنانەدا ئەبێ ڕێگا بەرەڵا

ناکرێ، گەل میللەت دووچاری ئەو جۆرە رەوشتە چەوتانە بن، چوونکە میللەتی بەنگ کێش ئاگای لای چۆنیەتی ژیان و زیندەگی نامینێ، پیاوی تلیاکی هەموو رەوشتە چاکەکانی ناو کۆمەڵ پێشێل ئەکاو بە تەنگ هیچەوە نایەت.

گەرانەوەی وەفدەکە:

گەرانەوەی وەفدەکە لە تاران نزیکەی (40) رۆژی خایاند لەو ماوەیەدا گەلێك جار ئەدرا بەسەر قوللەو نوختەکانی دوژمندا بەو نیازەی بتوانین بە خورتی پیاوانی وەفدەکە لە قورگی دوژمن دەربێنین چوونکە هەموو ئەمانزانی کە ئەوان لەبەر بەرژەوەندی ئێمە روویان کردۆتە تاران ئەنجامی ئەو دەست وەشاندنە ناچار دوژمن رێگەیدا وەفدەکە بگەرێتەوە یان وەکو ئەوترێ وەفدەکە دەستیان بە نیهاد خراپی دوژمن کردبوو خۆیان دزیبۆوەوەو گەیشتنەوە ناو ئێمە، ئیتر هەر چۆنێك بوو مەلا مستەفا گەرایەوە ئەگەرچی هەتاکو ئێستاش بە تەواوەتی نازانم و بە نووسین ئەمدیوە کە بە راستی دوژمن ووتووێژی چی لەگەڵدا کردون، بەلأم ئەوەی بە بیستن بیستبووم ئەوە بوو کە بە وەفدەکە وترابوو کە ئەگەر بێت و چەك دانێین ئەوا

دەوڵەتی شاهنشاهی ئێران لێمان خۆش ئەبێ و داڵدەمان ئەدات لە ناوچەیەکی وەکو هەمەدان زەویمان بداتێ و خەریکی کشتوکاڵ بین و ژمارەیەک لە گەورە پیاوانی بارزانییەکانیش لە تاران دەستبەسەر دانیشن، ئەگەر ئەم مەرجە قبوڵ نەکەین ئێران لێمان گەڕێ تاکو زستان بەسەر ئەچێ و ئەو کاتە خاکی ئێران بەجێ بێڵین و بگەڕێنەوە بۆ عێراق، دیسان وەکو ئەوترا (مەلا مستەفا) لە وەڵامدا ووتبووی: من نوێنەری بارزانییەکانم ئێمە عەشیرەتێکین سەرۆکمان شێخ ئەحمەدی بارزانییە، ئەبێ بگەڕێمەوە لەگەڵ وەفدەکە هەرچییەک ووتراوە بیخەمە بەردەمی شێخ ئەحمەدو بارزانییەکان، ئەگەر قایل بوون بە مانەوەمان لە ئێران ئەوا چەک دائەنێین ئەگەر قایلیش نەبوون ئەوا بەهار روو ئەکەینەوە خاکی عێراق، ئەگینا هەرچییەک ئێمە لێرە پەسندی بکەین لەوانەیە ئەوان هەڵیوەشێننەوە ئیتر بەم جۆرە خۆیان قووتار کردبوو، لەو داوەی دوژمن و توانیان بگەڕێنەوە لامان.

ڕووداوێکی خوێناوی:

عەشیرەتێک لە عەشیرەتە کوردەکانی ئەو ناوچەیەی بە دەست بارزانییەکانەوە مابووەوە ئەو عەشیرەتە بوو بە دوو بەرەوە بەرەیەکیان دۆستو لایەنگری بارزانییەکان بوون بەرەی دووهەمیان حەزیان بە نۆکەریو خۆ بەستنەوە بە ئێرانەوە ئەوانەی دوژمنایەتی بارزانییەکانیان ئەکرد بە دزیەوە لە گوندێک لە گوندەکانی خۆیاندا خەریکی بەستنی کۆڕێک بوون بۆ راوو تەگبیر کردن بۆ پەلامار دانی ئەو بارزانییانەی لە ناوچەی ئەواندا ئەژیان، بەرەی دووەم کە سەر بە برا بارزانییەکان بوونو ئاگایان لە جموجۆڵی ئەوان بوو مەلا مستەفایان لە رۆژی کۆبونەوەی ئەو ئاغایانە ئاگادار کردبوو، مەلا مستەفاش کە کاتو شوێنی کۆبونەوەی ئەو ئاغا خۆفرۆشانەی زانیبوو بە ژمارەیەک بارزانی دەوری گوندەکە ئابلۆقە ئەدەنو پاشان دوو قارەمانی بارزانی لەناکاو خۆیان ئەکەن بە ژووری ئاغا ناپاکەکاندا لە گەرمەی ووتووێژیاندا ئەبن کە دوو چەتەوڵی چاوقایمی سەرسەختی بارزانی ئەبینن وا وەکو دێو لەبەردەمیاندا قووت بوونەتەوە، هەموو ئەحەپەسێن بە تایبەتی کە یەکێک لە بارزانییەکان کە ناوی میرزا ئاغا رەشید بوو، بە توندی ئەنەڕێنێ بەسەریانداو ئەڵێت: بە ئەمری

مەلا مستەفای بارزانی ئەبێ هەر هەمووتان هەر ئێستا چەك دانێن و خۆتان بدەن بە دەستەوە ئەوان كە بە خەیاڵی كەسیاندا نەهاتبوو كە نەتەوەی كورد پیاوی وا ئازاو دلێری هەیە، تە لە شێر كۆ ناكاتەوە، قەڵەمی دەست و ئەژنۆیان ئەشكێ كەسیان ناوێرێ زمان هەلبێنێتەوە تەنیا كوڕە ئاغایەكەیان ئەبێ ئەڵێ چما ئێمە ژنین چەك دانێین؟ میرزا ئاغا كە فەرمانی پێ درابوو كە خۆی سەرپشكە چۆنیان لەگەڵ ئەجولێتەوە بەبێ سێ و دوو بەو ئۆتۆماتیكەكەی بە دەستیەوە ئەبێ كە سێ و دوو فیشەكی تیا ئەبێ دەستڕێژیان لێ ئەكاو تاقیان دەرناچن تەنانەت دایكی یەكێك لە كوڕە ئاغاكان كە ژوورەكەی بەسەر دیوەخانەكەدا ئەبێ و دەرگایان لە نێواندا ئەبێ ئەویش كە كوڕەكەی لەناو ئەو ئاغایانەدا ئەبێ و بە گوللەی میرزا ئاغاوە ئەبێ و تەنیا خزمەتچیەكی ئاغاكان كە چاو قاوەیان بۆ دائەنێ ئەو خەنجەرێكی لەبەر پشتێندا ئەبێ دێتە دەست و خەنجەرێك لە رانی میرزا ئاغا ئەدا، بۆیە ناچار ئەبێ ئەویش هەر لەوێدا بكوژن، دوای ئەو كارەساتە خوێناویە هەرچی چەك و دووربین و ئەسپ و كەل و پەل و هەرچی بەكاری شەڕ بهاتایە هەموویان لەو گوندانەی سەر بەو ئاغایانەبوو داگیر كردو لەسەر فەرمانی مەلا مستەفا ئەو گوندانە چۆڵ كران دەوڵەتی ئێرانیش ئەو رووداوەی كرد بە بیانوو كەوتە جموجۆڵی سەربازی لە دژی هێزە بارزانیەكان.

چۆڵ کردنی نەغەدە:

دوای ئەم رووداوە خوێناوییە شاری نەغەدەش کە لە لایەکەوە نزیک بوو لەو ناوچەیەی کە بارزانییەکان خۆیان چۆلیان کرد، و بەوەی نەغەدە کەوتۆتە دەشتاییەوە بەرگری لە نەغەدە زۆر ئەکەوت لەسەر بارزانییەکان بە تایبەتی کە هێزێکی گەورەی دژ بە کورد لە قەرەپەپاغ ئە تورکی ئازەرین بۆ پیاو خراپی دەربارەی کورد سەریان پێوە نەبوو، بۆیە بە ناچاری بەبێ شەڕو بەرگری بەجێمان هێشت، باری گوندرێژێک کتێب و پەرتووک هەبوو نامان لە یەکێ لەو گوندرێژانەی کاتی خۆی لە قاراوا هێنابوومان و لامان مابوونەوە بە باری ئەو گوندرێژە کتێبەکانمان برد بۆ شاری شنۆ بردمان دامانە دەست (خەبوالله عبدالکریم)شەویش هەر لە ماڵێ ئەو نووستین، لە خوارەوە سەر تەنورێکیان هەبوو لەو سەر تەنورە رۆژمان کردەوە، ئیتر وورده وورده ئەو بارزانییانەی لە نەغەدە مابون نەغەدەیان بەجێ هێشت، و روویان ئەکردە شاری شنۆ.

کێشەیەکی چل ڕۆژی:

سوپای ئێران کەوتە گەمارۆدانی ئەو ناوچانەی کە بە دەستی بارزانی‌یەکانەوە مابوو، بۆ ئەم کارە جگە لە هەموو سوپای ئێران هەرچی قەرەپەپاغ هەبوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئاغایانی کورد و ئازەری شان بە شانی ئەو سوپا گەورەیەی ئێران کە بە کەلەکۆمەکی ئەمیان ویست قڕمان بکەن، ئەوانە هەموو کۆکرابوونەوە بۆ هێرش بردن و پەلاماری ناوچەکانی سەر بە بارزانی‌یەکان، ئەگەرچی بارزانی‌یەکان تۆپیان هەبوو چەکێکی باشیش لە شانی بارزانی‌یەکان دا بوو، کە کاتی خۆی لە کۆماری ئازربایجانی ئێران وەریان گرتبوو یان لە کێشەو شەڕەکاندا دەستیان کەوتبوو لەگەڵ ئەوەشدا لەچاو چەک‌وکەرەسەی سوپای ئێراندا جێگای بەراورد نەبوون. بەلام ئەوەی کورد و بارزانی‌یەکان هەیان بوو ئێرانیەکان نەیان بوو، ئەو ئیمانە توندو مەحکەمە بوو کە بە چەند بارزانی‌یەك ئەتووانرا گوردانێك ڕاو بنێنن و بیان گرن، کەچی بۆ دەرمانیش ئەو هەموو هێزەی ئێران نەیتووانی بارزانیەکیش بە دیل بگرێت.

بارزانی‌یەکان زۆر مل کەچی گەورەی خۆیان بوون هەرگیز سەر کێشی و هەڵگەڕانەوە و لاساری و فەرمان شکاندنیان لەناودا نەبوو، هەروەها بارزانی‌یەکان هەرگیز لەگەڵ دیلە ئێرانیەکاندا دڵرەق نەبوون ڕێگە نەئەدرا جنێو بە دیل بدرێت یان بکوژرێت، دیسان بارزانی‌یەکان زۆر جەنگاوەرو ئازاو دلێر بوون، ئازایەتی لەناویاندا هەر بۆ چەند کەسێک نەبوو، بەڵکو ئەو گیانی ئازایەتیە هەموویانی گرتبووەوە بەلام تاکەی وا هەڵکەوتبوون کە نەک هەر ئازاو دلێر بوون و بەس بەڵکو بە ڕاستی قارەمان و پاڵەوان بوون لە مەرگ و مردن سڵیان نەئەکردەوە شارەزاییەکی زۆریشیان هەبوو دەربارەی هونەری جەنگ بۆیە لە کێشەو شەڕ و بەیەکدا دانا لەگەڵ دوژمن زۆر بە دەگمەن بریندار ئەبوون لەوەش کەمتر ئەکوژران، سەد بارزانی بە ئاسانی ئەیانتووانی لە ڕووی چەند هەزار سەربازی ئێرانی‌دا بجەنگێن و تێکیشیان بشکێنن.

بارگرانی ماڵو منداڵ:

ئـەوەی پشـتی بارزانی‌یـەکانی شـکاندبوو مـاڵو منـداڵ بـوو، واتـە ژنو منداڵـەکانیان بـۆ ئـەوەی نەکەونـە بـەر دەسـتی ئێرانیـەکان لـە گەرمـەی شـەڕەکاندا زۆرێکـی پیـاوە چـەکدارەکان بـە دیـار ژنو منداڵەکانیانـەوە ئەمانـەوە لـەم دێ ئەیانگواسـتەوە بـۆ ئـەو دێ لـەملا ئـەبران بـۆ ئـەولا، بۆیـە هـەروەکو جـەنگاوەرەکان بـە دیـل ئـەدەگیران ، رێگـە ئـەدەدرا دوژمـن بتوانـی مـاڵو منداڵـی بارزانی‌یـەکان بـە دیـل بگرێـت، بۆیـە هـەر خـێزانێکی بـارزانی ئەگـەر دوو پیـاوی شـەڕکەریان هەبووایـە هەمیشـە یـەکێکیان لەگـەڵ مـاڵو منداڵـی خۆیـدا ئەمایـەوە، بـە نیـازی ئـەوەی لـە تەنگانـەدا بـۆ گواسـتنەوەیان فریایـان بکـەوێ، تـاکو ئـەندامی ئـەو خێزانـە ژن بـێ یـان منـداڵ بـێ چەواشـە نـەبێ و مەترسـی بـە جێمـانو گرتـن سـەریان لێ نەشـێوێنێت، بۆیـە هەمیشـە بەشـی هـەرە زۆری جـەنگاوەرە بارزانی‌یـەکان بـە دیـار خێزانەکانیانـەوە ئەمانـەوەو بـەو جـۆرە ژمـارەی جـەنگاوەرەکانی رووبـەرووی سوپای ئێران زۆر کـەم ئەبوونـەوە.

ژمارەی هەموو بارزانییەکان و ئەوانەی لە دەوری ئەوان کۆ بوویوونەوە نزیکەی(20.000)کەس بوون بەلاّم ژمارەی هەموو جەنگاوەران لە (4.000)کەس تێنەدەپەڕی، لەو چوار هەزارش تەنیا نیوەی لە شەڕەکاندا ئەیانتووانی بەشداری بکەن.لەو (20.000)ە نزیکەی (400)کەسێکی کوردی عێراقی بوون ژمارەیەکی کەم کوردی ئێرانیشیان لە تەکدا بوو هەروەها نزیکەی دە کەسێکیش ئازەری فارس هەبوون، چەند کوردێکی سوریەش تاکو ئەو رۆژانەش هەر لە رێزی جەنگاوەرە بارزانییەکان دا بوون، فارس و ئازەریەکان بە زۆری ئەفسەری سوپای ئێران بوون، بۆیان نەکرابوو خۆیان بگەیینە شورەوی لە کاتی شکانی سوپای ئازربایجانی ئێران دا لەوانە یەکیکیان ناوی (تەفرشیان)بوو یەکێکی تریان ناوی (مەحمود) بوو(تەفرەشیان)فارس بوو بڕیاری دابوو خۆی نەدات بە دەست سوپای ئێرانەوە کرابوو بە تۆپچی لەسەر یەکێ لە تۆپەکانمان، مەحمودیش لێپرسراوی ئەو چەند ئێسترانە بوو، کە ئامادە کرابوون بۆ گواستنەوەی تۆپەکە، بە پارچە پارچە کراوی منو چەند کەسانێکیتر بۆ پارمەتیدەری ئەو دووانە بووین، لە هەر لایەك پێویستی بکردایە بە گورجی تۆپەکەمان لەو ئێسترانە بارو ئەکردو لە کاتو شوێنی لەباردا بەرانبەر بە دوژمن دامان ئەبەست.

کێشەی سەر گردی نەلۆس:

مــن و هــەڤاڵێکم بــەناوی (محەمــەد عــەلی کــوردی) خــەڵکی سـلێمانی بــوو هــەردووکمان پارمــەتی (تەفرەشــیان)مــان ئــەدا (محەمــەد عــەلی کــوردی) فارســی و تورکیشــی ئــەزانی شــەو لــە گونـدی خنخنـە نووسـتین، بـەیانی بـەر لـە هـەتاو کـەوتن لـەگوندی خنخنـە دەرچووبووین، چوینـە سـەر کانیـەك بـۆ نـاو خواردنـەوە، دەسـتەوارەیەکی گـەورە نـان و پـەنیرمان لەسـەر کانیەکـە دۆزیـەوە بردمــان لەگــەڵ برادەرەکــانی ترمــاندا نــانی بــەیانیمان خــوارد، هـەواڵ بـە تەفرەشـیان گەیشـت کـە بـە گورجـی تۆپەکـە بـار کـات و بیگەیەنێتـە بەرانبـەر گونـدی نـەلۆس.

پــاش نــان خــواردن بــە گورجــی تۆپەکــەمان بــە پارچــەکراوی لــە ئێســترەکان دابەســت و ملــی رێگامــان گــرت، تومــەز لــە گــردی نــەلۆس (گوردانێــك) ســەربازی ئــێرانی ئابلۆقــە درابــوون، بارزانیـیەکان رێگــای هاتنــە خوارەوەیــان لێ گرتبــوون، ئــەیان ئەتوانی لـە نـاوی گونـدی نـەلۆس کـەڵك وەرگـرن،بۆیـە بـە تێنوێتـی مابوونــەوە ئەبوایــە ئێمــە بــە تۆپەکــەمان دە گوللــە تۆپیــان پێــوە

سالێکە بوو کەوەد..

بنێین و پاشان بارزانی‌یەکانی دەوروبەری گردەکە هێرش بەرنە سەریان،بەر لە نیوەڕۆ تۆپەکە گەیەنرایە گوندی سەبزە، لەپشت بەرزاییەکەوە پارچە تۆپەکانمان لەئێسترەکان کردەوەو دامان بەستو رووومان کردە گردی نەلۆس((تەفرەشیان)) لەسەر بەرزاییەکەی پێش تۆپەکە دووربینی تۆپەکەی لەسەر سێپاکەی داناو کەوتە ئەندازە وەرگرتن،پاشان فەرمانی تۆپ ئاگردانی دا بەوەی هێشتا فێری کوردی نەببوو هەر لەسەر شێوەی سوپای ئێران ئەیووت: ئاتەش، کەووشەیەکی تورکیە بەلام فارسەکانیش بەکاری دێنن. دوای تەواو بوونی تەقاندنی دە گوللە تۆپ، بەرانبەر ئەو گردەی سەربازە ئێرانیەکان خۆیان تیادا شاردبووبووە، بەدووربینی تۆپەکە بەوەی زۆر لێیان نزیک بووین، ئەوەندەی تری نزیک ئەکردنەوە هەروەکو لەبەردەمماندا بن، حالو ئەحوالی ئەوانمان ئەبینی،کە چۆن ئێستری تۆپ لەوناوانەدا بەلەسە بوون،و لە ترسی گرمەی تۆپ هەڵدێن.چەند کەسێکمان بە تەفریشیانمان ووت: ئەمانەڕێ بەشداری بکەین لە هێرش بردندا بۆ سەر گردەکە ئیزنی چوونی داین، ئیتر ملمان ناو لەتەنکاوی ئاوی گادەر پەڕینەوەو زۆری نەخایاند تەقە کردن نەماوخۆیاندا بەدەستەوە، لەو کاتەدا کە بە گردەکەدا هەڵدەگەڕاین، لاوێکی بارزانی کە گوللە لە ناوچەوانی دابوو،بەسەر برینەکەیدا کەوتبوو، کوژرابوو. کە گەیشتینە سەر گردەکە چی ببینین، هەر سەربازو ئەفسەری ئێرانی بوون بەسەر یەکدا کەوتبوون ژمارەیەکیش برینداربوون، لەناو

کوژراوەکـاندا سـەرگوردەکەیان کـە نـاوی سـەرگورد(کلاشـی)بـوو سـاچمەی گولـلە تـۆپ ژێـــــر چەناگـــەی هەڵتـەکاندبوو، بـە حـــاڵ گیانەگۆنەیـــەکی تیـــا مـــابوو (مـــەحمود) ئەوئەنســـەرە ئازەرییـــــەی ئێســـــترەکان بـــــەو ســـــــــــــپێردرابوو دەمانچەیـەکی هـەبوو بـۆ ئـەوەی لـە ئـازارو ناڵـەناڵ رزگـاری بکـا، گوللەیـــەکی نـــا بـــە کەللـــەیداو کوشـــتی، ئێســـترێکی بریـنـــدار لنگـەفرتێی بـوو لـەناو ئـازار لەقـەی ئەکێشـا بەسـەر سـەرگورد کلاشـیدا ئـەو سـەرگوردە نەگبەتـەش هـەر کـورد بـوو، خـەڵکی کرماشـان بـوو لـە نەگبـەتی کـورد هـاتبوو بـۆ دوژمـن کـورد بکـوژێ. لـە هـەموو شـت سـەیرتر ئـەوەبوو سـەربازە دیلـەکان کـە ئـەچوون بیـانگرین، و کۆیـان بکەینـەوە هەرکـە لێیـان نزیـك ئەبووینـەوە هەلئـەهاتن، هـەر چۆنێـك بـوو بـەوەی ئـەوانیش زۆریـان کـوردی کرماشـانی بـوون، لێمـان پرسـین کـە بـۆ هـەڵدێن لـە وەڵامـدا ئەیانووت: ئێـوە کـوردی بـارزانین پیـاوخۆرن ئێمـە پێمـان ووتـراوە کە خۆمـان نـەدەین بـە دەسـتانەوە ئـەوەکا بمـان خـۆن، تێگەیشـتن درۆیـە ئێمـە پیـاوخۆر نـین بـە ئاسـانی ئـەوەی نـەکوژرابوو یـان برینەکـەی سـەخت نـەبوو، ژمارەیـان سـەد کـەس زیـاتر بـوو هەموویانمان رێز کرد، داوامـان لـە خۆیـان کـرد، کـە بچنـە ژێـر باڵی بریندارەکانیانـەوە لـە کـاتی هێنانـە خوارەوەیـاندا بـۆ گونـدی نـەلۆس چـەکو جبەخانـەو کەرەسـەیەکی زۆری سـەربازیمان دەسـت کـەوت، لـەناو چەکـەکاندا دوو تـۆپ و چـەند رەشاشـی گـەورە (مسلسـل سـنگین) هـەبوون، کـە بـە ئێمـتر نەبوایـە

نەدەگوێزرانەوە هەروەها چەن جیهازی لاسلکی و دووربین و شتی تری بەکەڵك مەن(مسلسل)ێکی سەبك کە لەسەر سێپا دائەنرێت کەمێك لە تفەنگ گرانترە ئەو مسلسەلە و بوقێکی سەربازی (شەیپور) بۆ یاری کردن لەگەڵ خۆمدا هێنابوومەوە، بە چوار کەس دیلەکانمان پێش خۆمان دان و لە گردی نەڵۆس هێنامانتە خوارەوە بریندارەکانمان ناردنە مزگەوتی گوندەکە و ئەوانی تریش پاش ئەوەی ناویان خواردەوە و کەمێك بووژانەوە بە چوار کەس هەر چوار لامان لێگرتن و دەمەو ئێوارە گەیشتینە شنۆ، دیلەکان برانە مزگەوتەکانی شنۆ، ئەوە بوو دیلەکان ئەیانووت وایان بردۆتە مێشکی ئێمەوە کە بارزانی‌یەکان پیاوخۆرن، دیارە سوپای ئێران کە بەرانبەر پێشمەرگەکانی دلاوەری کورد وەرەیان بەردابوو بە خورتی هێنرا بوون بۆ شەڕ لە شەڕیشدا خۆیان نەدەگرت هەڵئەهاتن جا بۆ ئەوەی خۆیان نەدەن بە دەستەوە پەنایان بردبووە بەر ئەم درۆو دەلەسانە کە گوایە کورد بە تایبەتی بارزانی‌یەکان پیاوخۆرن، دیارە دوژمنانی گەلی کورد هیچ کاتێ لەو ناڕوو ناتۆرانە بەولاوە ناتوانن راستی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە پێناوی مافە خوراوەکانیدا بسەلمێنن هەمیشە دوژمنانی کورد پڕوپاگەندەی پڕوپوچیان لە دژ کورد کردووە، بۆ پێشێل کردنی مافی رەوای خۆی لە هەڵبژاردنی ژیانی سەرفرازی و ئازادی نیشتمانیدا.

کێشەو شەڕی دەربەند:

دەربەند شوێنێکە ئەکەوێتە نێوان نەغەدەو شنۆوە کاتی خۆی شاری نەغەدە بەبێ شەڕ کردن چۆڵ کرابوو، ئەو شارە دوای چۆڵ کردنی کرابووە بنکەو شوێنی جموجۆڵی سوپای ئێران ، کە نیازی گلاوی ئەوە بوو، بە گەلەکۆمەکێ فرمان بکا، کەمو زۆرێک هەواڵی ئەو جموجۆڵەی دوژمن ئەگەیشتە لامان، بەوەی سوپایەکی گەلێك زۆری ئێران و هەروەها هێزی چەکداری قەرەپەپاغ و لەگەڵ هێزی ئاغا خۆفرۆشەکانی کوردی ئەو ناوەدا، ئەو هەموو هێزانە دانرابوون کە بە پشتیوانی تۆپ و تانك و فرۆکە هێرش بکەنە سەرمان لە بەرانبەر ئەو هەموو هێزانەدا کە لە (20.000) تێپەڕی ئەکرد، نزیکەی (300)چەکداری بارزانی لە ئارادا بوون بۆ چاوشکاندنی چاوی دوژمن دەسپێشکەری کرا، لە جیاتی ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بین دوژمن هێرش بکاتە سەرمان بڕیار درا کە بارزانی یەکان هێرش بەرنە سەر دوژمن لە شێرین خەوی دوژمندا درا بەسەر ئەو هەموو سەربازو ئەو هەموو چەکدارە قەرەپەپاغ و ئەو هەموو خۆفرۆشانەدا. ئەگەر لە بەرزایی سەر دەربەندەوە سەیرت بکردایە چیت ئەبینی؟! ئەوە هەر سەربازی تێکشکاوی سوپای ئێران بوو لەگەڵ قەرەپەپاغ و ئاغا خۆفرۆشی کورد بوو کون نەبوو خۆیانی تیا بشارنەوە، شێرو پڵنگی بارزانی دوایان کەوتبوون بە ئارەزووی خۆیان نیشانیان لێ ئەگرتن و یەك بە

سالێك بوو کوهد..

دوای یەکدا ساردیان ئەکردنەوە بۆ کەسێکیان هەبوو بتوانێ ئاور لە پشتی خۆی بداتەوە تاکو نیوەڕۆ دوژمن هەر هەڵئەهات و بارزانییەکان راوە دوویان ئەنان ، بەڵام لە دوای نیوەڕۆوە دوژمن توانی تانکەکانی بخاتە پێشەوە و بکەوێتە هێرش بردن بەڵام ئەم جارە بە پێچەوانەی دوژمن بارزانییەکان زۆر بە رێکوپێکی بێ شڵەژان بەدەم شەڕەوە پاشەکشەیان ئەکرد، هەر لەو هێرشەی دوژمندا قارەمانێکی راستەقینەی کورد بەناوی حەسەنی سکۆ کە تەمەنی لە پەنجا ساڵ تێپەڕی کردبوو روو بە رووی تانکی رائەوەستێ چاند فیشەکی تانک بڕ کە سەری فیشەکەکان میلێکی سووری پێوە بوو، ئەو فیشەکانە ئەگرێتە ئەو تانکەی تەواوێک لێی نزیک بۆتەوە بەڵام یان فیشەکەکان کار لە تانک ناکات یان بەر تانکەکە ناکەون تانکەکە هەتا دێت لێی نزیک ئەبێتەوە، بۆمبێکی تانک شکێنیش بەقەدیەوە ئەبێ، ئەویش ئەگرێتە تانکەکە ئەویش تانکەکە ناشکێنێ بەڵام حەسەنی سکۆ هەر گیز لە شەڕدا پشتی نەکردبوەوە دوژمن بۆ هەڵهاتن لای ئەنگو شوورەیی ئەبێ هەڵبێ ناکاتە نامەردی خۆی ئەهاوێژێتە بن تانکەکەو تانکەکە بەسەریا ئەچێت و ئەیشێلێ ئەو قارەمانە بەو جۆرە خۆی کردە قوربانی لە پێناوی ئازادی و سەرفرازی کورد داو پشتی نەکردە دوژمن و رێگای هەڵهاتنی نەگرتە بەر.

لە ماوەی ئەو شەڕە گەورەیەدا فڕۆکە لە سەرەوە و تۆپ لە هەموو لایەکەوە ناوچەکەیان بۆمبا باران ئەکرد، بە تایبەتی ئەو

گوندانەی نزیك بە دەربەند بوون بە دیوی شاری شنۆدا، ئێمە کە لەسەر یەکێ لە تۆپەکانمان بەرەستیمان ئەکرد، ئێسترەکانمان لە گوندێکی تر بە دیوی لای شنۆدا بەجێهێشت بوو بۆیە بۆ ئەوەی تۆپەکە نەکەوێتە دەست دوژمن ناچار بووین پارچە پارچەمان کردوو خستمانە ناو داشقەیەکەوە، داشقە جۆرە عەرەبانەیەکە گا رای ئەکێشێ منو برایەکی بارزانی ئەبوایە ئەو داشقەیە بگەیەنینە ئەو گوندەی ئێسترەکانی لێیە زۆر لە شوێنی تۆپەکە دوور نەکەوتبووینەوە کە فڕۆکەیەك چەند بۆمبێکی فڕێ دایە خوارێ بەلام زیانێکی نەگەیاند داشقەکەمان کەمێك دوور خستبوەوە کە تازە ئێرانیەکان گەیشتبوونە سەر بەرزایی دەربەندەکە ئێمەیان ئەبینی، سەربازە ئێرانیەکان تازە خەریکی خۆ ساز کردن بوون، کەمێکیان لێ دوور کەوتبووینەوە بەلام هێشتا لەبەر مەودای تیری ئەواندا بووین پاش دامەزراندنی خۆیان تەنیا نیشانێك کە لە تەختایی بەردەمیاندا هەبوایە هەر ئێمە بووین هەردووکمان بە داشقەکەمانەوە کە سەرەکەیمان داپۆشیبوو ئەگەر بە دووربین سەیریان بکردینایە ئەوە بە تەواوی ئەیانتووانی هەنگاوەکانیشمان بژمێرن، زۆری نەخایاند کراین بە نیشانو گوللە بە ئاسانی بەردەمو ئەملاو ئەولای شی ئەکردینەوەو زەویەکەی ئەملاو ئەولای هەڵئەکۆڵی بەلام خوا کردی هیچ کامێکمان بریندار نەبووین هەروەها فڕۆکەش جار جارە وەك داڵاش خۆی ئەدا بەسەرماندا و گوللە بارانی ئەکردین دیسان

خوا هەرسووکمانی پاراست لەگەڵ برادەرە بارزانیەکەمدا وامان بە چاك زانی یەکێکمان بە دیار داشقەکەوە بمێنێتەوەو بە کاوخۆی بیناژۆیۆ ئەویترمان زوو خۆی بگەیەنێتە لای ئەو برادەرانەی ئێسترەکانیان لا بوو، بۆ ئەم کارە بە گورجی من خۆم گەیاندە گوندەکەی بەرەدەممان و برادەرانی ئەوێش چاپوکانە خۆیان گەیاندە تۆپەکەو ئێسترەکانیشیان لە تەك خۆیاندا بردوو تۆپەکە لە گرتن قووتار کران، ئەگەر سەربازەکانی سەر بەرزایی دەربەند وورەیان نیو ئەوەندەی بارزانی‌یەکان بوایەو بهاتنایەتە خوارێ بە ئاسانی تۆپەکەیان لەناو داشقەکەدا ئەگرت و ئێمەشیان ئەکوشت، بەلام ئەوان کەی ئەو جۆرە پیاوانە بوون خۆیان لەو بوارە بدەن، بۆیە ئەو سوپا گەورەیەی ئێران دۆش داما بوو بە دەست بارزانی‌یەکانەوە بە تایبەتی لە کاتی هێرش و هەڵمەتی مەردانەی بارزانی‌یەکاندا کە قەیسەریان لێ ئەبوو کوونە مشك و کونە مشکیشیان لێ ئەبوو بە قەیسەری بۆ خۆ شاردنەوەو بۆ هەڵهاتن هەر لەو رۆژانەدا بوو ئەفسەرێکی دیلی ئێرانی کە ئەفسەری تۆپ بوو هێنرابوو ئێندێ پرسیاریان لێ ئەکرد دەربارەی تۆپێك کە کاتی خۆی لە گردی ئەلۆس گیرابوو، ئەفسەرە کوردە عێراقیەکان هەندێ شتی هونەری هەبوو ئەیان ئەزانی بەوەی تۆپەکە ئەلمانی بوو ئەو تۆپانەی بە دەست سوپای ئەو کاتەی عێراقەوە بوو ئینگلیزی بوون.

کابرای ئەفسەری ئێرانیش نەیئەویست شتێکیان حاڵی بکاو بە ناپاکی دائەنان، هەر لەو کاتانەدا بوو لەداکاو فرۆکەی ئێرانی

خۆیـان گـەیانده سـەر شـاری شـنۆ چـەند بۆمبایـەکیان فـڕی دایـە نـاو شـاری شـنۆوە، زیـانێك کـە دابـووی بریـنـدار بوونـی ئەسـپێك بـوو لـە ترسـانا بطسـە بووبـوو بـە کۆڵانـەکانی شـنۆدا بـە هـەزار شـەڕە شـەق گرتیانـەوە هـەروەها شوشـەی پەنجـەرەی گـەلێك لـە مـاڵانی ووردو خـاش کـرد، هـەر لـەو رۆژانـەدا بـوو فڕۆکـە بـە گـەرمی بەسـەر شـاری شنۆوە هـەروەها بەسـەر هـەموو گوندەکـاندا ئەگـەڕاو بەیاننامـەی بـڵاو ئـەکردەوە لـەو بەیانانـەدا هـەواڵی لـە سـێدارە دانـی خـوا لێخۆشـبووان (شـەهیدانی رێگـای ئـازادی کوردسـتان قـازی محەمـەدو محەمـەد حوسـێن خـانی سـەیفی قـازی و سـەدری قـازی یـان ئـەدا بـە گوێـی گـەل کـورد دا بـۆ چـاو ترسـاندنی رۆڵـەکانی تـاکو بـە دوای رێگـای ئـازادی خۆیـانو بـە ختـەوەری گەلەکـەیاندا ویـڵ نـەبن و هەمیشـە بـە دیلیـەتی و کۆیلـەیی بمێننـەوە پاشـان لـە دوای شـەڕو کێشـەیەکی خوێنـاوی لـە نێـوان کـورد و ئـێران دا، چـەکدارەکانی بارزانییـەکان ناچـار بـوون لـە شـاری شـنۆش پاشەکشـە بکـەن، لـە کـاتی دەرچـوونو بەجێهێشـتنی شـاری شـنۆدا ئێرانیـەکان لـە دوورەوە شـاری شنۆیان دابـووە بـەر گوللـە و تۆپـان، ئـا ئـاوا سـوپای ئـێران توانـی هێزەکـانی بـارزانی ناچـار بکـا روو بکەنـە گـەلی گـادەر، لەسـەر سـنووری سـێ دەوڵەتـە داگیرکـەرەکانی کوردسـتان جـارێکی تریـش بـارودۆخ بـۆ دوژمنـانی کـورد وەکـو خـۆی لێهاتـەوەو کوردستان بە پارچـە پارچـەیی خـۆی کەتـەوە دەست دوژمنـانی.

گەلی گادەر و زیانی بارزانییەکان:

ئەگەرچی بەهاری ساڵی 1947ی زایینی دەستی پێکردبوو بەڵام لە گەلی گادەر هێشتا هەر زستان بوو ئەو 20.000 بیست هەزار بارزانییەی کە نە نوێن و پێخەفیان هەبوو نە جلوبەرگی تەواویان لەبەردا بوو نە خواردن و خواردنەوەشیان هەبوو ئەوانە بە گەورەو بچووکەوە بە پیاو و ژنەوە بە پیرو منداڵەوە وەك یەك برسی و رووت و رەجاڵ لەسەر ئەرزی تەڕ شەوو رۆژیان لەبەر ئەو سەرمایە لەو گۆڕەدا ئەبردە سەر بەوەی ناو گەلی گادەر دار و دارستانیش نیە، بۆیە ئەگەر ئاگریشیان بکردیاتەوە بە زۆری لە چیلکەو پارچە داری ورد بوو زۆر رۆژ هەبوو پیاوێك یان ژنێك یان منداڵێك نانێکی بە دەست نەکەوتووە بیخوا هەشبووە لە برساندا وە لە سەرماندا رەق هەڵاتووەو رەق بۆتەوە، سەرەڕای برسیەتی و رووتی و سەرما فڕۆکەی ئێرانی و تاکو فڕۆکەی تورکیاو عێراقیش خۆیان نیشان ئەدایەن، فڕۆکە ئێرانیەکان کە بەسەر گەلیدا تیژ تێ ئەپەڕین، بە (مسلسەل-رەشاش) ناوچەکەیان گوللە باران ئەکرد، یان ناوە ناوە بەیاننامەیان بۆ ئەخستینە خوارەوە ئەوەی پشتی چەکداری بارزانی شکاندبوو منداڵ و ژن و پیرە

پەککەوتووەکان بوو ئەگینا هەر بەو سێ چوار هەزار چەکدارە بارزانیانە زۆر شت ئەکرا.

ئا ئەو بارو دۆخە سەختەدا بۆ قورتار کردنی خەڵکەکە لە قڕ بوون (شێخ ئەحمەدی بارزانی) کە دادگای عێراقی بە مەرگ حوکمی دابوو بەسەریا ناچار بوو ملی رێگا بگرێت تاکو عەشیرەتەکەی لەناو نەچێت، چوو خۆی دا بە دەست دەوڵەتی عێراقەوە.

تۆپەکان پارچە پارچە کران و فڕێ دران نەو ناو ئاوی گادەرەوە هەر کەسێك نیازی گەڕانەوە و خۆ تەسلیم کردنەوەی هەبووایە بە عێراق ئەیتوانی چەکەکەی لەمبەری ئەو دوو پردە لە دار دروست کراوەی بارزانی‌یەکان خۆیان لە دارو شوڵ چنیبوویان دابنێ و روو بکاتە ئەو (خێمە) پۆلیسانەی لە بەری عێراق بە بەرزاییەکەوە هەڵدرابوون واتە هەرکەسە چارەنووسی خۆی بە دەست خۆیەوە بوو چی بە چاك بزانیایە ئەوەی ئەکرد بێ ئەوەی کەس ببێتە کۆسپ یان بەرهەڵستی !

بەر لەوەی شێخ ئەحمەدی بارزانی خۆ بدات بە دەست عێراقەوە، وتوێژ کرابوو لەگەڵ عێراقدا تاکو رۆژێکیان وتیان هەرچی تفەنگتان لایە بیان شارنەوە چونکو (سەید علی حجازی) کە ئامیری هێزی پۆلیسی گەرۆك بوو هاتبوو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ گەورەکانی بارزانی‌یەکاندا.

ژمارەیەکی زۆر لە بارزانی‌یەکان بە تایبەتی گەورە پیاوانی بارزانی‌یەکان و ئەفسەرە عێراقیەکان دادگای عێراقی حوکمی لە

سالێکە بوو کەوە..

پاش ملە (غیابی) بەسەردا دابوون، بە خنکاندن رۆژێکیان (باقی) ناوێك كە چار چارە مەلا مستەفا ئەینارەوەبۆ عێراق، ئێمەی دی هەواڵی داینێ کە (حەمە صالحی فقێ محەمەد) بریندارە وا لە ماڵی خیراللە عبدالکریم کە ئەویش نەخۆش بوو ئێمەش چەند کەسێك چووین بۆ لای گوللەیەك دەفەی شانی ئەم دیوو ئەو دیو کردبوو مشکیەکەی سەری خۆی تێوە پێچرابوو، کاك خیراللە عبدالکریمیش بە نەخۆشی لەگەڵ خێزانو دایکیدا بە جێ مابوو کاك حەمە صالح توانای رۆیشتنی تیا نەمابوو پشتێنێکمان خستە ناوقەدی یەکێکمان لە دواوە گرتبوومان تاکو لە چوونە خوارەوەدا لەسەر گردەکە نەترازێ یەکێکیشمان پێی خۆی بۆ ئەکرد بە پێپلیکانە تاکو ئەو پێی لەسەر دانێ تاکو نەخزێ بەو جۆرە گەیاندمانە خواری گردەکە، پاشان پەنامان بردە بەر مەلا مستەفا کە لەو ناوە نزیك بوو داوای ولاخێکمان لێی کرد بە هۆی ئەوەوە ولاخێك پەیدا کرا، حەمە صالحمان بەسەر ولاخەکەوە بەستەوە، تاکو تەرا ماڵە هەرکی هەبوون بۆ تفەنگ کرین لەوناوەدا بڵاو ببوونەوە رووەمان کردە لایانو داوای نانو پەنیرمان لێ کردن بۆ بریندارەکەمان، ئەوانیش چەند سەلکە پەنیری کوردی جوانیان داینێ هێندێکمان دا بە نەخۆشەکەمانو خۆشمان لێمان خوارد پاشان رۆژی دوای بریار درا کاك محەمەد صالح تەسلیم بە عێراق بکرێتەوە چوونکە ژیانی کەوتبووە مەترسیەوە.

جیا بوونەوەی 20 بیست کەس بە نیازی عێراق:

لەم ڕۆژە سەختانەدا بیست کەس لەناو خۆماندا یەکمان گرتو بڕیارماندا چەکەکانمان لە ئاوی گادەر بپەڕێنینەوە بەڵام بە نیازی خۆ بە دەستەوەدان نەبوو، بەڵکو نیازمان ئەوەبوو بە چەکەکانمانەوە خۆمان بکەین بە عێراقدا پاشان خۆمان بشارینەوە بۆ سەرپێگرتنی ئەم نیازەمان بیرمان لەوە کردبووەوە کە پێویستیمان بە نانو زەخیرە هەیە پەیدا کردنی ئازوخە لەو ڕۆژەدا کارێکی ئاسان نەبوو لەگەڵ کابرایەکی هەرکی کە ئاردمان پێ شك نەبرد کەوتینە گفتوگۆ کە هێلەکە ئاردێکمان بداتێ بە تفەنگێکی سێ تیرو هەندێ پارە هەر ئەوەندەی قایل نەبوو زۆری نەئەخایاند پەشیمان ئەبووەوەو ناچار بووین بردمانە لای مەلا مستەفا بەو جۆرە توانیمان هێلەکێك ئاردی لێ وەربگرین ئارنەکەمان برد بۆ ماڵە بارزانییەك کەتاکو ئەوا ماڵە بارزانی مابوون تاکو بۆمان بکەن بە نان بە مەرجێك ئەوانیش بەشێکی خۆیان بەرن بەو جۆرە کەمێك نانمان پەیدا کرد ماڵی ڕەئیس بەکر کە هێشتا مابوون ئەوانیش حاڵیان لە حاڵی ماڵانی تری بارزانییەکان باشتر بوو توانیان کەمێك برێشکەی نۆکمان بۆ هەڵسووڕێنن کیلۆیەك شەکری سووری تەڕی ئەو سەردەمە کە

سالێك بوو کورد..

قاچاخچی لە عێراقەوە هێنابوویان‌و ئێمەش بە کڕین دەستمان کەوتبوو خواردنی ئەو بیست کەسە بوو بۆ گەیشتنەوە بە عێراق ئەو شتانە کە بە ئەسپ لە بەشی خوارووی ئاوی گادەرەوە لە ئاوەکەمان پەڕاندبووەوە بۆ بەری ئەو بەری ئاوەکە، کە خاکی عێراق بوو هەروەها چەکەکانیشمان گەیاندبووە ئەو بەر یەک دولنێکمان بە دیار ئەو چەک‌و ئازوخەیەوە دانیشتبوو کە تاریکی داهات یەکە یەکە لەو دوو پردەی لەسەر ئاوی گادەر دروست کرابوون پەڕینەوە، بەوەی چەکمان بە شانەوە نەبوو کەسێک ڕێگەی لێ نەگرتین بەڵام وەکو لیژنەی دار لەبەری ئێران هەر تفەنگ بوو لەسەر یەک کەڵەکە کرابوون ئەو تفەنگانە چەکی ئەوان نەبوون کە ئەگەڕانەوە بۆ عێراق‌و ئەچوون خۆیان ئەدا بە دەست پۆلیسی عێراقەوە کە لەسەر بەرزاییەکان خێمەیان هەڵدابوو ئیتر ئێمە بە پەڕینەوەمان یەک بە دوای یەکدا بە رۆخ ئاوەکەدا ملمان نا تاکو گەیشتینە شوێن‌و جێگای چەک‌و ئازوخەکەمان، هەر کەسێک چەکی خۆی کردەوە شانی بە دوای یەکدا ڕیچکەمان بەست‌و بەبێ دەنگو بێ جگەرە کێشان تاکو ڕۆژ ببووەوە کەسمان بۆ پشوودانیش دانەنیشتین بەڵام کە دونیا ڕووناک بووەوە ڕوومان کردە ئەشکەوتێک ئەناو ئەو ئەشکەوتەدا سەرو پارو نان‌و پاشان لەو چایەی لە قووتوی جگەرە قووتوی یەک کە توتنی سیغار پێچانەوەی تیا بوو لەوەدا چامان لێناو سەرو قووم چامان فڕ کردو کەوتینەوە ڕێیشتن، ئەو ڕۆژە تاکو شەو داهات هەر باران بوو شەوی دووهەم لەبەر باران خۆمان لە

ئەشکەوتێ خزاند تاکو بارانەکە خۆش ئەکاتەوە کە ڕۆژ بوەوە بارانەکە بوە بەفرو کریوە، بارزاییەکان کە بەفری زستانی ئەو ساڵە داپۆشیبوون، هەروا سەرما بەفرەکەی کردبوە شووشە سەهۆڵ و ئەوەندە سەخت و خز بوون بە خورتی جێگای پێی خۆمان ئەکردەوە، ئەگەر کەسێك بخزایە بە سەدان هەنگاو تلۆر ئەبوەوە بەرە خوارەوە جگە لەوەش ڕۆژەکەی بوو بە زریانێك بەفر ئەباری و بە باوە ئەیدا بە ڕوومانداجاری وا هەبوو هەنگاوێك بچوینایە پێشەوە دوو هەنگاو فڕێی ئەداینە دواوە، ڕۆژەکە ئەوەندە تاریك بوو بە هۆی تەم و مژەوە ئەگەر لە یەکتر دوور بکەوتینایەوە یەکترمان نەئەدی، تا لەو با و بۆران و زریانەدا لاویکمان بەناوی واحیدە ڕەش خەڵکی کۆیە لە بەفرەکەدا ڕەق بوەوەو توانای لەبەر براو لە بەفرەکەدا مایەوە، بەوەی ئیمەش هەموومان زۆر نزیك بوو هەر بە ئەردی ئەو بچین ئەو کارەساتە کاری خۆی کردە سەرمان، هەر ئەوەندەی کەوتینە سەر زەوی کە بەفرەکەی کەمێك چوو بیوەوە لە دوورەوە نوختەیەکی عیراقیمان لێ بەدەر کەوت واتە گەیشتینە مەخفەری ئەوانەی بەر لە ئیمە بەشداریان لە شەڕەکانی بارزاندا کردبوو ئەوان شارەزا بوون ووتیان ئەوە مەخفەری خرینەی عیراقیە بە ئەرکەوتنی ئەو مەخفەرە ئیمەی کرد بە چەند بەشەوە کاك محەمەد مەحمود کە بە (محەمەد قودسی) ناودارە لەناو کوردانا کە ئەویش یەکێك بوو لەو بیست کەسەی دادگای عیراقی حوکمی خنکاندنی دابوو بەسەرداو ووتی: من ئەچم لەو

مەخفەرە خۆم ئەدەم بە دەستەوە حکومەتی عیراقی لە سیدارەم دا چاکترە نەکو لەناو ئەم بەفرەدا رەق ببمەوە چوونکە هیچ نەبێ خەلك ئەزانن لەسەر چی لە سیدارە ئەدریم، ئەو لەگەل چەند کەسیکدا چوون بۆ مەخفەرەکە لەوانە وەك لە یادم ماوە محەمەد عبداللە واتە کاك (حەمە) کە کاتی خۆی بە یەکەوە روومان کردبووە کوردستانی ئیران پاشان ئەویش لە دادگای عیراقیدا حوکم درا بە خنکاندن دوایی حوکمەکەی بۆ کرا بە بیست سال هەروەها یەکیکی ترمان بەناوی (عبداللە رەشید)ئەویش بەوەی کاتی خۆی سەربازی عیراق بوو هەلهاتبوو چووبوو بۆ ناو بارزانی‌یەکان و پاشان بۆ کوردستانی ئیران لە عیراق پینج سال زیندان کرا.

هیندیکی ترمان خەلکی ناوچەی رەواندوز بوون ئەوانیش بەیەکەوە جیا بوونەوە لەوانە (وەهابی محەمەد علی ئاغای رەواندزی)و برایەکەی هەروەها کاك بەکر عبدلکریم و حەمەی مەلوودو براکەی ئەوانە بوون بە چەند بەشیکەوەو ئیمەش چەند کەسیکی تر کە نیازمان وابوو خۆمان نەدەین بە دەست مەخفەرە عیراقیەکەوە ئەوەندەی بۆمان کرا خۆمان لە مەخفەرەکە دوور کردەوە کە سەیری خۆمان کرد بریتی بووین لە جەلالی امین بەگ کە یەکیك بوو لە ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عیراق و حوکمی خنکاندنی لەپاشە ملە درابوو بەسەردا، هەروەها عبدالقادر ناویك مامۆستا بوو خەلکی هەولیر لەگەل علی مەلا رەشید و علی حسن و مام حسێن و خەلکی مەهابادو

من چوارمان خەڵکی سلێمانیو یەکێکمان هەولێریو یەکێکمان خەڵکی مەهاباد بوو هەر چۆنێك بوو ماوەیەکی باش لە مەخفەرەکە دوور کەوتینەوە زەویەکە تاکو ئەمات بەفرەکەی کەم ئەبووەوە کە شەو داهات لە دەوری یەکتر کۆ بووینەوە کەمێك لەو کیلۆ شەکرە سوورەی کرابووە ئازوخەمان مابیوەوەو دابەشمان کرد هەریەکە توانی دەمی خۆی شیرین بکا بەڵام بەوەی لەمێژ بوو نانمان نەمابوو لاکەی سەرمان ئەمات، بۆ ئەوەی رەق نەبینەوە پشتمان نا بە یەکەوەو بە چیچکانەوە دانیشتین چوونکە ئەمانزانی ئەگەر بنووین خەومان لێ بکەوێ ئەوا رەق ئەبینەوە بۆیە ناو ناوە دەنگمان لە یەکتر ئەکرد نەکا خەو دامانگرێ ئەو شەوە تاکو رۆژمان لێ بیوەوە قیر سپی بوو، ئەو رۆژە خوا کردی رووی ئاسمان پەڵە هەورێکیش نەیگرتبوو کە رۆژ هەڵهات کەمێك بووژاینەوەو گەرم بووینەو بەڵام برسیەتیو شەکەتی لەپەلوپۆی خستبووین، لە دەوری یەکتر کۆ بووینەوەو کەوتینە راو تەگبیر وا بڕیار درا منو مانم حەسین بچین نانیان بۆ پەیدا بکەینو پاشان بگەڕێینەوە لایان، وا دیار بوو کە ئێمە هەردووکمان لەوانی تر بە گوڕتر بووین خۆمان کەمێك پارەمان لا بوو ئەوانیش هەندێکی تر پارەیان داینێ تاکو بە جووتە بچین لەو گوندانەی کە دیار بوو لێیان نزیك بووینەتەوە نان پەیدا بکەینو بە گورجی بگەڕێینەوە لایان چەکەکانیشمان لای ئەوان بەجێ هێشت، زۆر لەوان دوور نەکەوتبووینەوە کە لە بەرزایی ئەوبەری ئاوی گادەردا دەنگمان

لێ کرا تومەز لەسەر بەرزاییەکە قوللەیەکی سوپای ئێرانە بانگمان لێ ئەکەن بە فارسی ئەڵێن نیست، واتە راوەستن ئەوانەی دەنگیان لێ کردبووین دوو کەس بوون یەکێکیان بەرگی ئەفسەری ئێرانی لەبەر دابوو ئەوەکەی تریان کورد بوو بەرگی کوردی پۆشیبوو، تفەنگێکی بە دەستەوە بوو ئەفسەرەکەیان لەناو قەدی گردەکەدا وەستا کوردەکەیان هاتە خوارێو لەوبەری ئاوی گادەر بەرامبەرمان وەستا، کە دەنگمان لێ کرا بە گورجی مام حسین پاڵتۆیەکی دەوڵەتی کۆماری میللی کوردستانی لەبەر دابوو لەبەر خۆی داکەندو نایە ژێر بەردەوەو شاردیەوە چوونکە هەر ئەو پاڵتۆیە بەس بوو کە دەوڵەتی ئێران لە گەردەنی کەسێك بدا، یان بۆ چەند ساڵێك فڕێی بداتە زیندانەوە، دەرفەتی ئەوەشمان بەدەست کەوت کە ئەبێ چۆن قسەیان لەگەڵ بکەین ئەڵێین کەسی ترمان لەگەڵ دایە کە کابرای کوردە بەرانبەرمان وەستا ئەیزانی ناتوانێ لە ئاوەکە بپەڕێتەوە بۆ لامان، لەبەر خوڕی و ساردی ئاوەکە هەروەها ئێمەش توانای پەڕینەوەمان نەبوو بۆ لای ئەوان، کەوتە پرسیار کردن لە ئێمە ئێوە کێن بۆچی لێرەوە روو ئەکەنە شنۆ؟ لە وەلامدا مام حسین وتی: ئێمە دەروزە ئەکەین واتە سوالکەرین ئەمەش کوڕمەو کەڕو لاڵە مام حسێن دەستی بۆ من راکێشا و کە کوڕی ئەوم چوونکە پێشتر پێکەوە لەسەر ئەوە رێککەوتبووین کە وا بڵێین، بەوەی شێوەی قسەکردنی من لەگەڵ شێوەی قسە کردنی ئەو ناوچەیە جیاوازە، کابرای کوردە

ووتی: ئێمە بەو قسانەی ئێوە باوەڕ ناکەین بۆیە ئێمە لەو شوێنە ئێشک ئەگرین تاکو هەرکەسێك بێرەدا تێپەڕ بێت بیگرین و بیبەینە لای (موسا خان) لە شنۆیە موسا خان دەرەبەگێکی کوردی ئەو هەرێمە بوو کرابووە حاکمی ئەو ناوچەیە بۆیە بە گەرمی کابرای کوردە لە ئێمەی هەڵپێچا بوو بە ڕۆخی ئاوەکەدا بمان بات بۆ شنۆ لەوێ بمان داتە دەست موسا خان مام حسێن بە قسەو منیش بە ئیشارەت کەوتینە پاڕانەوە کە وازمان لێ بێنێ دواجار داوای پارەی کرد مام حسێن ووتی چەند پولێکمان بە دەروزەیی کۆ کردۆتەوە ئەگەر لێمان گەڕێ بۆت هەڵدەدەینە ئەو بەری ئاوەکە پاشان قایل بوو بەوەی بەو پارەیە وازمان لێ بێنێ ئێمەش هێندێ پارەمان بۆ خستە پریاسکەکەیەوەو بەردێکمان خستە ناوی و بۆمان توند هەڵدایە ئەوبەری ئاوەکەو ئەویش کەوتە هەڵگەڕان بە بەرزاییەکەداو ئێمەش ملی ڕێمان گرت، هەر بە کەناری ئاوەکەدا ئەڕۆیشتین دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ تارمایی گوندێکمان لێ وەدەرکەوت کە لە دوورەوە لەناو گوند وورد ئەبووینەوە هەر رەشماڵ بوو رەشی ئەکردەوەو خەڵکێکی زۆر لە هاتووچۆدا بوون، ئەو رەشماڵە زۆرانەو ئەو هەموو حەشاماتە ئەوەی ئەگەیاند کە عەشائیرێکی زۆر بە چەکەوە لەسەر وورگی خەڵکی گوندەکە ئەلەوەڕێن لەو گوندە مۆڵیان خواردووە بۆ پاراستنی ئەو هەرێمە لە ترسی بارزانییەکان ئەوەکا لەو ناوانەوە سەر هەڵبدەن، بۆیە ناچار بووین سەرەڕای برسیەتی دان بە خۆماندا

بگرین، تاکو تاریکایی دایەت، ئەوجا بچینە ناو گوندەکەوە لەژێر باڵی تاریکایی شەودا خۆمان کرد بە گوندەکەدا زۆری ..ـەکان داخرا بوون هەر چۆنێك بوو خۆمان کرد بە ماڵە کوردێکدا دوای سلاو کردن زۆر بە گورجی لێمان حاڵی بوون کە ئێمە چین و بە دوای چی وێلین، ئەگەر چی ئەوانیش لەناو قورگی دوژمندا ئەژیان، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر مەردانە فریامان کەوتن بە گورجی نان و ماستیان خستە بەر دەستمان و چایان بۆ لێنایین ئێمە کە لە بەری هەڤاڵەکانماندا بووین ناچار بووین داوای پارمەتیان لێ بکەین و حاڵیمان کردن کە ئێمە هەر خۆمان نین و گیانی هەڤاڵەکانی ترمان لە برسیەتی وا لە مەترسی مەرگ و لەناوچوون دایە ئەوانیش هێندێ شت بە پارەو زۆرێکیشی بە پیاوەتی هەرچی پێویس بوو لە دەستەوارەیەك نان و چەند سەلکە پەنیر چاو شەکرو چەمچە (شخاتە)و کچێکی هەشت ساڵانیشیان نارد تاکو سەگی ئاواییەکە پێمان نەوەڕێ و دوژمن بە ئاگا نەیەتەوە کە ئاوارە رووی کردۆتە گوندەکە چوونکە هەر بەدەم نان خواردنەوە زۆریان باسی خراپەی ئەو چەکدارە بەکرێگیراوانەیان بۆ ئەکردین بەوەی ئەو ماڵانەی دەرگاکانیان داخرابوون لە تاو ئاخونەكو راو رووتی ئەوان هەڵهاتوون و ماڵ و گوندیان بەجێهێشتووە، هەروەها ئەو ماڵەی مێوانداری ئێمەیان کرد ئەوانیش خۆیان پێچابوەو کە بە زووترین کات ئەو گوندە بەجێ بهێڵن و خۆیان قورتار بکەن کە لە گوندەکە کەمێك دوور کەوتینەوە دیمان لەسەر

بەرزاییەکان ئاگری گەورە گەورە کراوەتەوەو چەکداران لە دەوری ئاگرەکە دانیشتبوون ئەوان لە ئێمەوە بە باشی دیار بوون کە تاکە تاکەیان راتەوەستان یان لە ئاگرەکە دوور دەکەوتنەوە تاکو هەستمان پێ نەکەن خۆمان مەلاس ئەکرد بە زەویەکەوە بەوەی زۆر شارەزا نەبووین کەوتینە تەنکاوی ئاوی گادەرەوە ناچار بەناو دارو بارو توترکاندا بە ماندو بوونێکی زۆر تاکو ئەو رێگەیە، لێیەوە هاتبووین دۆزیمانەوە بەڵام کاتێ گەیشتینەوە شوێنی برادەرەکانمان کەسمان نەدی زۆر گەڕاین بەملاو بەولادا سوودی نەبوو توومەز ئەوانیش پاش ماوەیەک لەوەی کە ئێمە بەجێمان هێشتبوون برسیەتی زۆریان بۆ ئەهێنێ و زۆر لە خۆیان نەکەن کە بکەونە رێ بەو نیازەی لە رێگا بە ئێمە بگەن بەڵام ئەمجارە قووللەکە ئەوان بە چەکەوە ئەگرێ بەوەی برسیەتی شەکەت و لە پەل وپۆی خستبوون بۆیە تاکو بیر لەوەش ناکەنەوە کە بەچەک لە رووی چەکداری قوللەکەدا بوەستن ئەوانیش لەوێ ئەگیرێن و بە کەناری ئاوی گادەردا ئەیانگەیەننە شاری شنۆ، پاشان لە دادگای ئێرلنیدا هەریەکەی چەند ساڵێک زیندانیان ئەکەن، پاش ئەوەی تەواوێک گەڕاین بە دوایاندا دەستمان لەوە شت کە لەو ناوەدا ماون، بۆ ئەوەی بە تەواوی بۆمان دەربکەوێ کە ئێمە بە هەڵە نەچووین چەند پارچە کاغەزێکی وورد کراو کە خۆم بە دەستی خۆم وردم کردبوو هەر لەو شوێنەدا لەسەر زەویەکەدا مابوونەوە ئیتر دڵنیا بووین کە ئەو شوێنەیان بەجێ هێشتووە دوو بە دوو لەگەڵ مام

حسین کەوتینە وەتونێژ پاشان بڕیارماندا شەو هەر لە هەمان شوێندا بمێنینەوە بەوەی نانو پێخۆرمان هەبوو ترسی برسیەتیمان نەبوو کە ڕۆژیش بووەوە دیسان بۆ ئەوەی جارێکی تر نەکەوینە بەر چاوی پیاوانی قوولەکە لە پشت ئەو گابەردانەدا خۆمان شاردبووەوە کە هەر بەردێکی لە خانویەك گەورەتر بوو بە درێژایی ڕۆژ تاکو تاریکی داهات لەو شوێنەدا ماینەوە کە دونیا تاریك داهات دڵنیا بووین بەوەی دوژمن لە قوولەکەوە نامان بینێت، بەناو گەلیدا شۆڕ بووینەوە، تاکو مەلا بانگدان هەر بەڕێوە بووین بەڵام ڕۆیشتنەکەمان لەسەرخۆ بوو، چوونکە هێشتا گەلێك شەکەتو لاواز بووین کە ڕۆژ بووەوە تازە گەیشتبووینە نزیك گوندێك بۆ ئەوەی نەکەوینە دەست دوژمن ئەمجارە تەواوێك لە گوندەکەی پێشوو لامان دابوو، خۆمان کرد بە گوندێك چووینە ماڵێك خۆمان کرد بە میوانی یەکێك لە ماڵەکان، هەر ژنو منداڵ لە ماڵەوە بوون نانو ماستو چایان خستە بەردەممان هێشتا لە نان خواردن نەبووینەوە کابرایەکی کورد خۆی کرد بە ماڵدا، بێ سڵاو کردن کەوتە پرسیار کردن لێمان کە ئێمە کێینو چ کارەین؟ ئێمەش وەکو لەناو خۆماندا ڕێکەوتبووین مام حسین وەڵامی دایەوەو وتی: ئێمە دەرۆزە نەکەین، کابرا وتی: من باوەڕ ناکەم ئێوە لە دەرۆزان بگەڕێن ئێوە خەفیەن (جاسوسی) بارزانی‌یەکانن، بە ئێمەیان ڕاگەیاندوە هەر ئاوارەیەك ڕوو لە گوندەکەمان بکاو ئەبێ بیانگرینو بیاندەینە دەست (موساخان) لە شنۆیە، بەڵام کابرایەکی ڕیش

سپی کورد پەیدا بوو وەك خەری زینـدە کـە لـە نـاو کوردەواریـدا وادائـەنێن خـوا کـردی ئـەو کـابرا ریـش سـپیە فریامـان کـەوت، کـابرای ریـش سـپی هـەر خـەڵکی گوندەکـە بـوو بـەڵام دیـار بـوو رێـزی هـەبوو لـەناو خـەڵکی گوندەکـەدا، ئـەو بـە قسـە کـردن لەگـەڵ کـابرای لاساردا کـابرای شـەرمەزار کـردو ئـەو نەگریسـەی لـە کـۆڵ کردینـەوەو خۆشـی لەگـەڵماندا هـات تـاکو لـە گونـد دەری کردیـن، ئامۆژگاریشـی کردیـن کـە لارێ بگریـن، ئـەوەکا کـابرای لاسـار بچێت خەبـەر بداو دوژمـن بـە ئاگـا بێنـێ و پاشـان دوامـان کـەونو بمـان گـرن، ئێمـەش لەسـەر ئامۆژگاریـەکانی ئـەو بـە رێگـادا دەرۆیشتینو تـەواوێك لـە رێگـا دوور کەوتینـەوە.

((مـام حوسـێن)) لـە مـن شـارەزاتر بـوو مـەلای گونـدی نـەڵۆس خزمـی بـوو لەسـەر قسـەی ((مـام حوسـەین)) رێگـای گونـدی نەڵۆس مـان گرتەبـەر.

نـەڵۆس ئـەو گونـدەی لـە گردێکـی نزیکیـەوە کـاتی خـۆی (گوردلنێـك)سـەربازی ئـێرانی لەبـەر گـەرمی شـاڵاوی بارزانیـەکاندا، وەکـو بەفرەکـەی پـار، بـە تووانـەوە تووانـەوە، گەیشـتینە نـەڵۆس رووەمـان کـردە مـاڵی مـەلا، دەرگایـان لێ کردینـەوە، کـە مـام حسـینیان ناسـیەوە ئـەوەندەی تـر بـە گـەرمی پێشـەوازیمان لێکـرا، ئـەوە پـاش سـێ مـانگ زیـاتر بـۆ یەکـەم جـار لـە ژوورێکـی گـەرمو گـوڕدا، بـەبێ تـرسو لـەرز پێکانمـان خسـتۆتە ژێـر کـورەی گـەرمی مـاڵی مـەلای نەڵۆسـەوەو چـای گـەرممان لەبـەردەمدا بـۆ دائـەنرێو مـەلاژن خەریکـە برنـجو قارچکمـان بـۆ لێ

ئەنی چوونکە لە ڕێگا من وەمام حوسەین، هەریەکە شەدەکەی سەرمان پڕ کردبوو لە قارچك، لەو قارچکە زۆری لەو دەشت و دەرەی سەرمرێدا لە زەویەکەدا، هەڵتۆقیبوون لەبەر زۆری لەوە ئەچوو بە تایبەتی جووتیارەکانی ئەو ناوچەیە چاندویانە خوای گەورە لە زەوی و زاری کوێدەوارییدا گەڵێ بەرهەمی گژوگیای وەکو ڕێواس و قارچك و کەنگرو پیشۆکی لە زەویدا بۆ شاردبوونەتەوە هەموو ساڵێك لە بەهاراندا ئەو دەرو دەشتانانەیان بۆ پڕ ئەکا لەو خواردنە خۆشانە، پێکانمان کە بەفر بە باشی کاری تێکردبوو بە تایبەتی پێی ڕاستی من کاتی خۆی چیلکەی تیا شکابوو چیلکەکە دەرهاتبوو جێگەکەی ئاوەزی کردبوو، لە ڕۆیشتندا ئەشەلیم بۆیە مەلای ئەلۆس ئامۆژگاری ئەکردین کە پێکانمان بنووسێنین بە لێواری کووورە داغەکەیانەوە تاکو گەرم بێتەوەو برینەکەی ژێر پێم ووشك بێتەوە بۆ یەکەم جار لەدوای سێ مانگ زیاتر چێشتی گەرم و نانی نەرم لە ژوورێکی گەرمدا لەبەردەمی خۆماندا ئەبینین و بۆیەکەم جاریشمانە بە تەواوی تێرمان خواردوپاشانیش هەر لەو ژوورە گەرمەدا پێمان لەمزێك کوورەو لە ژێر لێفەی گەرما بەبێ ترس بۆ نوستن چاو لێك ئەنێین کە ڕۆژ بووەوە من دە دیناری عێراقیم لەگیرفاندا بوو دام بە مەلا کە بچێت لەناو گوندا بۆ هەر یەکێکمان سەرو جووت کاڵە شەمامەو سەرو جووت گۆرەوی بەنمان بۆ بکڕێت لەگەڵ هێندێ پێویستی ڕێگا و دوای نیوەڕۆ لە گوندی ئەلۆس بەدەر کەوتین، مەلاش خوا هەڵناگرێ تاکو دەرەوەی گوند لەگەڵمان

هات،مەلا ئەیزانی ئەمانەوێ بچین بۆ عێراق بۆیە بەو ڕێگەیەدا کەبەرەو سنووری عێراق ئەکشا ملی ڕێگامان گرت چەند کاتژمێرێك لەشەو تێپەڕی بوو کە گەیشتینە گوندێك پاڵمان نا بە دەرگای ماڵێکەوە خۆمان کرد بە میوان بەڵام ماڵەکە تەنیا ژنێکی نەخۆشی تیا بوو سڵاومان لێکردو دانیشتین بەخێرهاتنی لێکردین پاشان ووتی ئەبێ ببوورن کە ناتووانم خزمەتتان بکەم چوونکە نەخۆشم پیاوەکەم پیاوی ئاغایەو ئێستاش لە دیوەخانی ئاغایەو لەسەر هاتنەوەیە کە هاتەوە ئەو خزمەتتان ئەکات، هەروەها باسی پیاوەکەشی کرد کە لە گوندەکەدا چەرچی‌یە قسەکانی ژنە دەربارەی پیاوەکە ووریا کردنەوەی ئێمە بوو بەرامبەر پیاوەکەی بەوەی پیاوی ئاغایەو چەرچی‌یە لە گوندەکەدا بۆیە ئێمە پێشەکی ئەمانزانی کە پیاوەکەی هاتەوە ئەبێ چۆنی لەگەڵدا گفتوگۆ بکەین، زۆری نەخایاند کابرای مێردی ژنە نەخۆشەکە هاتەوە ئەویش بەخێرهاتنی لێکردین‌و کەوتە خۆی چای بۆ لێنایەن‌و لەگەڵمان دانیشت‌و کەوتە گفتوگۆ، کەوتە پرسیار کردن کە ئێمە چین‌و لە چی ئەگەڕێن مام حوسەین کە لە تەمەندا بە باوکی من ئەشیا ئەو وەڵامی دایەوە ووتی ئێمە (دەرۆزە ئەکەین) ئەمەش کوڕمە (دەستی بۆ من درێژ کرد) کابرا ووتی لەوە ناچن ئێوە باوك‌و کوڕی یەکتر بن ئێوە بە خەڵیان دەچن خەڵیەی بارزانی‌یەکان مام حسێن ووتی: (ئێمە ناوی بارزانی‌مان نەبیستووەو بە دەرۆزە کردن گوزەران ئەکەین) کابرا ووتی: (ئەمەی کە تۆ

دەڵێی کورمە ئەوەتا گودڵەی هەیە مام حسێن ووتی: (زۆرجار پێم ووتوە کورم ئەسپێ داوێتە کاڵانەی چاومان تۆ بۆ سەرت ناتاشی بەڵام بە قسەم ناکات) مام حسێن زۆر هەوڵ دا کە کابرا باوەرمان پێ بکات کە ئێمە دەرۆزە ئەکەینو باوکو کوری یەکترین، ئەویش هەر لەسەر ئەوە مایەوە کە ئێمە قسەی راستی بۆ ناکەین، ئەو باوەر بە قسەکمانیشمان ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا نوێنی هێناو جێگای بۆ راخستین ئێمەش بە چرپە لە ژێر لێفەکانماندا بریارماندا هەر ئەوان چاویان بچێتە خەو دەرگا بکەینەوەو بۆی دەرچین پاشانیش وامان کرد لە دوای یەك دوو سەعات درێژ بوونی بە درۆ بە سووکی دەرگامان کردەوەو لە ماڵەکە دەرچووینو بە گورجی گوندەکەمان بەجێ هێشت پردێك هەبوو لە پردەکە پەرینەوە لەبەردەماندا گوندێکی تر هەبوو لەوێش لامان نەداو کە رۆژ بووەوە گەیشتینە گوندێکی تر لاماندایە سەر تەنووری ژنان کە خەریکی نان کردن بوون، نانی گەرممان لەلا خواردنو پاشان ملی رێگامان گرت دوای نیوەرۆی ئەو رۆژە گەیشتینە گوندی تەمەرچیان کە دوا گوندی کوردستانی ئێرانە بۆ سنووری کوردستانی عێراق، بەرانبەر بە زینیوۆی شێخی و حاجی هۆمەران بوین بە مێوانی بێوەژنێك لە گوندەکە بۆ رۆژی دوایی مام حسێن منی بەجێهێشت بەوەی لەبەر ئازاری ژێر پێم نەمئەتوانی برۆم، ئیتر بە تەنیا چەند رۆژێك لە ماڵی ئەو بێوەژنە کوردە بە مێواندلری مامەوە، بەر لەوەی بگەرێمەوە بۆ کوردستانی عێراق.

لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ئەو سەردەمە:

رۆژی 1986/12/12ی زایینـــی چـــل ســـاڵی رەبـــەق تێئەپـــەڕی بەســـەر رۆژی رووخـــانو هـــەرەس هێنـــانی ئـــەو حوکومەتە کوردەدا کە لەسەر پارچەیەکی بچووکـی خـاکی بـاوكو باپـیرانی کـوردی ئـێرانی دروســت کرابــوو، بــۆ ئــەوەی کــوردە ئێرانیـەکان کـەمو زۆر بـەرگری لــەو کۆمــارە ســاوایەیان بکــەنو چەکـەکانیان لـە رووی دوژمنـانی خۆیـاندا بخەنـە کـار، بۆیـە ئـەو کۆمـارە سـاوایە بـۆ بـەرگری لـە خـۆی هەرسـی هێنـاو تلیسـایەوە کـاتی دامـەزراندنی کۆمـاری میللـی کوردسـتان خـەڵکی زۆر بـە گـەرمی پێشـوازیان لـە رۆژی دامـەزراندنی کۆمارەکـەیان کـرد، هـەروەها هـەزاران رۆڵـەی کـوردی ئـێرانی ئامـادەیی خۆیـان راگەیاند کە لـە پێنـاوی پاراسـتنی کۆمارەکـەیاندا دریـغی ناکـەنو خوێنـی خۆیـان ئـەڕژێننو گیـانی خۆیـان ئەکەنـە قوربـانی تـاکو جـارێکی تـر نەکەونـە بـەر چنگـی دوژمنـی کـوردو نەکرێنـەوە بـە

کۆیلەو بەندەی داگیرکەران هەمیشە لە کۆبوونەوەو میتینگەکاندا بە دەیان وتاری توندوتیژ خوێندرایەوە کە هەمووی ئەوەی ئەگەیاند خەڵکی هەموو سوورن لەسەر بەرگری لە چارەنووسی خۆیان و جارێکی تر قایل نابن بکەونەوە ژێر چەپۆکی داگیرکەران هەروەها بەدەیان سروودی نیشتمانی کە لاوان و شاگردانی قوتابخانەکان لەبەریان کردبوو لە بڵندگۆکانی شاری مەهابادەوە بە ئاوازی خۆش و شیرین و بە گەرمی ئەوتران، هەمووی ئەوەی ئەگەیاند کە ئەوەی کورد راپەڕیون و جارێکی تر ناچنەوە ژێر چەنگاڵی خوێناوی عەجەمەکان، هەروەها هەڵکردنی ئاڵای کوردو دانانی سەرەک کۆمار نیشانەی ئازادی تەواوی کوردی ئەگەیاند ئەگەرچی پتر خودموختاری خرابووە سەرزاری ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دیارە کە تاکو ئەو کاتانە ئەوەی کورد تاکو رۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی کوردیش لە ئازادی کورد بەولاوە شتێکی تریان نەدەزانی ووشەی خودموختاری رووسەکان هێنابویانە ناو ناوانەوە بەوەی لە شورەوی ئەو جۆرە خودموختاریانە درابوو بە نەتەوە جۆر بە جۆرەکانی وولاتانی پان و بەرینی شورەوی واتە یەکێتی سۆڤیەتی دیارە ئەمەش جۆرە سیاسەتێك بووخرابووە کار ئەگەرچی کەمێك خۆمان خەریك بکەین لەگەڵ ئەوەدا لەلایەك ئاڵای کورد هەڵکرا بەسەر دام و دەزگاکانی دەوڵەتی کۆماری کوردستانداو ئاڵای دەوڵەتی شاهنشاهی هێنراوەتە خوارەوە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا، سەر خورانە لە ئازادی تەواوی نەتەوەو

خاکی کورد نەك قایل بوون بە خودموختاری دیسان دانانی قازی محەمەد بە پێشەواو سەرۆك کۆمار بۆ ئەو دەوڵەتە کوردیە لە کاتێکدا سەرانسەری ئێران کوردستان و ئازربایجانی لێدەرکەی هەمووی لە ژێر باڵی دەستەڵاتی شاهنشاهیدا بوو، شا بە شاهنشاهی هەموو ئێران و ئاڵای دەوڵەتی ئێران بە ئاڵای دەوڵەتی هەموو ئێران دائەنرا، کەوابوو بەوەی ئەو دەوڵەتە کوردییە کە هەر لە ساو پەنای سوپای سووری شورەوی دروست ببوو بە هاندانی ئەوان، شورەوییەکان لە رووی شارەزایی سیاسییەوە گەڵ قۆناغ کوردەکانیان بۆ دابوو ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان هاندەری کوردەکان بوون نەك لە رووی دڵسۆزیانەوە بۆ کورد ئەگەرچی بەسەر زلەکی خەڵك لەوە نەگەیشتبوون کە شورەویەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان چاوپۆشیان لە کورد کردوە تاکو دەوڵەتیش دامەزرێنن بەڵام ئەو چاوپۆشیەیان بۆ ئەوە بوو کە ئەمیانزانی رۆژێك دائەنرلوە لە خاکی ئێران دەرچن تاکو ئەو کاتە کوردستان و ئازربایجان بخەنە سەوداو مامەڵەوە لەگەڵ ئێران و ئینگلیزو ئەمەریکاوە بێ ئەوەی خۆیان پیاو خراپ بکەن لەبەر چاوی نەتەوەی کورددا بەوەی هەر ئەوان چۆن چاوپۆشیان لە دروست کردنی دەوڵەتی کوردیدا کردوە کە ئەوەیان کردۆتە پیاوەتییەك لەگەڵ کورددا، بەڵام لە کاتی رووخانی کۆماری میللی کوردستاندا دیسان چاوپۆشیان کرد لە دوژمنانی کورد کەم و زۆر بۆ کورد بەردێکیشیان نەکێشا بەسەری دوژمنانی

گەلی کوردda، وەك ووتمان شورەوییەکان لە سیاسەتدا زۆر زۆر لە کوردەکان لە پێشتر بوون، زۆر بەچاکی ئەیانزانیچی ئەکەن‌و ئەگەنە کوێ، هەر هەنگاوێکی ئەوان بە گوێرەی حیساب‌و بۆ مەبەستێك بوو بەلاّم هەنگاوەکانی کورد لەرووی هەڵچوون‌و سەر گەرمیەکەوە بوو کە خۆشیان نەیانئەزانی ئەنجامەکەی بەچی ئەگا، ئەگەر گوێ لەو وتارە ئاگرینانە بگیرایە کە بەقسە هیچیان نەهێشتبوەوە پیاو ئەکەوتە ئەو باوەڕەوە کە ژیان‌و مانەوەی کۆماری ساوای کوردستان بە تەنیا ئەوەی کورد پارێزگاری ئەکرێ‌و زۆریشی زیادە بەلاّم لە مەیدانی تاقی کردنەوەدا وا نەبوو، ئەو پیاوانەی کاروباری دەوڵەتی کۆماری کوردیان خرابووە ئەستۆ وایان ئەزانی کە شوورەوی پشتیوانی کوردەو ئازادکەریەتی، لە چنگ داگیرکەران هەروەکو شاعیرەکانی ئەو سەردەمەی کورد زۆر شیعری لەو بابەتەیان لە دڵ‌و دەروونێکی پاکەوە هەڵئەرشست، وەك یەکێکیان ئەڵێت:

....بـــرا[1]

کە ئالاّی سوور لە ناومان هەڵکرا

بەجارێ تەمی نەگبەتی رەوی....

بژی دۆستی کورد دەوڵەتی شورەوی

---

[1] -ئەم دێرە شیعرە تەنیا ووشەی برایەکم لە یادە وا ئەو ووشەیە کە بە سەلیقەی شیعری ئەگونجێ بکرێت بە قافیە بۆ ووشەی هەڵکرا.

ئەگەرچی تاکو ئێستا نازانم ئەو چەند دێڕە شیعرە شیعری کام شاعیری ئەو سەردەمەیە کە ئەتووانم بڵێم ئەو شیعرە لە دڵو دەروونێکی پاکی کوردانەوە هەڵقوڵاوە نەك بەوەی سەری لە کۆمۆنیستی خورا بێ چوونکە بۆ دەرمان لەناو کوردانی ئەو سەردەمەی کۆماری میللی کوردستاندا کۆمەنیست بەدەست نەدەکەوت هەروەها ڕۆژی کشانەوەو دەرچوونی سوپای سووری شورەوی کرا بە شایی و زەماوەندو هەڵپەڕکێ ئەگەرچی کوردەکان تا رادەیەکی باش بە ڕێزەوە سەرنجی ئەو سوپاییەیان ئەداو بە داگیرکەریان دائەنا، چوونکە دوژمنێکی خوێنخواری چەپەڵ وەك رژێمی بۆگەنی رەزاشای لە کۆڵ کردبوونەوە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گرنگیەکی زۆری هەبوو بەلای کوردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە شورەوی هەر بێگانە بوو خەڵکی دەرچوونی بێگانەی لە کوردستاندا بە شتێکی باش دائەنا کەسیك نەبوو بچێت داوا لە سوپای سووری شورەوی بکات کە بمێنێتەوەو دەرنەچێت لە خاکی کورد بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو ڕۆژە کرا بە ڕۆژێکی گرنگ هەرچی شاری مەهاباد بوو وڕوژا بوو گەورەو بچووك ماڵیان بەجێهێشتبوو تاکو بە چاوی خۆیان ببینن کە چۆن خاکی پیرۆزی کورد بەجێئەهێڵن، ئەگەرچی تاکوتەرا سەربازانی شورەوی بە دەستێکیان دەستەکەی تری خۆیان ئەگرت وبە گەرمی وەك دەستێکیان دەستی خۆی بێ و دەستەکەی تریان دەستی کورد تاکو لە کوردی بگەیەنن کە هەمیشە پشتیوان و لایەنگری مافی

کوردن بەڵام بەداخەوە لەکاتی تەنگانەی گەلی کورددا کەسێکیان نەهاتن بە دەنگیەوە لەوانەشە ئەو سەربازانە ئەوانیش هەر راستیان کردبێ و بە دڵ نەتەوەی کوردیان خۆش ویستبێ چوونکە چەند ساڵێك بوون لەناو کوردا ئەژیان، لەوانەیە خۆشەویستی گەل کوردی یان چووبێتە دڵ و دەروونەوە بەڵام بەوەی گەلی کورد بە تاقی کردنەوە وەفاداری لە شورەوی نەدی ئەویش لەبەر ئەوەی نا کە خەڵکی شوورەوی بێ وەفان بەرامبەر بە کورد و بە گەلان بەڵکو بێ وەفایی ئەگەڕێتەوە بۆ رابەرانی شورەوی کە لە کات و رۆژی لیقەومانی کوردا نقەیان لە خۆیان بڕی بوو، نقە نەکردنی دەولەتی شورەوی بەرامبەر بە روخانی کۆماری ئازربایجانی ئێران و کۆماری میللی کوردستان بە باشی ئەو راستیە ئەسەلمێنێ کە شورەوی لەبەر خاتری چاوی کاڵی کورد ئەو کۆمارە کوردەی رێگە نەدا دابمەزرێ بەڵکو بەو نیازە بوو بیخاتە سەوداو مامەڵەوە بۆ کەڵك و سوودی بەرژەوەندی خۆی ئەوە بوو کە هێشتا کوردو ئازەری لەسەر خاکی خۆیان تازە ببوونە خاوەنی دوو دەولەت کەچی شورەوی لە بەرزترین پایەی حزبی و دەولەتیدا دەستی دوژمنانی گەلی کوردیان بە گەرمی ئەگوشی و دوژمنانی کورد لە مۆسکۆ ئەبوونە میوانی کرملین و بە دوورو درێژی لەگەڵیان گفتوگۆیان ئەکردو بەیاننامەی رێکەوتنی دوقۆڵیان مۆر ئەکرد، بێئەوەی پرسە گۆرگانەکیش بە کوردو ئازەری بکەن، بەڵێ راستە شورەوی لە مونتەمەری تاراندا لەگەڵ ئینگلیزو ئەمەریکا رێکەوتبوون ئێران

بەجێ بێڵێ بەڵام وەك شوورەوی لە ئێران بە گورجی دەرچوو، ئینگلیزو ئەمەریکا نەك هەر دەرنەدەچوون و بەس بەڵکو ئەوەندەی تر خۆیان داسەپاند بەسەر دەوڵەتی ناوەندی ئێران دا، تاکو بە باشی دڵنیا بوون کە شوورەوی مایە فنکی دەرچووەو هیچی لە ئێراندا بۆ شێن نەبووەو ئەو بەڵێنانەی قەوام ئەلسەڵتەنە دابووی بە ستالین ئەویش لە پەرلەمانی ئێرانیدا لە ساڵی 1947ی زایینیدا زینتبە بەگۆڕ کرا، سوپای سووری شوورەوی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا نەك هەر سەرووی ئێران بەڵکو لە تەواوی وولاتانی رۆژهەلاتی ئەورووپای داگیر کردبوو، لەو کاتانەدا راوەدوی سوپای ئەلمانیای هیتلەریان ئەنا، وولاتانی وەك رۆمانیاو بولگارستان و هەنگارستان چیکۆسلوفاکیاو پۆڵۆنیاو یوگسلاڤیاو ئەلبانیاو تاکو بەشێکی گەورەی وولاتی ئەلمانیا بە شاری بەرلینیشەوە هەموو ئەو وولاتانە کەم و زۆر کەتبوونە ژێر دەستەلاتی شوورەویەوە وە بە بڕانەوەی جەنگ هیچ کامێك لەو وولاتانەی چۆڵ نەکردو بە گەرمی یارمەتی ئەدان، کە جارێکی کە نەکەونە دەست دەوڵەتانی ئیستعماری وەکو ئەمەریکاو ئینگلیزو فەرانسەوە.

سوپای سووری شوورەوی شان بە شانی سوپای تازە دروستکراوی ئەو وولاتانەدا لە رووی سوپایانی دژ بەو وولاتانە وەستا بوون، زۆر بە گەرمی ئەو شۆڕشگێرانەی لە سەرانسەری وولاتانی ئەورووپای رۆژهەلاتدا بەرۆکی سوپای هیتلەریان گرتبوو، لە سەردەمی جەنگدا ئەگەڕانەوە بۆ ناو شارەکان و

کاروباری ناوخۆی وولاتەکانی خۆیان ئەبرد بەڕێوە و سوپای سووری شورەوی خاکی هیچ وولاتێکیانی لە خۆیەوە چۆڵ نەکرد، تاکو لەگەڵ هەندێکیشیاندا ئەوتە کێشەو شەڕە شەقەوە، پیاوانی سیاسی ئەو وولاتانە بە خورتی چارەنووسی خۆیان لە چنگی سوپای شورەوی بەدەرهێنا، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو وولاتانەوە سووکەو ئاسان دەستی خستە دەستی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێرانەوەو پشتی لە کورد و ئازەری کردو هەر کەمێك دوای کشانەوەی سوپای سووری شورەوی وورده وورده سەربزێوی و یاخی بوونو هەڵگەڕانەوە لە لایەن دەرەبەگەکانەوە پەیدا بوو هەندێکیان لە ژێرەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئێرانیەکاندا ئەکردو کە بەدەر ئەکەوتن یان هەلئەهاتنە ناو ئێرانیەکانەوە یان ملی رێگای عێراقیان ئەگرتە بەرهێندێکیشیان "مستەفا بارزانی" بە بارزانییە چەکدارەکانیەوە ئەچوو بە ئاسانی چەکی ئەکردنو ئەیهێنان لە مەهاباد ئەیخستنە ژێر چاوەدێری کۆماری کوردستانەوە شورەویەکان وەك لە ئەورووپای رۆژهەلاتدا ئەچوونە دەرەوەو جەنگی سێیەمی جیهانیشی لێ ئەکەوتەوە کەچی هاتن لەسەر حیسابی چارەنووسی کوردو ئازەری ئەو تاقی کردنەوە سیاسیەیان بەوان تاقی کردەوەو هەر ئەوانیش بوونە هۆی ئەوەی کورد و ئازەری بەرن بە ناخی ئەرزاو بیانەوێ یان نەیانەوێ دوژمنانی ئەو دوو نەتەوەیە بەر بەدەنە

سەروگوێلاکیان ئەوەی ویستویانە بەبێ ترس و سڵەمینەوە کردیان دەربارەی کوردو ئازەری.

ئەوە بوو دوای داگیرکردنی شاری مەهاباد من و عەبەی هەڵاڵم دەرفەتمان بە دەست کەوت، ئەو کاتەی وەفدی بارزانییەکانیش بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لە تاران بوو، سەرمان لە شاری مەهابادی داگیرکراو دایەوە، شاری چی، کەی مەهاباد وەک جاری جارانی مابوو، بڵندگۆ لەو شوێنەوە کە جاران پیاوانی حزبی دیموکراتی کوردستان و رابەرانی دەوڵەتی کۆماری میللی کوردستان و تارو سرودی نیشتمانیان تێدا بڵاو ئەکردەوە کرابووە شوێنی وتارو شیعر خوێندنەوەی ئێرانییەکان، بە گۆرانی بە شاهنشادلو بە شان و بازووی داگیرکەراندا هەڵ ئەدلو شار لەبەر سەربازی ئێرانی رێگە نەبوو خەڵکی بە رێگادا بڕوا، هەموو سەر لە بەیانییەک دەستەیەک لە نەوجەوانانی کورد ئەدران بە نیشانەوە، و بە دەستڕێژ گیانیان ئەکێشان دوای ئەوەی دادگای سەهرایی حوکمی کوشتنی ئەدان بەسەردا بەوەی جلی ئەفسەری کوردستانیان لەبەر کردوە یان سەربازێکی کەمێک بزێوی کورد بووە، ئیتر بەو جۆرە وەکو درندە کەوتبوونە گیانی نەوجەوانانی کورد بۆ قڕ کردنیان یان بۆ ئەوەی بکرێنە عیبرەت تاکو ئەوەی کورد نەوێرن جارێکی تر چەک لە رووی داگیرکەرانی خۆیاندا هەڵگرن، ئەو سەردەمەی کە هێشتا کۆماری میللی کوردستان لە گەرمەی سەربەرزی و شانازیدا بوو هێندێ لاوانی کورد لە یەکێک لە قوتابخانەکانی

شاری مەهابادا شانۆگەریەکیان پێشکەش بە خەڵکی کوردی مەهاباد کرد، دەربارەی چۆنیەتی هەڵخەڵەتاندنی رابەرانی شۆڕشێک لە شۆڕشەکانی کوردی تورکیا، شانۆگەریەکە دەربارەی شێخ سەعید بوو کە کەمالیەکان توانیبوویان رایکێشن بۆ ئەنقەرەو لەوێ سووکو ئاسان دوای پێشنیازێکی بێ وێنە لە وەفدی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ سەعید ئەبرێنە یەکێک لە مێوانخانەکانی شاری ئەنقەرە، هەر لە شوێنی گەیشتنیان بە شاری ئەنقەرە تاکو ئەو ئوتێلەی کرابوو بە شوێنی حەسانەوەیان بە فەرشی رەنگاورەنگ ئەڕازێنەوە، پاشان هەر ئەو شەوە ئەدەن بەسەریاندا ئەیانگرن، و بەیانی لە دادگایەکی ساختەدا بۆ چاوڕاو هەر بە گورجی حوکمەی خنکاندنیان ئەدرێ بەسەردا بە تاوانی یاخی بوونو شۆڕش لەو دادگایەدا کە بەناوی دادگای ئیستقلال ناسراوە حوکم ئەدرێنو دەستویرد ئەبرێن بۆ هەڵواسینو ئەخنکێنرێن، دوکتۆر فوئاد ناوێکیان کە رۆشنبیرێکی ئەو کاتەی شۆڕشەکە ئەبێت بەر لە چوونی وەفدەکە بە شێخ سەعید ئەڵێت: نابێ ئێمە باوەڕ بە دوژمن بکەین، با هیچ نەبێت تۆ مەبەستی لە شێخ سەعید ئەبێ کە رابەری شۆڕشە سەرکەوتوەکەمانی ئەڵێ با تۆو چەند کەسانێک لە رابەرانی شۆڕش لێرە بمێننەوەو پێویست ناکات هەموومان بچین چوونکە دوژمنانی کورد هەمیشە کەم فورسەتن، با هەموو بە جارێک نەکوژرێنو شۆڕش بەبێ گەورەو سەر نەمێنێتەوە بەڵام جەنابی شێخ سەعید ئەو پێشنیازەی د.

فوئاد بە ترسنۆکی دائەنێت، تاکو دکتۆر فوئاد بە شێخ سەعید ئەڵێ: من ترسنۆك نیم بۆیە ئەبێ منیش لەگەڵتانا بێم، بەلام من زۆر چاك ئەزانم بە خنکاندن ئەچین بەلام بەوەی من لە نەگەڕانەوەی خۆم دڵنیام لەبەر ئەوە خنکاندنی خۆم بە دەستی کەمالیەکان بە سەیر نایەتە بەرچاو، کارێکی کتوپڕی نیەو نابێ، بۆیە ئەویش وەك رابەرەکانی تری شۆرشەکە، 72 کورد ئەبێ پەتی سێدارەیان ئەکرێتە گەردەن بە تاوانی ناپاکیو خیانەت دوژمن ئەیانخنکێنێ' ئەو شانۆگەریەکە کارێکی زۆری کردە سەر خەڵك بەلام بەداخەوە رابەرانی کوردی ئێرانی پەندیان لەو شانۆگەریە وەرنەگرت، کە پێشەواو گەلێك لە رابەرانی ئەو سەردەمەی کورد لە رێزی هەرە پێشەوەی بینەرەکاندا دانیشتبوون چی لەوە خۆشتر ئەبوو کە کوردە ئێرانیەکانیش وەکو بارزانیەکانی کوردی عێراقیان بکردایە، خەمێکیان لە خۆیانو گەلەکەیان بخواردایە، چمکی کەوای مەردایەتیو کوردایەتییان لێ بکردایە بەلاداو لە یەکەمین رۆژی لێقەوماندا کڕ نەبوونایە لە شوێنی خۆیاندا تاکو دوژمن بیانگرێو خۆیان بدەن بە دەستەوە بەڵێ پشت بەستن بە شورەویو کشانەوەی لە ئێران خۆ فریو دلنە ئەبوایە هەر بە دەرچوونی سوپای سووری شورەوی کورد پشت بە خۆی ببەستێ بە گەرمی دوای شکانو هەڵهاتنی سوپای ئێران لە شەرەکانی مامەشاو قاراوادا بکەوتنایە خۆیانو ئەو چەند هەزار نەوجەوانە کوردانەی لەسەربازخانەی شاری مەهاباد فێرە

مەشقی سەربازی کرابوون و هەزارانی تری وەک ئەوان فێرە مەشقی سەربازی بکرێن و بخرێنە کۆڕی شەڕ تاکو سەر بە دوژمنی داگیرکەر شۆڕ نەکەن، کە دان بە مافە رەواکانی کوردی ئێراندا ئەمنێ ئەگینا لە رووی پاڕانەوەو گفتوگۆوە ئێران هەی ئەوە نەبوو بە ئاسانی دان بە مافی ئازادی کورد دابنێ وەک خۆیان ئازاد کردبوو یان دان بە خودموختاری کوردستان دا بنێت وەک شۆڕەویەکان فێریان کردبوون کە ئاکۆکیەکی زۆر هەیە لە نێوان کوردستانێکی ئازادو کوردستانێکی خودموختاردا چوونکە هەرگیز ناگونجێ پارچە زەویەکی ئێران رژێمێکی کۆماری بێ لە سنووری رژێمێکی شاهنشاهیدا دیارە ئاسان نیە کە من بتووانم بیسەلمێنم کە بۆچی رابەرانی کوردی ئێران بەبێ بەرگری خۆیان دا بە دەست دەوڵەتی ئێرانەوە، ئایا لەو باوەڕەدا بوون کە بە خۆبەدەستەوەدان بە دوژمن وا لە دوژمن ئەکەن دڵی نەرم ببێ و سووک و ئاسان دەستیان لێ هەڵگرێ و بەبێ ئارەق دەرچن، بەلای هەموو کوردێکەوە ئەوە روونە کەسانێکی وەکو پێشەوا قازی محەمەدو هەڤاڵەکانی پیاوی ترسنۆک نەبوون، چوونکە پیاوانی ترسنۆک ناوێرن لەو بوارە بدەن، کە خۆیان بکەن بە رابەرانی میللەتێک کە هێشتا کێشەی دەبراوەتەوە لەگەڵ دوژمنەکەیدا لەوانەیە لە سەرەتادا دڵنیا نەبووبن لەوەی شۆڕەوی وا بە ئاسانی بەجێیان ئەهێڵێ و پشتیان تێ ئەکا، سوپای کۆماری ئازربایجان لە شەڕی (قەڤلانکۆ)دا بەرامبەر سوپای ئێران بەرگەی نەگرت و

رووخاو توایەوەو هەر کەسە کەوتە سەر دەرکردن بەڵام قازی و هەڤاڵەکانی ئەو هەنگاوەشیان نەگرتە بەر کە هەڵبێن و روو بکەنە شورەوی لە جیاتی هەڵبژاردنی گەلْ رێگا بۆ خۆ قوتار کردن چۆن رێگەی خۆبەدەستەوەدانیان گرتە بەر.

بە تێکچوونی دەوڵەتی کۆماری میللی کوردستان خۆ هیچ نەبێ ئەبوایە کۆرێکیان لە گەورە پیاوانی کورد بگرتایەو پرس و رایان پێ بکرایە بۆ دابین کردنی رێگەیەك تاکو هەموان وەکو یەك ئەو رێگەیە بگرن و بەو رێگەیەدا بڕۆن، بەڵام لەم رووەوە هیچ جۆرە هەنگاوێك نیە لە کۆڕێداو هیچ جۆرە راو تەگبیرێك نەکراوە، جگە لە راو تەدبیری کوردە بارزانی یەکان کە هیچ نەبێ بە شێنەیی توانیان کات و دەرفەتێك بۆ خۆیان بخولقێنن بۆ دۆزینەوەی رێگای چارەسەری گیروگرفتەکانی خۆیان چوونکە وەك بەشی هەرە زۆری کوردی ئێرانی خۆبەدەستەوەدانیان گرتە بەر، نەبوو بێن خەمێك لە خۆیان و نەتەوەکەیان بخۆن، ئەگینا وەتەبێ ئازاو دلێر لەناو کوردانی ئێرانی دا نەبوبێ بۆ نموونە حەمەی مەولود کە خەڵکی شاری مەهابادەو بە خزمایەتیش بە پێشەوا قازی محەمەد ئەگات ئەو لەو رۆڵە دلێرانەی ئەو رۆژە بوو کە نەك هەر ملی خۆی شۆڕ نەکرد بۆ خۆ بە دەست دان بەڵکو دەستڕێژیشی لە ماڵی پێشەوا کردبوو، دوای ئەوەش خۆی و برایەکی شان بەشانی بارزانی یەکان چەکی خۆیان لە شاندا بوو هیچ نرخ و بایەخێکی بۆ دەوڵەتی ئێران دانەنابوو، هەروەها دەیان تێکۆشەرو جەنگاوەری کوردی ئێرانی کە

هەرگیز لەو کاتو رۆژانەدا خۆیان نەدا بەدەست دوژمنەوە، بەلأم دەست نەکردنەوە لە دوژمن بە تایبەتی لەلایەن کەسانێکەوە بوونەتە رابەرو پێشەوای گەلێك کرپوونیان خۆ ئامادە کردنی خۆیان بۆ خۆ بەدەستەوە دان لە جیقڵدانەی هەموو کەسێکدا جێی نابێتەوە دواجار ئەو رابەرانە بەو کارەیان بەزەیی دوژمنیان بۆخۆیانو میللەتەکەمیان نەووروژاندو بۆ چاو شکاندنی کورد ملیان کرا بە پەتی سێدارەدا، ژمارەی ئەو نەوجەوانانەی تیر باران کران لە مەهاباد دا، چەند ئەوەندەی شەهیدەکانی بارزانی‌یەکان ئەبێت کە ئەوان بارزانی‌یەکان مەردانە تاکو لە توانایان دابوو لە رووی سوپای ئێران دا جەنگینو خۆیان نەدا بە دەست ئێرانەوە. دوای شەڕی (قاڕاوا) تاکو رووخانی کۆماری میللی کوردستان هیچ جۆرە شەڕێك لە دژی ئێران رووی نەدا دیارە ئەمەش هەر پەیوەندی بە سیاسەتی شوورەویەوە هەیە، ئەگینا ئەو هێزەی لە پێشمەرگەکانی چەکداری کوردی ئێرانی پێك هاتبوونو لە شاری مەهاباد خرابوونە ژێر مەشقەوە ئەو هێزانە بخرایەتە کار نەك هەر ئەتووانرا شارەکانی وەك سەقزو بانەو سەردەشت کە لە بن تیری هێزە چەکدارەکانی بارزانی‌دا بوون واتە هەموو بارزانی‌یەکانی دەوروبەری ئەو سێ شارە لە ژێر ئاگری گوللەی بڕنەوی کورد دا بوون، بە چاو بەرزاییەکانی ناو شاری سەقزو بانەو سەردەشت ئەبیترانو ئەتووانرا بە ئاسانی ئەو سێ شارە بگیرێنو سوپاو چەکدارانی کورد بڕژێنە دەوروبەری شاری

سنەو شاری کەرمەشانو بەولاترەوە بەلأم کە سیاسەت لە گۆڕێدا بوو ئیتر چارەنووسی کورد بە دەست خۆیەوە نیە، با واش لە خۆی بکات، بەلێ کەس نیە ئەوە نەسەلمێنێ کە دەرەبەگی کورد لەو سەردەمەدا دەست ڕۆیشتوو بوون، بەسەر جووتیارو وەرزێرەکانی کورد دا بەلأم ئەگەر ژمارەی ئاغاکان بگرینو بەراوردی کەین لەگەڵ زۆربەی زۆری خەڵکی ڕەشوڕووتی کورد دا، ئەوا هەمو ئاغایانی کورد هەر لە هیچەوە دیار نین لەگەڵ ئەوەشدا تاکو شورەویەکان خۆیان هاتبوون گرنگیان دابوو بە ئاغایانو سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ سەلماندنی ئەم خاڵە با دوور نەچین ئەو دوو وەفدە ناو بەرین کە شورەویەکان خۆیان بانگیان کردبوون بۆ باکۆ بەر لە دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان ئەو دوو وەفدە لە ئاغاو دەرەبەگ و چەند شێخ وەملایەک بەولاوە کورە جوتیارێکیان لە ناواندا نەبوو دیارە کەرەسەی کاروباری تێکوشان لەو سەردەمەدا بەلای شورەویشەوە هەر ئەوەبوونەبێ لا لە ئاغایانودەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتانو پیاوی ناودلری ئایینی بدرێتەوە هەر لەو خەڵکەی کە هەیە کەرەسەی تێکۆشانو ماف دلوا کردن دروست بکرێ بەلأم ئەوە بوو لەکوردستان دەستی بێگانە بە دزیەوە لە کاردا بوو تەراتێنی بە بەرژەوەندی کورد ئەکرد بەلأم سیاسەتی شورەوی بە کەڵکی خۆشی نەهاتو نەتووانرێت ئەو سیاسەتە بەسیاسەتێکی چەوتدا بنرێت تاکو بۆ خودی شورەوی ئەگینا منو ئەم و ئەو

هەر خۆ ماندووبوونێك بكێشین بەوەی ئەوان لە ترسی هەڵگیرساندنی جەنگێكی جیهانی تر ناچار بوون وا لەگەڵ كورد و ئازەریدا بجوولێنەوە تەنیا قسەی رووتەو قسەی رووتیش ناچێتە گیرفانی كەسەوە چوونكە شورەوی زۆر چاك ئەیزانی نە ئەزلاریەكان و نە كوردیش هێشتا كەرەسەیەك نین بۆ كۆمۆنیستی دەست بدەن، كورد دەوڵەت بێ لە تەنیشتیانەوە یان ئێرانی شاهنشاهی دەوڵەت بێ هیچ جیاوازیەك ناكات لای شورەوی یەكان هەرگیز شورەوی لەو ناوچانەدا كە خاكی كوردەو داگیركەرانی كوردستان رێگا نادەن كورد ئازادانە لە خاكی خۆیدا بژی.هەرگیز شورەوی نایەت رابەرانی ئەو دەوڵەتانە بە هیچ بگری‌و بێت بۆ خاتری چاوی جوانی كوردان لا لە كورد بكاتەوەو بەرگری لە مافی كورد بكا، بە مافی ژیانەوە بە ئازادی لە خاكی كوردستان دا، ئەو خاكەی كورد پشتاو پشت پارستویەتی تاكو ئەمڕۆكە پارستی‌و بژاری بە ئەستۆی نەوەی كوردی ئەمڕۆی كوردەوەیە نەك بە ئەستۆی بێگانەكانەوە ئیتر هەر بێگانەیەك بگرین دوور بێ یان نزیك هەمیشە باوك‌و باپیرانی نەوەی كورد ووتویانە: ئەوەی بكا بێگانە پەرستی ئاخیری خۆی دێنێ نوشستی، بۆیە ئازادی‌و سەرفرازی كوردو كوردستان ئەركێكە لە ئەستۆی نەوەی كورد خۆی‌و گەلی كورد لە وڵاتە دابەش كراوەكەیدا لەو كاتەوە كە ئینگلیزو فەرەنسیەكان لە دوای شەڕی یەكەمی جیهانیەوە چۆن هاتن خاكی كوردی‌یان دابەش كرد، بەسەر سوریاو عێراق‌و ئێران‌و

تورکیادا تاکو ئێستاش کوردستانی ئەوەی کورد هەروەکو ئەو کاتە ماوەتەوەو کوردیش بابە خولێیەتی بە نەوری خۆیدا نەسورێنەوە هەموو رێگەیەکی چەوتی تاقی کردەوە بەلام هەر لە شوێنی خۆیدا چەقیوەو هەنگاوێك نەچۆتە پێشەوە کورد لە هەر سێ بەشە سەرەکیەکەی کوردستان دا واتە عێراق‌و ئێران و تورکیادا، هەروەك کاتی پەیمانی سەعدئاباد هەموو نەمێك دوژمنانی نزیکن لەوەی گەڵە کۆمەکەی قڕ کردنیان لێ بکەن ، تاکو ئێستاش هەر رێگەو بیروباوەڕێکیان لە تاقی کردنەوەی خۆیاندا لە چاوی خۆیان دیویانەو ئەی بینن، نەیگەیاندونەتە ئازادی‌و سەرفرازی کە م میللەت هەیە وەك کورد هەمیشە ئامادە بێ بۆ تێکۆشان لە پێناوی مافی ژیانی رەوای خۆیدا، ئەو هەموو قوربانیانەی لە ماوەی سەد سالی رابردوودا داویێتی لە قوربانی گەلێ میللەتانی تری جیهان زیاترە بەلام هێشتا هەر لە شوێنی خۆیەتی‌و هیچی بە هیچ نەکردوەو سنوورەکانی وولاتی خۆی لەسەر کلۆمو داخراوە کەس ماڵەو مالی بۆ ناکرێ لە ترسی گرتن‌و کوشتنی ئەو داگیرکەرانەی کە بە راست‌و چەپدا کورد دالەپلۆسن‌و لە کەس ناترسن و کەسێك نیە دەستیان بگرێ‌و پێیان بڵێ: ئێوە بە ناڕەوا کورد قڕ ئەکەن، کەس نیە پێیان بلێ تاکو کەی کورد کوشتن؟! تاکو کەی ئازارو ئەشکەنجەو زیندان‌و بەندیخانە بۆیە ئەڵێم کورد لە تێکۆشاندا لە هیچی کەم نیە بۆیە هەموو کاتێك نەك زۆر بەڵکو ژمارەیەك کورد هەرچیەك بێت، بیروباوەڕی ئەتوانێ بە ئاسانی کورد بە

سالێك بوو كەوە..

دوای خۆی خات و بیان بات لەو شاخ و چیا سەختانەی کورد دا بە کوشتنیان بدا بەلآم ناتووانن کورد بگەیەنن بە ئاوات و هیوای دێرینەی خۆی، هیوای ئەوەی کە هەموو کورد لە کوردستانی باک و باپیرانی خۆیدا ئازادو سەرفراز بژی گەیشتن بەو ئامانجە گرنگە پێویستی بە رێگەیەکە راست و رەوان کە رابەرانی کورد بە بیروباوەرێك رێگای راستی خۆیان بدۆزنەوە، رێگایەك راست و رەوان روونا ك و رۆشەن تاکو هەرگیز ساتمە نەکاو خەلکی کورد بگات بە ئاوات و هیوای دێرینەی سالەهای سالی ئەگینا بەو رێگانەدا کە تاکو ئێستا گیراون کورد ناگاتە هیچ مەنزلێك و هەرگیز ئاسودەیی بە خۆیەوە نابینێ هەر کردەی کورد ئەبێ و بردەی شەیتان هەر دوژمنانی کورد لەسەر رێگای چەوت و چەوێلیك تاکو ئێستا گیراوە هەروەکو خۆیان ئەلەوەرێن و بە ژیانی خۆیان درێژە ئەدەن، زۆرجار گومان لەوەدا نەماوەو نامێنێ کە ئیتر کورد ئازاد ئەبێ و سەرفراز ئەژی، کەچی کورد کاتێك بە خۆی ئەزانێت گەراوەتەوە سالانی بەر لە راپەرین و شۆڕشەکانی سەر لەنوێ وەك هەمان جاری پێشوو بە هەمان رێگەی تاریکو نوتەکدا ئەبرێتەوەو دیسان وەك کۆپانەکەی دەجالْ هیچ بە هیچ نەکراوەو هەموو شتێك بۆ هەلوەشانەوە ئەشێ و دەست ئەدا بە داخەوە رێگای روونا ك و رۆشەن لە کورد کراوە بە تاریکستان کە هەرگیز چاو چاو نەبینێ ئەگینا تاکو کەی رێگا برین و نەگەیشتن بە هیچ! رزگاری گەلآن هەر کامێکیان بگرین چەند سالێکی بەس بووە تاکو بگات

مـوطـه

به هەموو ئاوڵتەکانی کەچی سەد ساڵی ڕەبەق هێشتا کەمە تاکو ئێمەی کورد لە هەڵەکانمان بگەین، ئەوەتا هەر وڵاتێک کە کوردی تیا بژی، ئەوەی ئەکرابێ بە کوردی ئەکاو کوردیش ئەم دیوو ئەو دیوی سنوورێك کە بۆی کێشراوە ئەگەیەنێتە زیندان‌و گرتن‌و کوشتن لە ساڵی1957ی زاییني ئەم هۆنراوەیەم ووتوە تاکو ئێستاش کورد چۆن ئەو کاتە ژیاوە ئێستاش هەروا ئەژی :

ئەو نیشتمانەی ئێمە

ئەو نیشتمانەی ئێمە وڵاتێکی بەرینە

بەهەشتێکی ساکاری هەتا بڵێی

ڕەنگینە

بە زوقم‌و بەفروباران تێر ئاو بووە ئەرو ئەشت

بۆیە گوڵاڵە گەش‌و بۆن خۆش‌و ڕەنگ شیرینە

نێرگس لەناو گوڵاندا هەناسەی وەکو عەبیرە

لاڵەو وەنەوشەو بەیبوون تێکەڵ سەڵ‌و نەسرینە

ئەو ڕەنگە دڵگیرانە لەسەر تەختی سەوزەگیا

بەرگی بووکی قەشەنگی ناسك‌و نازەنینە

دڵم بۆیە بە جارێ تەمی پەژارە گرتی

بەو بەهارە شیرینە گوڵ ئەم بە پێکەنینە

گوڵشەن پارچە پارچەیە ئەورەیان پەرژین کراوە

خۆشمان کۆیلەو ئاوارە چۆن ڕەوایە ئەو ژینە

هەر کورد ماوە بە تەنیا ژێر دەستی ئەم‌و ئەو بێ

بێبەش لە ژین و مافی ڕەوای ئەم سەرزەمینە
گەلان یەك بە دوای یەكا ئازادو سەربەخۆ بوون
هەركەس لە خاكی خۆیا لەسەر تەخت و نگینە
ڕاستە كەوا ڕژێمی سەرمایەداری ئەمڕۆ
هەرەس بردەو ڕزیوە گشت لای لەسەر لەقینە
بە خشینەوەی ئازادی درۆیە لەم جیهانە
ئازادی و سەرفرازی تەنیا بە خوێن كڕینە
بە ڕیش و پرچ و چەنە كورد ناگاتە ئامانجی
كۆشش قورتاری ئەكا لەم یەكتر دابڕینە
ژیانی سەرفرازی و ئازادی ئەو وولاتە
گومانی تیا نەماوە بە شۆڕش و تەقینە

ئەم هۆنراوەیەی سەرەوە كە سالّی 1957ی زایینی ووتراوە كە تاكو ئەوسالە دەولەتانی عێراق و ئێران و توركیە كە داگیركەرانی كوردستانن نەتەوەی كورد تاكو ئەو ساڵە نەك هیچ جۆرە مافێكی ڕەوای نەتەوەیی خۆیان نەبوو بەڵكو گەل كورد لە هەموو گەلانی تر زیاتر هەستی كردبوو كە پەیمانی بەغدا بەر لەوەی دروست كردنی بەرەیەك بێ لەگەڵ ئینگلیزو ئەمەریكادا لە دژی شورەوی كورد ئەو پەیمان و بەرەیەی بە گەورەترین داوێك و كۆسپێك دائەنا بۆ سەركوت كردنی ڕاپەڕین و شۆڕشی

کورد لە پێناوی ئازادیو سەرفرازیدا کەچی دوای رووخانی پەیمانی بەغدا لە ساڵی 1958ی زایینی بەرووداتی شۆڕشی گەلاوێژی سەربازیی عێراقی بە سەرۆکایەتی عبدالکریم قاسمو رووخانی رژێمی مەلیکی لە عێراقدا کە بۆ یەکەم جار لەسەر کاغەز دانیان نا بەوەی عێراق وولاتی عەرەب و کوردەو ئەو دوو نەتەوەیە هاوبەشن لە نیشتمانی عێراقدا بەلام لە راستیدا نەتەوەی کوردی عێراقی بە مافە نەتەوەیەکانی خۆی نەگەیشت، لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا گەلێك ئاڵوگۆر لە عێراقو ئێران و تورکیادا روویدا، ئەو سێ رژێمە گەلێك هەژرانی ناوخۆیان تیا پەیدا بوو، گەلی کوردیش لە هەر سێ پارچە سەرەکیەکەی کوردستان دا دووچاری گەلێك کێشەی خوێناوی بوو بەلام تاکو ئێستا هەر بە دەوری خۆیدا ئەخولێتەوەو هیچ لەو هەموو توولنا و قوربانیانە شێ نەبووە هۆی هەرە گەورەی تێکشکانی راپەرینو شۆڕشەکانی سەد ساڵەی بەر لە ئێستا خویەستنەوە بە دوژمنانی کوردەوە بووە جا ئەو بێگانانە هەر ئەوان بن کە لەبن دەستی خۆمانەوە یان بێگانە سوورەکانی خاوەن دەستەلاتو خاوەن بەرژەوەندی لە کوردستان وولاتانی دەوروبەری کوردستان دا هۆیەکی تری تێکشکانی راپەرینو شۆڕشەکانی کوردی ئەو بیروباوەرە چەوتانەیە تێکەلاو بە بیروباوەری کوردایەتی کراوە، کە هەرگیز لەناو جەرگەی بیروباوەری کوردایەتی خۆیەوە دانەکەوتووە هەموو رەنگەیەکی توندوتیژیش گیراوەتە بەر تاکو بە خورتی بەسەر کوردیدا

بچەسپێنن تاكو ئێستا هیچی لێ شین نەبووە، بیروباوەڕی كوردایەتی بەتەنیا لەوانەیە تاكو رادەیەك دوژمنانی كوردیش نەوێرن لە روویدا بوەستن بەوەی لە كەس نەخوازراوە بەلام هەر بیروباوەڕێك بهێنرێتە ناو ناوانەوە كە خاوەن بیروباوەڕەكان خۆیان ناوێرن راستەوخۆ بە نەتەوەی كورد بڵێن ئێمە چین و چیمان ئەوێ، ناچارن خۆیان داپۆشن و بەو نیازەی كە سەركەوتن ئەو كاتە خۆیان بێنە وێزەی كورد و بە خورتی بیان هێننە سەر ئەو بیروباوەڕەی كە خۆیان پێوە بەستۆتەوە ئەگەر وا دانێین كە بیروباوەڕ وەكو تۆو وایە هەر جۆرە تۆیەك لە زەوی تایبەتیدا شین ئەبێ مەرمزە هەرگیز لە جێگای رەقەن و بێ ئاودا شین نابێ چوونكە برنج پێویستی زۆری بە ئاو هەیە هەروەها توتن لە زۆر شوێنا نایەتە بەرهەم چوونكە پێویستی بە ئاوی ساردی كانیاو هەیە هێندێ بیروباوەڕ كە خۆیان لە خۆیاندا كرچ و كاڵن نەتەوەی كورد تاكو ئێستا لای لێ نەكردۆتەوە، هەڵگری ئەو بیروباوەڕانە كە تاكو ئێستاش ناوێرن بە زەقی بڵێن ئێمە هەڵگری ئەم بیروباوەڕانەیەن، ناچارن پەنا ببەنە بەر خۆشاردنەوەو خۆ داپۆشین لەناو زۆریەی زۆری گەلی كورد دا وەك نەتوانراوە ناشتوانرێ لە دوا رۆژیشدا ئەو بیروباوەڕانە بە خورتی بسەر گەلی كورددا ساغ بكەنەوەو لە دڵ و دەروونی كوردەواریا جێگای بۆ بكەنەوە بیروباوەڕێك كاری كردەوەو كار ئەكاتە سەر كوردەواری كە لەناخی خۆیەوە هەڵقوولا بێ بیروباوەڕێك دەروون و مێشك روون ناك بكاتەوە گەلی كورد بە

ڕێگایەکی ڕووناکو ڕۆشەندا بەرێ تاکو ساتەم نەکاتو بگاتە قۆناغو مەنزڵ.

<u>تێبینی:</u>

لە ڕۆژی 21ی مارتی ساڵی 1947ی زایینیدا لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباد دا پێشەوا قازی محەمەدو هەڤاڵەکانی لە سێدارە دران،

ئەم باسە لێرەدا تەواو بوو.

(عوله)

ڕۆژی: 1987/1/1ی زایینی

پاشکۆ

شەوی 10ی مانگی (3)ی 1987ی زایینی برادەرێکی ئاوارەی کوردم ژمارەیەکی لە پەرتووکی کۆماری میللی کوردستان بە دەست گەیاندم ئەو پەرتووکە پڕە لە زانیاری مێژوویی بە بەڵگەوە دەربارەی ئەو سەردەمە مێژووییەی منیش پەرتووکێکم دەربارەی ئامادە کردبوو بەڵام بەوەی درەنگ گەیشتە دەستم نەتوانرا بە تەواوی کەڵکی لێ وەربگیرێ لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی وەفاو پێزانینەوە ئەبێ بڵێم کە ئەو تێبینیەی لە کۆتایی نووسینەکەمدا قوتم کردۆتەوە لەو کتێبەم وەرگرتووە کە ئەویش دەربارەی رۆژی لە سێدارە دانی پێشەوا قازی و براو برازاکەیەتی کە لە رۆژی 10ی مانگی مارتی ساڵی 1947ی زایینیدا رژێمی داگیرکەری شاهنشاهی لە ئێران دا ئەنجامیان دا لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهابادا، لەبەر ئەوەی ئەو رۆژەم لە یادا نەما بوو، هیچ جۆرە چاپەمەنیەکی ئەوتۆم لەبەر دەستدا نەبوو، بازەدا بەسەریدا ئەوەندە هەیە بە ناچاری پەنام بردۆتە بەر ئەوەی بیبەستمەوە بەو رۆژانەوە کە هێشتا کێشەو بەیەکدادانی بارزانی یەکان تەواو نەبوو بوو، لە ناوچەکانی

دەوروبەری شاری شنۆ. لەو رۆژەدا بوو کە فڕۆکەکانی ئێرانی بەسەر ناوچەکانی کە هێشتا بە دەست بارزانییەکانەوە بوو پەیتا پەیتا ئەهاتن و ئەگەڕان لە بریتی بۆمباو دەستڕێژ کردن بەیاننامەی لە سێدارەدانی ئەو سێ رۆڵەیەی نەتەوەی کوردی بڵاو ئەکردەوە، ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە بۆ یەکەم جارە دەقی ئەو پەیمانە دوو قۆڵییەی لە نێوان قەوام ئەلسەڵتەنەو بالیۆزی سۆڤیەتی بەستراوە دەربارەی دانی ئیمتیازی نەوتی ئۆدووی بە شورەوی کە بێگومان من لە لاپەڕەکانی سەرەتای ئەم پەرتووکەمدا ئیشارەتم بەو پەیمانە کردبوو، گەلێک شتم دەربارەی بە بیستن بیستبوو کەمێکیشم بە نووسین دیبوو بەڵام هەرگیز نە بە کوردی و نە بە فارسی دەقی ئەو پەیمانەم نەدیبوو بۆیە بەلامەوە زۆر گرنگ بوو کە هیچ نەبێ بیکەم بە پاشکۆیەک بۆ نووسینەکەم تاکو هاوزمانانی کورد لە دەربەدەران و ئاوارەکان کەڵکی لێ وەربگرن ئیتر دەقی ئەو رێککەوتننامەیە وەک چۆن لەو پەرتووکەدا هاتووە بە نووسین لەم پەرتووکەدا ئەنووسمەوە ئەمەش دەقی تەواوی ئەو پەیماننامەیە:

دەقی پەیمانی نەوت لە نێوان ئێران و روسیا لە ساڵی 1946

هەردوو دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت و ئێران رێکەوتن بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی روسی و ئێرانی لە ئێراندا دەوڵەتی یەکێتی گەل سۆڤیەت لە لایەک و دەوڵەتی خاوەنشکۆ شاهنشاهی ئێران لە لای دووەم هەردوولا بە دۆستانە لەسەر ئەوە پێک هاتن کە هاوکاری ئابووری هەبێت لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا هەر یەکێکیان یارمەتی ئەویتریان بدات هەردوو دەوڵەتەکە بە پێی ئەو دوو نامەیەی لە بەینی سەرەک وەزیرانی ئێران و سەفیری روسیا لە تاران ئالوگۆڕ کران لە تاران لە 4ی نیسان ساڵی 1946دا دامەزراندبوون بەو پێیەی سەرەوە ئەم مسودەی رێکەوتنەی خوارەوە دانرا بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوتی ئێرانی روسی لەبەر ئەوە هەر دەوڵەتێک نوێنەری خۆی دەست نیشان کرد بۆ دانانی ئەم مادانەی خوارەوە:

لەبری حکومەتی ڕووسیا	لەبری دەوڵەتی ئێران
ساوچیکۆف	قەوام ئەلسەڵتەنە
سەفیری یەکێتی سۆڤیەت لە تاران	سەرەک وەزیرانی ئێران

<u>ماددەی یەکەم:</u>

هەردوولا لە تاران پێک هاتن بۆ دروست کردنی کۆمپانیایەکی هابەشی نەوت بەناوی کۆمپانیای نەوتی ڕووسی و ئێرانی کە دەوڵەتی ئێران مافی گەڕان ئەدات پێی بۆ دۆزینەوەی نەوت و دەرهێنانی وە دەستگیر بوونی نەوت و ئەو شتانەی تر کە لێی دەرئەهێنرێ لەو زەویانەی بەشی یەکەمی مادەی دووەمی ئەم پەیمانە دیاری ئەکات هەروەها مافی فرۆشتن و گواستنەوەی نەوت و هەموو ئەو مادانەی لێی دەرئەهێنرێت لە ئێران و دەرەوەی ئێران ئەدات بە ڕووسیا دامەزرێنەری کۆمپانیاکان ئەمانەن:

<u>لایەنی یەکەم:</u>

وەزارەتی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت کە ئیشی دەرهێنانی نەوت و پەترۆڵە بەناوی نەوتی ستالینەوە وە کۆمپانیای گشتی یەکێتی سۆڤیەت کە ناوی کۆمپانیای نارنە دەرەوەی نەوتی سۆڤیەتە.

لای دووەم:

سالێک بوو کەوە..

دەوڵەتی ئێران

بە پێی ئەم پەیمانە لە ماوەی سێ مانگدا کۆمپانیاکە دادەمەزرێت لە دوای ئەوەی هەردوو دەوڵەت ئیمزای دەکەن دەکەوێتە کار،

مادەی دووەم:

سنووری ئیمتیازی کۆمپانیا سنووری ئەو نەخشەیەیە کە لەگەڵ ئەم پەیمانە دایەو بەشێکی جیانەبووەوەیە لە پەیمانەکە ئەبێت دەوڵەتی ئێران پەیمان بدات کە زەویەکانی رۆژئاوای ئازربایجان کە لە خەتی لەیەکدانی سنووری رووسیای سۆڤیەت و تورکیاو ئێرانەو درێژ ئەبێتەوە بۆ خواروو بە قەراغی گۆمی رەزائیە (ورمێ) تا زەوی ناوچەی نێوان هەردوو ئاو (میاندواو)وەکو لە نەخشەی ناوبراودا وێنەی کێشراوە، لەو شوێنە دیاری کراوەدا هیچ ئیمتیازێك نەدرێت بە هیچ کۆمپانیایەکی بێگانە یا ئێرانی و بێگانە یا کۆمپانیایەکی هاوبەشی ئێرانی و بێگانە، هەروەها کەڵکیش لە سەرمایەی بێگانە وەرنەگیرێت.

وە لە ماوەی دەساڵی یەکەمی جێبەجێ کردنی ئەم پەیمانەدا کۆمپانیا لە زەوی بەشی یەکەمدا بە شوێن نەوتدا ئەگەڕێت و ئەو زەویانەی بۆ ئیش و کاری نەوت دەرهێنان و پاککردنەوەی پێویست بێت هەڵ ئەبژێرێت هەروەها هەر پارچە زەویەك کۆمپانیا پێویستی بێت بۆ دامەزراندنی دەستگاکان و ئیش و کاری هەڵی ئەبژێرێت و ئەگەر هاتوو ئەو زەویە

هەڵ+بژێرسراوانە مولکی دەولەت نەبوون ئەوا کۆمپانیا نرخەکانی ئەدات بە خاوەنەکەی بە پێی ئەو نرخەی دەولەت دیاری کردوە ئیتر بە دلنی ئەو نرخانە زەویەکان ئەبنە مولکی کۆمپانیا.

مادەی سێیەم:

1)سەرمایەی کۆمپانیا بە پێی رێکەوتنی هەردوولای هاوپەیمان ئەبێت لە 25 ساڵی یەکەمدا بەشی ئێران لە 49٪ی سەهمەکان ئەبێت و لە 51٪ی هی روسیا ئەبێت، و لە (25) ساڵی دووەمدا وەکو یەك هەریەکە لە 50٪ی سەهمی ئەبێت.

2)سەرمایەی دانراوی هاوبەشان (ودائع المساهمین) لە کۆمپانیاکەدا بەم جۆرە ئەبێت:

هی ئێران : ئەو زەویانەی ئەبێت کە لە مادەی دووەمدا دەست نیشان کراوە پاش تەواو بوونی ئیش‌وکاری تەکنیکی و هەلکەندنی بیری نەوت و بە دەست هێنانی نەوتی بەکەڵك .

هی رووسیا: هەموو سەرف و مەعاشی فەرمانبەران و کرێکاران ئەبێت لەگەڵ هەر شتێکی کە دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت و بەرهەمەکانی نەوت پێویستی بێت وە هەر پێویستیەکی تریشی.

مادەی چوارەم:

پوختەی قازانج بە پێی سەهمی هەر لایەك دابەش ئەکرێت.

مـاددەی پێنجـەم:

دەوڵـەتی ئـێران لێپرسـراوە لـە پارێزگـاری کـردنو تـەئمین کردنــی کۆمپانیــا و بیرەکـانو هــەموو دامـەزراوەکانی کۆمپانیــا بــە هۆی هێزی پۆلیسـی نـاوخۆو هـی تـرەوە.

مـاددەی شەشــەم:

کۆمپانیــا بـۆی هەیــە هــەموو پێویسـتی ئــەو ئــامرازو کەرەســەی خــاوو هــەر شــتێکی تــرو هــەموو مــەوادو ئــامرازو دەرمــانو پێویســتی پاراســتنی تەندروســتی گشــتی لــە دەرەوە بـهێنێت، بـەبێ دانو بـاجو بـاجی گومـرگ و رەسمــی شـت هێنـان، هـەروەها بـۆ کۆمپانیـا هەیـە نـەوتو بەرهـەمی دەسـتگاکانی نـەوت بنێرێتــە دەرەوە بــێ ئـەوەی رەسمـی گومــرگ و زەریبــە بــدات، و رووســیا و ویلایەتــەکانی یــەکێتی ســۆڤیەت ئــەبێت لــە پێــش هـەموو کرێکارێکی تـردا بن، لـە جیـهاندا.

مـاددەی حەوتــەم:

دەوڵـەتی ئـێران کۆمپانیـا عــەفو دەکــات لــە هــەموو بــاجو رەسمو زەریبـەی دەخـڵو هـەموو بـاجێکی مـاڵی تـر.

مـاددەی نۆیـەم:

پـاش تـەواو بوونـی مـاوەی ئـەو پەیمانـە ئـێران بـۆی هەیـە هــەموو ســەهمەکانی رووســیا بکرێتــەوە ئەگــەر ویستیشــی نــەتوانی مــاوەی پەیمانەکــە درێــژ بکاتــەوە بــە رەزامــەندی هـەردوولا.

ماددەی دەیەم: هەر بە ئیمزا کردن و سەلماندنی ئیمزا لە لایەن ئەنجوومەنەوە پەیمانەکە جیبەجێ ئەکریت.
ئەم پەیمانە لە تاران بە دوو نووسخە نووسراوە یەکەمیان بە زمانی رووسی و دووەمیان بە زمانی ئیرانی، هەردوو نوسخەکە وەکو یەکە لە رووی باوەر پیکردنەوە.

((دەقی ئەو پەیمانە لیرەدا تەواو بوو))

تیبینی:

لەوانەیە خوینەری بەریز وەکو من لە خویندنەوەی دەقی ئەم پەیمانەدا سەرنجی ئەوە بدات و بلیت کە ئەمە (دەقی تەواوی ئەو پەیمانە بێ) ئەی بۆچی لە ماددەی حەوتەمەوە باز دراوە بۆ ماددەی نۆیەم، ئەی ماددەی هەشتەم بۆ کوێ چووە؟!

پێشەوا قازی موحەمەد سەرۆکی کۆماری میللی کوردستان

کابینەی کۆماری میللی کوردستان لە مەهاباد

نەخشەیەك ئەو شەڕانەی كە لە ناوچەی (نەغەدە-تەرگەوەڕ-مەرگەوەڕ) لە پارێزگای ورمێ روون ئەكاتەوە.

ناوەرۆك